

# شەرەفکەندی

# سیمای

# شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی


کۆکردنەوە و وەرگێرانی:

سمایل شەرەفی

شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی

## پێناس

- ناوی کتێب: شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی
- وەرگێڕ و ئامادەکردنی: سمایل شەرەڤ
- مونتاژ: سەید ئەمیر حوسێنی
- پیتچنین: مەنسوور ئەلیاسی
- دیزاینی بەرگ: ئەیوب شەهابی راد

## پێرست


پێشەکی.................................................................... ٥
هێشتا لە بیرلین قازی هەن......................................... ٩
دوایین وتووێژ،لە دوایین سەفەری بێ گەڕانەوەدا..................... ٦٤
کاك سەعید سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی و چەپێکی دێموکرات............ ٩٣
پەیامی دوکتوور شەرەفکەندی بۆ خەڵکی کوردستان.......................... ١٠٣
ژیاننامەی کاك سەعید ............................................... ١١٠

# پێشکەش

## بە شۆڕشگێڕانی

## ڕێگای کوردایەتی

# پێشەکی

١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ بەرامبەر بە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ ئەو رۆژە شوومە بوو کە دەستی غەدر و خەیانەت لە قۆڵی بە کرێگیراوانی کۆنەپەرستی هاتەدەر و بە فەرمانی پایەبەرزترین دەسەڵاتدارانی رێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی دوکتور سادق شەرفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، کاك فەتاح عەبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاك هومایون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و کاك نوری دهکردی تێکۆشەری بەوەجی ئوپۆزیسێونی ئێرانی و دۆستی بە وەفای حیزبی دێموکرانی کوردستان تێرور کرد. کۆماری ئێسلامیی ئێران بەو کارە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئوگرانی ئازادی و دێموکراسیی لە سەرانسەری ئێران دا داغدار کرد و لاپەڕەیەکی پڕشوورەیی دیکەی خستە سەر کارنامەی پڕ لە غەدر و جینایەتی خۆی و هەموو دەسەڵاتە دژی گەلی‌یەکان لە ئێران و جیهان دا.

ساڵی 1364 بەشی فارسیی رادیۆ" فەردا" بە بۆنەی سێزدەهەمین ساڵوەگەڕی کارەساتی میکۆنووسەوە بە یارمەتیی چەند کەسایەتی‌یەکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و چەند رۆژنامەنووسێکی چالاك ریزە بەرنامەیەکی لە سێزدە ئەڵقەدا بڵاو کردەوە کە زۆر لایەنی شاراوەی جینایەتی ١٧ی سیپتامبر و رەوتی دادگای میکۆنووسی تێدا خرابوونە روو. هەر ئەو کاتە لاوی وشیار و پڕ کاری کورد و تێکۆشەری دێموکرات کاك سمایل شەرەفی ئەو ریزە بەرنامەیەی هێنایە سەر

کاغەز و کردیە کوردی کە بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی لە رادیۆ دەنگی کوردستان``ە وە بڵاوکرایەوە.

ئەمساڵیش لە چاو ساڵانی رابردوو کارەساتی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر یاد کرایەوە و لە کوردستان و وڵاتانی دەرەوە رێ ورەسمی جۆراوجۆر بەو بۆنەیەوە وەڕێ خران و زۆر وتووێژی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی و چاپەمەنی و ئینتەرنێتی لەگەڵ کەسایەتی یە سیاسی‌یەکان رێك خران و بڵاوکرانەوە. یەکێك لە بەهێزترین و بە پێزترین ئەو باسانە کە بەو بۆنەیەوە پێشکێش کران سیمینارێك بوو کە هاورێی وشیار و خوێندەوار کاك سمایلی بازیار یار و هاوبیر و هاوسەنگەر و قوتابیی شەهید دوکتور شەرەفکەندی لەسەر روانگە و بۆچوونەکانی دوکتور "سەعید"ی نەمر گێڕای کە بە راستی ورد و لێزانانە روانگەکانی ئەو رێبەرە شەهیدەی لە بارەی هێندێك لە گرینگترین مەسەلە سیاسی و فکری‌یەکانەوە تێدا خستۆتە روو.

کاك سمایل شەرەفی لە هەوڵێکی دڵسۆزانەی تازەدا هەر دووکی ئەو بابەتانەو وتووێژێکی کاك سەعیدی لە گەڵ "عەلی کێشتگەر" کۆ کردۆتەوە و لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا خستوونیەتە بەر چاوی هاوسەنگەر و قوتابی‌یەکانی دوکتۆر سەعید و رێبوارانی رێی ئازادی. جێی خۆیەتی پێ لەو راستی‌یە بنیێن کە هەر سێ رێبەری شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشەوا قازی محەمەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی ئەگەر مەزڵوومانە بە دەستی دوژمنانی ئازادی شەهید کراون، لە لایەن ئێمە قوتابی‌یەکانیشیانەوە زۆڵمیان لێ کراوە، زۆر کەمتر لە رادەی پێویستیان لە سەر نووسراوە و بەم جۆرە بەرەی نوێی خەباتگێرانی رێگای ئازادی و وەدستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە بەشێکی زۆری بەرهەمە فکری‌یەکان و ئەزموونە سیاسی یەکانیان بێ بەش کراوە. ژیانی سیاسیی دوکتور شەرەفکەندی هەڵ دەگرێ زۆر شتی لەسەر بنووسرێ و زۆر لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستیی لەسەر بکرێن. ئەویش وەکوو

**ماموٚستاکەی، دوکتور قاسملوو خاوەنی بەرزترین بڕوانامەی زانستی بوو، ئەو کاتەی کاك سادق دوکتوڕای لە رشتەی شیمیی تجزیەدا وەرگرت لە هەموو ئێران دا بە ئەندازەی قامکی دەستێك خاوەنی ئەو بڕوانامەیە نەبوون. ئەو بەو پلە بەرزە زانستی‌یە و بە هۆشە کەم وێنەیە کە دۆستانی نیزیکی تێیان دا شك دەبرد و بەوهەموو کارزانی و مودیرییەتەوە کە هەیبوو هاتە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات و پاش چەند ساڵێکی کەم لە بەرزترین ئۆرگانی رێبەرایەتی دا (کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی) جێگای خۆی گرتەوە و گرینگترین ئەرکە تەشکیلاتی و تەبلیغاتی یەکانی وەئەستۆ گرت. لە هەموو ئەرکەکانی دا بە لێبڕاوی شێلگیری و بە بەرنامەوە کاری دەکرد و هەر بۆیەش لە پلە یەکی بەرزی سەرکەوتن و پێشکەوتن دا خۆی دیتەوە. ئەو کاتەش کە لە پڕ و لە ناکاو بەرپرسایەتی قورسی سکرتێری حیزبی کەوتە ئەستۆ بە ئیرادەیەکی پتەوەوە شانی دایە بەر و بە کاری بەردەوامی فکری و جەستەیی و بە بەکار هێنانی ئەقڵی بە کۆمەڵ توانی زۆر زوو جێگای خۆی بکاتەوە و لێوەشاوەیی خۆی دەربخا.**

**ئاواتە خوازم بەرەی لاوی ئاگا و وشیاری ئەم سەردەمە و بەتایبەتی خوێندکارانی زانستگە قوڵی هیممەتی لێ هەڵماڵن و ئەو بەتاڵایی‌یەکە لە مێژووی ژیان و خەباتی دوکتور شەرەفکەندی و لەویش زیاتر دوو کەسایەتیی هەرە لێوەشاوەی سیاسیی کوردستان و ئێران و رۆژهەڵاتی نێوەراست پێشەوا قازی محەمەد و دوکتور قاسملوو دا هەیە پڕ بکەنەوە. هەتا دەگەین بەو رۆژە هەوڵی کاك سمایلی شەڕەفی بۆ ناساندنی گوشەیەك لە ژیانی سیاسیی کاك سەعید و رووداوی شەهید بوونی و دادگایی کردنی قاتڵەکانی بە کارێکی پیرۆز دەزانم و دەستخۆشی لێ دەکەم. هەر لێرەش دا رێز لە کاری بە نرخی بەرێوبەرانی بەشی فارسیی رادیۆی فەردا و هەموو ئەو شەخسییەتە تێکۆشەرانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەگرم کە لە روونکردنەوەی زۆر لایەنی**

تێــرۆری ناجوامێرانــەی دوکتــۆر ســەعید و هاورێیــانی دا یارمــەتیی دادگــای میکۆنووسیان دا و تا ئێستاش بە دوای روونترکردنەوەی لایەنـەکانی تـیرۆری ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا عەودالن. تەمەنی درێـژ و سـەرکەوتنی زیـاتریش بـۆ هـەر دوو کاك سمایل بازیار و شەرەفی و بە ئاواتی کاری زیاتر و بەرهەمی بە پێزتر.

**عەبدوڵا حەسەن زادە**

**رەزبەری ١٣٨٥**

شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی

# هێشتا لە بێرلین قازی هەن

**بەرنامەیەکی ١٣ ئەڵقەیی ڕادیۆ "فەردا"**

**بە بۆنەی سێزدەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری میکۆنووس**

شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی

## بەشی یەکەم:

### *حوکمی دادگای بەرزی بێرلین دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران*

**حوکمی دادگای بەرزی بێرلین دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانلە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی یەوە تا ئێستا بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی یەوە بڵاو کراوەتەوە، زیاتر لە ٢٦٠ کەس لە هاونیشتمانانی ئێرانیو تێکۆشەرانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات تێرۆر کراونو کوژراون. لەگەڵ ئەوەی لە تەواوی ئەم تێرۆرانەدا نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە وەك تاوانباری پلە یەك ناسراوە، بەڵام تەنیا پەروەندەی یەك لەوان، واتە تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب، فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە ئورووپا، هومایوون ئەردەلانو نوری دێهکوردی هاوکارو دیلمانجی دوکتور شەرەفکەندی) لە ئەڵمانو لە ریستورارنی میکونوس، لە بێرلین مەحکوومییەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە.**

**سەرەڕای تەواوی هەوڵو تێکۆشانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لقی یەکی دادگای بەرزی بێرلین دوای دادگاییەك کە نزیك بە ٥ ساڵی خایاندو بە وتەی رۆژنامەکانی ئەڵمان یەکێك لە پڕ خەرجترین دادرەسی یەکانی مێژووی ئەم وڵاتە بووە، دوای گوێدان بە شایەتی دانی ١٨٠ شایەتو تاوتوێ کردنی هەزاران لاپەڕە بەڵگە، رۆژی پێنجشەممە (١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧) حوکمێکی ٤٠٠ لاپەڕەیی دەرکرد کە تێیدا کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك گەڵاڵە داڕێژەرو بەڕێوەبەری تیرۆرەکە مەحکووم کرا. ئەمە لە مێژوودا بۆ یەکەمین جارە کە ژمارەیەك لە رێبەرانی وڵاتێك کە هێشتا لەسەر کورسیی دەسەڵات پاڵیان داوەتەوە، بە تیرۆرو**

کوشتن تاوانبار دەکرێن. دادگا بۆ یەك لەوان ئایەتوڵڵا عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتو ئاسایشی کۆماری ئیسلامی حوکمی گرتنو قۆڵبەس کردنی دەرکردو هێندێکی دیکەی وەك ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی، ڕێبەری نیزامی بە مەبەستی وڵامدانەوە بە هێندێك پرسیار بانگهێشتی دادگا کرد.

لە بەشێك لەم حوکمە مێژوویی یەدا هاتوە: دوای تاوتوێ کردنی هەموو بەڵگەو نیشانەکان بەم ئاکامە گەیشتین کە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، نە کردەوەیەکی بێ بەرنامەونە بە هۆی ناکۆکی‌یەکانی نێوخۆی ئوپۆزیسیون بووە، بەڵکوو ڕاست بە سەرنج دان بە بەڵگەکان، ڕێبەریی سیاسیی ئێران لە تەواویەتی سیستمی دەسەڵاتدارێتی دا لە پشت ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە بووەو ڕاوەستاوە.

***قازی‌یەکانی دادگا لە بەشێکی دیکەی حوکمەکەدا هێناویانە:***

تاوانباران نە قوربانیانی خۆیانیان ناسیووەو نە پێوەندی یەکی شەخسیشیان لەگەڵ ئەواندا هەبووە، بەڵکوو ئەم کوشتارە بە هۆی بەستراوەیی تاوانباران بە نیزامی سیاسیی ئێرانو مەئموور کردنیان لە لایەن دەزگاکانی ئیتلاعاتیو ئەمنییەتی یەوە بەڕێوەچووە. کازم دارابی، یوسف ئەمین، عەباس ڕاحلو ئەوانی تر وەك مۆرەی حیزبوڵڵا و بەستراوەییان بە نیزامی سیاسیی ئێرانو بە دەستورو فەرمانی پایە بەرزترین کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم کارەیان بەڕێوە بردوە. کە وابوو ئەم تیرۆرە تیرۆرێکی سیاسی یەو چونکی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پشت ئەم تیرۆرەوە بووە، ئەم تیرۆرە تیرۆریزمی دەوڵەتی یە.

بەم شێوەیە دادگای بێرلین، ناسراو بە دادگای میکونووس، دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەك نیزامێکی جینایەتکار ناودێر کرد کە لە تیرۆریزمی دەوڵەتی بە مەبەستی بردنە پێشی ئامانجەکانی خۆی کەڵك وەردەگرێ.بە بۆنەی بەشداری کردن لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیوناڵ سوسیالیست لە ١٤ تا ١٨ی سێپتامبری

١٩٩٢، رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بێرلین بوون. ئەوان دوانیوەرۆی رۆژی پێنجشەممە لە ریستورانی میکۆنووس کە خاوەنەکەی کابرایەکی ئێرانی بوو بە ناوی عەزیز غەفاری ، بە مەبەستی چاوپێکەوتن‌و دانیشتن لەگەڵ تێکۆشەرانی سیاسیی ئێران کۆبوونەوەو لە کاتی خواردنی شێودا هێرشیان کرایە سەرو لە ٩ کەسی ئامادە لەسەر سفرەی شام، ٤ کەسیان کوژران. خاوەنی ریستورانەکە بریندار بووو٤ کەسەکەی دیکەش بە سلامەت رزگاریان بوو (پەرویز دەستماڵچی، مێهدی ئیبراهیم زادە، مەسعوود میرراشد، ئەسفەندیار سادق زادە)مێهدی ئیبراهیم زادە سەبارەت بە شێوەی هەڵکەوتنی رێستورانەکە دەڵێ: رێستورانی میکۆنووس لە شەقامی (پراگ)ی شاری بێرلین هەڵکەوتوە کە شەقامێکی بۆنبەستە، بەو مانایە کە ماشین ناتوانێ پێی دا تێ‌پەرێت بەلام نەفەر دەتوانێ بە پیادە هاتوچۆی پێدا بکات. پەرویزی دەستماڵچی دوای ٢جار قسە کردن لەگەڵ نوری دێهکوردی بە تەلەفوون، دەروات بۆ ریستوران. ناوبراو لەم بارەوە دەڵێ: کاتێك کە من گەیشتم، نوری دێهکوردی‌و دوکتور شەرەفکەندی‌و هومایوون ئەردەلان‌و فەتاح عەبدولی لەوێ بوون. عەزیز غەفارییش خەریکی چێشت لێنان بوو.

دوای ماوەیەك موجتەبا ئیبراهیم زادەش هات. ئەویان لە گۆڕینی کاتەکە ئاگادار کردبوو. دوو کەسی دیکەشی لێبوو (بە هەڵکەوت لەوێ بوون)و لەسەر داوای نوری دێهکوردی لەسەر مێزەکە دانیشتبوون.

*مێهدی ئیبراهیم زادە سەبارەت بە ناوەرۆکی باسەکانی نێوان رێبەرانی کوردو تێکۆشەرانی سیاسیی ئێران لە رێستورانی میکۆنووس دەڵێ:*

ناوەرۆکی وتوێژەکان لەسەر داخوازی یە نەتەوەیەیەکان‌و دێموکراسی لە ئێران و چۆنیەتی شێوەی سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێران‌و ئەوەیکە ئۆپۆزیسیۆن دەبێ چ یەکیەتی‌و هاوکاری‌یەکیان پێکەوە هەبێ‌و چ شتگەلێکیان

لەنەزردابێ کە بتوانن ڕۆژێك یارمەتی بە سەقامگیری دێموکراسی لە ئێران بکەن.

*پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

*لەو شەوەدا باس لە تیرۆرەکانی ڕێژیم کرا لە دەرەوەی وڵات، باس لە مەرگ و ژیان کرا. دوکتور شەرەفکەندی بە منی گوت: من لە کوردستان بووم، لە شاخ و کێوەکان کە لەگەڵ چەند پێشمەرگە دانیشتبووین و باسمان لە مەرگ و ژیان دەکرد، یەکێك لە پێشمەرگەکان هەستاو بەسەر بنەگیایەك دا بازێکی داو گوتی: کاك سەعید نێوان مەرگ و ژیان هەر ئەوەندەیە. بە داخەوە ئەو شەوەش ئەو کارەساتە ڕووی دا.*

## بەشی دووهەم:

## *لە ریستورانی میکۆنووس چ قەوما؟!*

کاتژمێر ۵و۱۷ دەقیقەی شەو بوو، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ تێکۆشەرانی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ریستورانی میکۆنووس خەریکی وتوویژ کردن بوون، تێرۆریستەکان وەژوور کەوتن.

*پەرویز دەستماڵچی لەم پێوەندی یەدا دەڵێ:*

*خەریك بوو لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی قسەم دەکردو ڕووم لە دوکتور شەرەفکەندی بوو، ئاغای میرراشد هاتە نێو قسەکەمان، من ویستم ئاوڕ بدەمەوەو چاو لە میرراشد بکەم تا بزانم چی دەڵێ: دیتم دوو لاقی بەهێز هاتنە لای من و لە نێوان من و ئاغای میرراشد دا ڕاوەستان. ویستم چاو لە سەروچاوی بکەم و بزانم کێیە، تیربارێك هاتە نزیك دەم و چاوم و لە مەودای چەند سانتیمتری چاوی منڕا بەرەورووی*

*دوکتور شەرەفکەندی دەستی کرد بە تەقە کردن‌و من سێ‌دانە قاپۆرە (پووکە) فیشەکم دیت. ئەو کاتەی کە تیربارەکە رووبەروی دوکتور شەرەفکەندی بۆوە ئێستاش لە زەینم دایەو ئەوەیکە موجتەبا ئیبراهیم زادە هاواری کرد "کوڕەکان! تیرۆرە" و هەر دوو دەستی هێنا کە نووری دێهکۆردی‌و ئەوی تر بکێشێتە ژێر مێزەکەو دەنگی ئاغای میرراشد ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە روو بە نوری هاواری کرد: نوری، دوکتور! بۆچی واتان لێ هاتوە؟!*

مەسعوود میرراشد کە رووی لە دوکتور شەرەفکەندی بوو، بکوژەکەی نەدیبوو، بەڵام دوکتور شەرەفکەندی بکوژەکەی دیبوو. نەفەرێك بە دەموچاوی داپۆشراوەوە کە تیربارێکی بەدەستەوە بووە. دوکتور شەرەفکەندی کە ئەم نەفەرەی بەم شێوەیە دیتبوو، رەنگی پەڕیبوو. میرراشد پێی وابوو دوکتور شەرەفکەندی سەکتە لێی داوە، لە کاتێك دا بە وتەی پەرویز دەستماڵچی، کاتێك دوکتور شەرەفکەندی ،بکوژەکە دەبینێ، مەرگیش بە چاوی خۆی دەبینێ.

مێهدی ئیبراهیم زادە لەم پێوەندی‌یەدا دەڵێ:

" کە چاوم بە مەسعوود کەوت لە راستی دا هەستم کرد کە تووشی سەرسوڕمان بووە، چون لە راستی دا ئەو هەرای لە دوکتور شەرەفکەندی کردو رووی کردە موجتەباو لێی پرسی: دوکتور بۆ وای لێ هاتوە؟"

ئەم پرسیارە ئەوە دەگەیەنێ کە ناوبراو شتێکی لە دەموچاوی دوکتوردا دیوە. هەر لەو کاتەدا کە ئەم پرسیارە لە لایەن مەسعوودەوە کرا، دەنگێك لە پشتی مەسعوودەوە بیسترا، جنێو بوو کە بە شێوەیەك ئێمەی دەگرتەوە، جنێوەکە "مادر قحبەها" بوو...

*پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

من کەوتمە حاڵەتێکی سەیرەوە. واتە رووبەرووی من خەریك بوو قەتڵێك بەڕێوە دەچوو، تیرۆر دەکرا. بی ئەوەی کە بە خۆم بزانم لەسەر کورسی یەکەم،

بە پشت دا کەوتم. هەر کە من کەوتم، دوای یەك دوو، سێ چرکە فەتاحی عەبدولیش کەوتە لای من، سی سانتیمترێك لە من دوور بوو، ئەویش مەترسی یەکی هەست پێکردبوو، بەڵام لەوانەیە لە من درەنگتری هەست پێکردبێ. چونکی کاتێك کە کەوتە لای من دیتم زاری پڕ ببو لە خوێن‌و فیشەکەکە لە دڵی دابوو، من چیدیکە تەکانم نەخوارد. دوو جار دەسترێژکرا. دوای دوو جار دەسترێژکردن بە تیربار بۆ ماوەیەك بێدەنگی دەوروبەری داگرت، من هەر لەوێ کەوتبوومە ژێر مێزەکەوە، چاوەکانم کردەوە،کە لە ژێر مێزەکەوە دەمڕوانیە ئەو شوێنەی کە تیربار بەدەستەکەی لێ راوەستابوو، واتە ئەو شوێنەی کە پێشتر من لێی دانیشتبووم، لەم کاتەدا من دەستێکم دیت بە کۆڵتەوە تیری خەلاسی بە دوکتور شەرەفکەندی یەوە نا.

*مێهدی ئیبراهیم زادە دەڵێ:*

خۆشم نازانم چۆن بوو خۆم خستە ژێر مێزەکە. نوری لە لای منەوە دانیشتبوو، ویستم لەگەڵ خۆم بیکێشمە ژێر مێزەکە، کاتێك کە ویستم ئەو کارە بکەم‌و خەریك بووم رام دەکێشا فیشەکێکی بەرکەوت. ئەوە هەستی من بوو لەو کاتەدا. چونکی من کە ئەو حەرەکەتەم کرد چاوەکانم توند بەستبوون‌و چاوەڕوان بووم‌و دەمگوت ئێستاش نۆرەی من دەگاتێ‌و تیرێکم وێ دەکەوێ، یان دەمگوت لێم دراوەو ئەوە خەریکم بیر لە هێندێك شت دەکەمەوە. زۆر سەیر بوو: دەنگی کورسی، دەنگی توندی لاقی تیرۆریستان، دەنگی شکانی شیشەو دوایەش دەنگی دەسترێژو هاتو چۆی قاپۆڕە فیشەك کە وەك تەرزە دادەبارینە سەر زەوی. دوا دەنگە دەنگ بڕا.کاتێك کە دەنگە دەنگ بڕا ماوەیەك بوو، چەند سانیە، دەقیقەیەك یان دوو دەقیقە نازانم، ناتوانم بە وردی بیڵێم، بەڵام هەر ئەوندە دەزانم: هەرچی بوو یان هەرکەس‌و ئێستاش ئیدی هیچ نەماوە. یەکەم دژکردەوەی من ئەوە بوو کە دەستم کرد بە بانگ کردنی دۆستەکانم، وتم: پەرویز!، مەحموود!، دوکتور!، نووری!. یەکەم جار کە بانگم کردن چاوم

بەسترابوو. من وڵام دانەوەی مەحموودو پەرویزم گوێ لێ بوو کە گوتیان: ها... ها...، دوای ئەوەیکە ئەم وڵامانەم بیست چاوم کردەوە. کە چاوم کردەوە دیتم، نوری کەوتوە بەسەر مندا. هێشتا خەریکی هەناسە لێدانە، بەڵام خوێن لە سینگی دەهاتو کراسەکەی منی خوێناوی کردبوو. خوێن‌و شیشەو قاپۆڕە فیشەك تێکەڵ ببوون. چەند کورسی یەك کەوتبوون. لەو لاترەوە فەتاح عەبدولی‌و ئەردەڵان کەوتبوونە سەر زەوی، هەر دووکیان بە پشتەوە کەوتبوون‌و هەناسەیان نەدەدا. دوکتوریش هەر لەو شوێنەی کە دانیشتبوو بەرەولای نووری لار ببووەوەو سەری تۆزێك بە پشت دا کەوتبوو هەناسەی نەدەدا. عەزیزی غەفاریش (خاوەن رێستۆرانەکە) رووبەرووی شەرەفکەندی کەوتبووە سەر زەوی. ئەویش هاواری دەکردو قسەی دەکردو دەستی بە زگیەوە گرتبوو، دیار بوو کە ئەویش فیشەکی بەر کەوتوە. فیشەکێکیان لە زگ‌و لاقی غەفاری دابوو.

***پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:***

هومایوون ئەدەڵان دوو فیشەکی بەر کەوتبوو، بەڵام نەمردبووو تەنیا بێهۆش ببوو. لەو کاتەدا بە هۆش دێتەوەو سەری هەڵدێنێ. ئەو کەسەی کە تیری خەلاس بە شەرەفکەندی‌یەوە دەنێ دەبینێ کە هومایوون زیندووە دەگاتە سەری‌و فیشەکێك بە سەریەوە دەنێ. لەم کاتەدا ئەم بیرە لە کەللەی دام کە ئەمانە تیری خەلاس بە هەموومانەوە نانێن‌و هەر ئەم کارەش کرا. ئەوان دوای کوشتنی هومایوون هەڵاتن. دوای ئەوەی ئەوان هەڵاتن من دەنگی ئیبراهیم زادەم بیست کە دانە بە دانە بانگی کردین (بە نێو). دەیەویست بزانێ کێ ماوەو کی مردوە. پاشان ئێمە هەستاین‌و لە ژێر مێزەکە هاتینە دەرێ، سێ کەس کوژرابوون: دوکتور شەرەفکەندی، هومایوون‌و فەتاح عەبدولی. نوری دێهکوردی ٧ فیشەکی بەر کەوتبوو، هێشتا هەناسەی دەکێشا، دیمەنێکی دڵتەزێن بوو، زۆر دڵتەزێن. کاتێك کە هەستام ٢ کەس کەوتبوونە سەر زەوی. دوکتور شەرەفکەندی لەسەر کورسی یەکەی ٢ رەگباری لێدرابووو ٢ تیری خەلاسیش. نوری دێهکوردی

دەموچاوی پڕ بوو لە خوێن. هێشتا هەناسەی دەکێشا. لەم حاڵەتەدا کە ناوبراو خەریکی هەناسە کێشان بوو بۆ ساتێك دەستم رۆیشتو ویستم لە باوەشی کەمو پێم وابوو پێویستی بە منە، چەند سانتیمترێك دەستم مابوو بگاتە دەموچاوی، خێرا کشامەوە دواوەو ترسام نەکا دەست لە دەموچاوی بدەمو حاڵەتی بشێوێنمو ئەمە ببێت بە هۆی مردنی.

دوای هەڵاتنی بکوژان پیاوێکی ئەڵمانی کە مشتەریی هەمیشەیی رێستۆرانی میکۆنووس بوو دەسبەجێ بە تەلەفوون رووداوەکە بە پۆلیس رادەگەیەنێو پەرویز دەستماڵچی تەلەفۆن بۆ مێهران بەراتی، دۆستی نزیکی خۆی دەکاتو پێی رادەگەیەنێ کە میوانانی میکۆنووس تیرۆر کران.

## بەشی سێهەم:

### *بێ بنەمایی یەکەمین تۆمەتلێدانەکان*

تا ئەو کات (کارەساتی ریستورانی میکۆنووس) دەیان کەس لە نەیارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی وڵات کوژرابوونو بەردەوام دوای ئەم کوشتارانە دەنگۆی زۆر بە هێز لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بڵاو دەبۆوە کە کەسانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی یەکتریان کوشتوە.سەبارەت بە رووداوی ریستورانی میکۆنووسیش سەرەتا دادستانی ئەڵمانو باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لەم وڵاتە دژبەرانی کۆمای ئیسلامی یان تاوانبار کرد.

مێهدی ئیبراهیم زادە، یەکێك لە رزگاربووانی کارەساتی میکۆنووس دەڵێ: ئێمە لە بەرانبەر ئەم تۆمەتلێدانە نارەوایانەدا دەستمان دایە لە قاودانو روونکردنەوەی بیروڕای گشتیو بە تایبەت پەرویز دەستماڵچی لەم باریەوە رۆڵێکی باشی گێڕا.

***پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:***

**بەیانی رۆژی دواتر خۆم گەیاندە شوێنی رووداوەکەو لە کۆڕی سەدان هەواڵنێر، وێرای باسکردنو گێڕانەوەی رووداوەکە قامکی تاوانبارکردنم بەرەو کۆماری ئیسلامی راداشت.**

**لە رووداوی ریستورانی میکۆنووس( ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) دا سێ کەس لە رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان: (سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولیو هومایوون ئەردەلان) دەسبەجێ کوژرانو نوری دێهکوردی کە بە توندی بریندار ببوو گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەو دوای دیاری کردنی شوێن پەنجە (انگشتنگاری)و وێنە هەلگرتنەوە لە شوێنی رووداوەکەو هێندێك کاری دیکە، نزیك بە کاتژمێر یەك‌ونیوی شەو رزگار بووانی کارەساتەکەیان گواستەوە بۆ بنکەی پۆلیس تا راپۆرتی پۆلیس بە قسەکردنی ئەوان تەکمیل بکرێ. لەبەرە بەیانیی ١٨ی سێپتامبرو هاوکات لەگەڵ تەکمیل بوونی راپۆرتی سەرەتایی پۆلیسی بێرلین، هەواڵ گەیشت کە نوری دێهکوردی یش لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست داوە.**

***لەم بارەیەوە پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:***

**تەواوی ئەو دیمەنانەی دۆستایەتیی ٢٠ ساڵەو خەباتی هاوبەشمان بە پێش چاوەو لەیەك سات دا تێپەڕین. نزیك بە ٦ی بەیانی بوو، لە بنکەی پۆلیس هاوسەری نوری دێهکوردیم دیت. هەر کە منی دیت دەستی کردە ئەستۆمو دایە قولپەی گریانو پێی گوتم: ئەگەر نوری شتێکی لێ بێت من چی بکەم. پێم گوت: شتێکی وانیە مەگری. شۆهرە بەدیع، هاوسەری نوری دێهکوردی کە بە تەلەفوونی برایەکی دوکتور شەرەفکەندی لە رووداوەکە ئاگادار کرابۆوەو لە کوژرانی هاوسەرەکەی ئاگادار نەبوو، خۆی گەیاندبۆوە بنکەی پۆلیس. ناوبراو دەڵێ : کەس پێی نەدەگوتم کە لە راستی دا چ قەوماوە.**

تا ئەوکات دەیان کەس لە ئوپوزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، لە شاپوور بەختیارەوە بگرە تا فەرەیدوون فەرۆخزادو حسێن مەزلوومان لە دەرەوەی وڵات کوژرابوون. بەردەوام دوابەدوای ئەم کوشتارانە دەنگۆی زۆر بە هێز لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بڵاو دەکرایەوە کە کەسانی سەر بە ئوپوزیسیۆنی ئێرانی دەستیان لە کوشتنی یەکتری دا هەبووەو لایەنگەلێکی وەك موجاهیدنی خەلق یان کوردە شۆڕشگێڕەکانیان بە بەرێوەبەری ئەم کوشتارانە تاوانبار دەکرد. بەڵام بەردەوام توێژینەوەکانی پۆلیسی وڵاتانی جۆراوجۆر ئەم دەنگۆیانەیان ڕەت دەکردەوە. سەبارەت بە ڕووداوی ریستورانی میکۆنووسیش سەرەتا دادستانی ئەڵمان و باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای باڵوێزی ئەوکاتی خۆیەوە زۆر بێشەرمانە رای گەیاند: ئێمە لەم ڕووداوە بەداخین!!!و لایەنە رەقیبەکانی تاوانبار کرد.

***پەرویز دەستماڵچی دەڵێ :***

کاتێك لە بنکەی پۆلیس گەرامەوە بۆ ماڵ، دیتم رادیۆو تەلەویزیونەکان هەموویان باس لە ڕووداوی شەوی ڕابردوو دەکەن کە لە ریستورانی میکۆنووس تەقە کراوەو لایەنەکانی ئوپوزیسیونی کۆماری ئیسلامیی ئێران( کوردەکان و ئێرانی یەکان) یەکتریان کوشتوە. هیچ سەنەدو بەڵگەیەك بۆ ئەم مەسەلەیە لە گۆڕێدا نەبوو.

***مێهدی ئیبراهیم زادەش دەڵێ:***

ئێمە بە ڕوونی دەمان زانی و جیا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ دوژمنێکمان بۆ ئەم قوربانیانەو خۆمان نەدەدیت و تەنیا ئاماژەمان بەرەو کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئێمە خۆمان گەیاندە بیروڕای گشتی و وتووێژو چاوپێکەوتنی زۆرمان کرد، بە تایبەت پەرویز دەستماڵچی کە زمانی ئەڵمانیی باشتر دەزانی. ئێمە هەوڵمان داوە ڕەهەندەکانی جەنایەتە کە لە ڕوانگەی خۆمانەوە باس بکەین. ئەم کارەمان هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانی

هەمەلایەنەو یەکپارچەی ئوپوزیسیون کە تا ئەو کات هێندێك نەرمترو هێندێکیش توند کاریان دەکرد، بەڵام لەو کاتەدا هەموویان بە یەکپارچەیی هاتنە مەیدانو بۆ راگەیاندنی راستی یەکان. هاوکات رێکخراوی سیخوڕیی ئینگلیس زانیاری یەکی دا بە رێکخراوی ئیتلاعاتی ئەڵمان کە بکوژان ئێستا لە فلان شوێن خەریکی ژیانن. سەرەڕای ئەوە هێندێك لە کاربەدەستانی ئەمنییەتیی ئەڵمان لە هەوڵدا بوون کە خێرا کۆتایی بە مەسەلەکە بێنن‌و ناوی کۆماری ئیسلامی نەیەتە نێو ناوان، بەڵام هەوڵی ئوپوزیسیۆنی ئێرانی ئەوانی ناچار کرد کە کاری لەسەر بکەن‌و وەدوای ئەم زانیاری یانە کەون.

پەرویز دەستماڵچی دوای رووداوەکە هەوڵ‌و تێکۆشانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ روون بوونەوەی شوناسی بەڕێوەبەرانی تیرۆرەکە. نەتەنیا لەبەر ئەوە کە بە شێوەیەکی ئەخلاقی خۆی لە بەرانبەر دۆستانی تیرۆرکراویدا بە بەرپرسیار دەزانێ بەڵکوو ....

دەستماڵچی لەم بارەیەوە دەڵێ: بیرم کردەوە کە ئەگەر من ملکەچ بم‌و خۆ بە دەستەوە بدەم‌و هیچ نەڵێم، پێش ئەوەی ئەوان فیزیکی من لە نێو بەرن، من لە باری رۆحی یەوە جەستەی خۆم لەنێو بردوەو مردووم‌و ناتوانم بەو شێوەیە بژیم. لە ئاکامدا هەر ئەو شەوە بڕیارم دا بمێنمەوەو بەرەنگاری بکەم‌و هەوڵ بدەم روون بێتەوە کە ئەم تیرۆرە کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

پەرویز دەستماڵچی بەیانیی رۆژی دوهەمی رووداوەکە پێوەندی بە رۆژنامەی "بێرلینێرسایتۆنگ"و "ورێنرکریف" یەکێك لە بەرپرسانی هەمان رۆژنامەوە دەگرێت. ورێنرکریف وتووێژ لەگەڵ دەستماڵچی سازدەکات. دەستماڵچی رای خۆی لەسەر بەڕێوەبەرانی کارەساتەکە باس دەکات‌و دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی رووداوەکە.

*دەستماڵچی دەڵێ:*

کە گەڕامەوە بۆ شوێنی رووداوەکە دیتم نزیك بە ٢٠٠ تا ٣٠٠ رادیۆو تەلەویزیون‌و هەواڵنێری جیهان لەوێ کۆبوونەتەوە. پۆلیس گەڕەکەکەی

داخستوەو کەسیش نیە بلێ چی قەوماوە. رۆیشتمە پێشەوەو گوتم دوێنێ لێرە بووم، لە ریستوران‌و لە نێو رووداوەکە . کە ئەمەم گوت، هەموویان هێرشیان بۆ لای من هێنا، منیش رووداوەکەم لە یەك دوو دەقیقەیەکدا زۆر بە کورتی بۆ گێڕانەوەو گوتم: ئەم تیرۆرە بە دەستی کۆماری ئیسلامی‌و دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئێران بەرێوە چووە. لەم کاتەدا چەند کەسێك لەوێ بوون کە لانی کەم بە روانینی ئەوکاتی من جێی گومان بوون‌و پێم وابوو هەر ئێستا سەرم دەبڕن. دوای ئەم قسانەی من‌و وتووێژم لەگەڵ راگەیەنەکان، بۆچوونەکان تۆزێك گەڕابوونەوەو لەم کاتەدا دادستان هات‌و پێی گوتم: ئێمە ئەگەری ئەوە دەدەین کە کاری خودی لایەنەکانی ئۆپوزیسیون بێت، یان لەوانەیە حکوومەتێك لەپشت رووداوەکەوە بێ.

## بەشی چوارەم:

## ***روونبوونەوەی رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە رووداوی میکۆنووسدا***

رۆژێك دوای تیرۆرەکە، کۆبوونەوەیەکی خۆڕسکی ئێرانی یەکانی دانیشتووی بێرلین لە بەردەم پارێزگای بێرلین بەرێوە چوو." حەمید نەوزەری"، بەرپرسی پەنابەران لە بێرلین دەڵێ: لەم کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ نوێنەری پارێزگار چاوپێکەوتن‌و قسەمان کردو پاشان هەمووومان بەرەو ریستورانی میکۆنووس چووین‌و لەوێ رێورەسمێکمان بەرێوە برد.

پێوەندیی نێوان ئێران‌و ئەڵمان لەو کات دا لە باشترین دۆخی خۆیدا بوو، بەو پێیە کاربەدەستانی ئەمنییەتیی ئەڵمان لە هەوڵدا بوون قامکی تاوان ئاماژە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەکات.

***پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:***

**كۆماری ئیسلامی سیاسەتی ئەوە بوو كە بەردەوام زۆر هێرشبەرانە دەست تێدا بوونی خۆی رەت دەكردەوە. هەر لەم كاتەدا بڵاوبوونەوەی وتارێك لە رۆژنامەی ئەڵمانیی "فوكوس"دا پەردەی لەسەر دەست تێدابوونی كۆماری ئیسلامی هەدایەوەو شكایەتی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە رۆژنامەی "فوكوس" لەگەڵ شكست بەرەوروو بوویەوە.**

**رۆژی دوای تیرۆرەكە، دوانیوەڕۆی رۆژی هەینی "١٨ی سێپتامبری ١٩٩٢" كۆبوونەوەیەكی خۆڕسكی ئێرانییەكانی دانیشتووی بێرلین لە بەردەم پارێزگای بێرلین بەڕێوە چوو.**

***حەمید نەوزەری بەرپرسی ناوەندی پەنابەرانی بێرلین دەڵێ:***

**لەو كاتەدا پارێزگار لەوێ نەبوو، ئێمە لەگەڵ نوێنەرەكەی قسەمان كردو نیگەرانیی خۆمان دەربڕی. ئەمن لە بیرمە ئەو كات رۆژنامەی "كیهان" بە دەستمەوە بوو كە لەسەر بەرگەكەی وتوێژی فەلاحیان كە لە ٣٠ ئووت وتبووی:" ئێمە نفوزمان كردۆتە نێو حیزبی دێموكرات"، چاپ كرابوو. ئەمە بەدەستی منەوە بوو. لەو خۆپیشاندانەدا بۆ راگەیەنە گشتی یەكانم خوێندەوە. پاشان لەگەڵ حەشیمەتەكە بەرەو ریستورانی میكۆنووس چووینو بۆ یادی ئەوان بێدەنگیمان راگرت. حەوتوو نەبوو كە لە لایەن ناوەندی پەنابەرانو زۆربەی لایەنو رێكخراوە سیاسی یەكانەوە، رێوڕەسمو نارەزایەتییەك بەڕێوە نەچێتو ئەم كارانە تا ساڵی ١٩٩٧ بەشێك لە تێكۆشانی ئێمە بوون.**

**پێوەندی ئێرانو ئەڵمان تا كاتی تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە ریستورانی میكۆنووس لە باشترین دۆخی خۆیدا بوو.**

***حەمید نەوزەری لەم بارەوە دەڵێ:***

**كاتێك كە خەریكی بەرنامەی بەڕێوەبردنی تیرۆرەكە بوون، هەیئەتێكی پایەبەرز هاتبوون لەگەڵ هاوئاهەنگكەری رێكخراوە ئەمنییەتی یەكانی ئەڵمانو**

دەفتەری سەدریئەعزەمی ئەوکات وتووێژیان کردو مەرجێکی پەرەپێدانی پێوەندیی نێوان دوو وڵات لەسەر جیٚبەجیٚ نەکردنی کاری تیرۆریستی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە ئێران ئەمەی قبووڵ کردبوو، ئەمەش لە دادگا هاتبۆوە بەر باس. ئەوەیکە ئەڵمان، ئێران لەدەست خۆی بدات بۆ لابی یەکانی ئابووری ـ سیاسی ئەڵمان بە هیچ شێوەیەك کارێکی ئاسان نەبوو. هەر بەم هۆیانە تا کاتی قۆڵبەسکردنی تاوانباران هەوڵ دەدرا ناکۆکیی نێوان کوردەکان، ناکۆکی یە نێوخۆیی یەکان بە تایبەت لە لایەن ئێرانەوە زەق بکرێتەوە.

ئیستراتیژی لایەنگرانی پێوەندیی نێوان ئەڵمانو ئێران ئەوە بوو کە: لە ئێران دوو جەناح هەن، جەناحی توندڕەو بەم کارانە دەیانەویٚ زەربە لە جەناحی میانەڕەو بدەن. لەم نێوەدا تەنیا تێکۆشەرانی سیاسیو بنەماڵەی قوربانیانو رزگار بووان بوون کە پێداگرییان لەسەر دەستێدابوونی ئێران لە رووداوەکەدا دەکرد، ئەویش تەنیا لەسەر هێندێك هۆکاری لۆژیکی(مەنتقی) وەك ئەوەیکە جیا لە کۆماری ئیسلامی هیچ کەسو گرووپێك لەم کوشتارانە قازانج وەرناگریٚ، هەڵبەت لە بواری دادوەرییەوە ئەم شێوە هۆکار هێنانەوانە بایەخێکیان نیە.

دوای بەرێوە چوونی توێژینەوە سەرەتایی یەکان لە لایەن پۆلیسی بێرلینەوە بە هۆی بایەخی مەسەلەکەو ئەوەیکە کوژراوەکان میوانی بێرلینو حیزبی سوسیال دێموکراتی ئەڵمان بوونو هەروەها گومان لەوەیکە لەوانەیە دەوڵەتێك لە پشت ئەم کوشتارانەوە بێت، لێکۆڵینەوەی زیاتر خرایە ئەستۆی پۆلیسی ئەڵمانو کۆمیسیونێك بە ناوی "میکۆنووس" بە ٨٩ ئەندامەوە کرایە بەرپرسی راپۆرتی ئەم رووداوە. لە حاڵێکدا هێشتا کۆماری ئیسلامی بە سوێندخواردن دەستێدا بوونی خۆی رەت دەکردەوە.

*پەرویز دەستماڵچی دەڵیٚ:*

کۆماری ئیسلامی سیاسەتی ئەوە بوو کە بەردەوام بە تەواوەتی دەستێدا بوونی خۆی رەت دەکردەوەو هێرشبەرانە کاری دەکرد . من لە بیرمە حسێن موسەویان، باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە "بۆن" وتووێژێکی لەگەل گۆڤاری "ئیشپیگل" کردبوو. ناوبراو سوێندی خواردبوو کە ئێمە هیچ پێوەندی یەکمان بەم روداوەوە نیە، ئەمە شەڕی خودی کوردەکان و ئوپوزیسیۆنەو یەکتری دەکوژن.

پاشان لە دادگای میکۆنووس روون بۆوەو سەلمێندرا کە ئاغای موسەویان نە تەنیا لە تیرۆری میکۆنووس بەڵکوو لە تیرۆرەکانی ئورووپادا رۆڵێکی بنەڕەتیی گێڕاوە. ئاغای موسەویان ئامادە نەبوو لەم پێوەندی یەدا لەگەڵ رادیۆ "فەردا" قسە بکات. لەم کاتەدا بڵاو بوونەوەی وتارێك لە رۆژنامەی "فوکوس" پەردەی لەسەر دەستێدا بوونی کۆماری ئیسلامی لە رووداوەکە هەڵدایەوە کە قۆناغێکی نوێی لە لێکۆڵینەوەکان بەدواوە بوو.

"هوفرشولتر" نووسەری ئەم وتارەی فوکوس لە یەکێك لە هاوڕێیانی خۆی کە ئەندامی کۆمیسیۆنی ٨٩ نەفەرەی میکۆنووس بووە، دەبیستێ کە لێکۆڵینەوەکان وا

نیشان دەدەن کە کۆماری ئیسلامی گەڵاڵە دارێژەرو بەڕێوەبەری کوشتارەکان بووەو بەوانیان گوتووە: کەسانێك کە راستەوخۆ دەستیان لە کوشتارەکان دا بووە قۆڵبەس بکەن‌و سزایان بدەن. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندی یەکانی پشت پەردەو دەستێدابوونی ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێ هیچ باسێك بکرێ‌و ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوانە لە راپۆرتێکی سێ لاپەڕەییدا دراوە بە ئۆرگانە پێوەندیدارەکان لە ئەڵمان.

ئاغای هۆفرشولتر لە وەها نادادپەروەرییەك زوێر دەبێ‌و بە وەدەست هێنانی نوسخەیەك لەم راپۆرتەو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر وتارێك بڵاو دەکاتەوە بۆ یەکەمین جار بێ ئەوەیکە ئاماژە بە سەرچاوەیەك بکات، وەزارەتی

**ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك گەلاڵە دارێژەرو بەڕێوەبەری تیرۆری میکۆنووس ناودێر دەکات. لەگەڵ باسکردنی هێندێك وردەکاری وەك چۆنیەتیی هاتنی تیمی تیرۆر لە ئێرانەوەو لەم شتانە. بڵاو بوونەوەەی ئەم وتارە بوو بە هۆی ئەوەیکە باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە رۆژنامەی "فوکوس" شکایەت بکاتو داوای ٥٠٠ هەزار مارك زەرەروزیان بکات. لە دادگاو لە بەرانبەر قسەکانی پارێزەری کۆماری ئیسلامی‌دا لەسەر درۆبوونی نێوەرۆکی وتارەکە ئاغای شولتز کۆپیی سەنەدە سێ لاپەڕەیی‌یەکەی کۆمیسیۆنی میکۆنووسی پێشکەش بە دادوەر کردو سەرۆکی دادگا دوای تەئییدکردنی دروست بوونی بەڵگەکەو هەڵسەنگانی لەگەڵ وتارەکەی هوفر، ئیدیعای کۆماری ئیسلامیی ئێرانی رەت کردەوە. ئەمە یەکەمین شکستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو بۆ پێشگیری لە بەرەوپێش بردنی لێکۆڵینەوەکانو بەڕێوەچوونی دادگای میکۆنووس. ئەمە سەرەتای دەسپێکردنی هێرشی ئێرانی یەکانی دانیشتووی بێرلینو بنەماڵەی قوربانیان بوو لە راگەیەنەکان بۆ کۆمەڵگای ئەڵمانو خەڵکی جیهان.**

***پەرویز دەستماڵچی لەم پێوەندی‌یەدا دەڵێ:***

**دوای دادگایی کردنی بڵاوکراوەی فوکوس، ئێمە لەگەڵ کەسانێك ئاشنا بووین کە لە نێو تیمەکەدا هەواڵنێری زۆر باش بوونو ئەمانە لەم توێژینەوانەی کە دواتر کردبوویان چ بۆ پۆلیسو چ بۆ کارەکانی ئێمە یارمەتی یەکی باشیان کردین کە هەنگاو بە هەنگاو ئێمە بتوانین بەرەوپێش بچینو نیشان بدەین کە کار کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.**

## بەشی پێنجەم:

### *قۆڵبەس کردنی تیرۆریستان*

**دوای تیرۆری میکۆنووس، کاربەدەستانی پۆلیسی ئەڵمان رایانگەیاند کە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە بکوژان لە ئەڵمان وەدەر کەوتبن. دەنگۆیەکی بەهێز لە ئارادابوو کە دەوڵەتی ئەڵمان، بڕیاری بە پۆلیسی ئەڵمان داوە هەوڵ بۆ قۆڵبەس کردنی بەڕێوەبەرانی تیرۆرەکە نەدەن. چونکی بە وەها گرتن‌و قۆڵبەستکردنێك، ئەگەری شێوانی پێوەندیی نێوان دوو دەوڵەتی ئێران‌و ئەڵمان لە ئارادا بوو.**

***پەرویز دەستماڵچی لەم پێوەندی یەدا دەڵێ:***

**ئەڵمانی یەکان (دەوڵەتی ئەڵمان) پێیان وابوو بە گیران‌و قۆڵبەسکردنی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، زنجیرە عەمەلیاتێکی تیرۆریستی بەڕێوە دەچێت کە ئەمنییەتی نەتەوەیی یان دەخاتە مەترسی یەوەو گیانی هاونیشتمانان دەخاتە مەترسی یەوەو لە ئاکامدا سیاسەتیان ئەوە بوو کە درێژەیان بە کات دەدا تا وەکوو تیرۆریستان لە ئەڵمان نەمێنن.**

**رابردووی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەها نیگەرانی یەکی هەڵدەگرت. بەڵام بە پێی راپۆرتەکان هەموو بکوژان ئەڵمانیان بەجێ نەهێشتبوو. دەزگای سیخوڕی بریتانیا پۆلیسی ئەڵمانی ئاگادار کردبۆوە کە بکوژان هێشتا لە ئەڵمان ماونەتەوەو دوو کەسیان**

**لە ماڵی برای یوسف ئەمینن. رۆژی ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ پۆلیسی ئەڵمان هێرشی بردەسەر ماڵی یوسف ئەمین‌و دوو کەسیان بە ناوەکانی "یوسف ئەمین و عەباس راحل" قۆڵبەس کرد.**

***مێهدی ئیبراهیم زادە دەڵێ:***

عەباس راحل کەسێك بوو کە ئەرکی لێدانی تیری خەلاسی لەسەرشان بوو. یوسف ئەمین ئەرکی راوەستان لەبەر درگای لەسەرشان بوو بۆ ئەوەی کەس لە ریستورانەکە وەژوور نەکەوێ.

یوسف ئەمینو عەباس راحل لوبنانینو لە دادگا روون بۆوە کە هەردووکیان لە ساڵەکانی ١٩٨٥و١٩٨٦دا لە دەوروبەری شاری رەشتو لە ئۆردووگایەکی سوپای پاسداران بۆ ماوەی ٦ مانگ دەورەیان دیبوو. دوای بەشدارییان لە شەڕی ناوخۆیی لوبنان دا چووبوونە ئەڵمان. بەڵام ئەم دوو کەسە لە بەڕێوەبەرانی گەڵاڵەکە بوون.

عەباس راحل دوای گیرانی بێدەنگ دەبێ بەڵام دوای چەند رۆژ یوسف ئەمین دانی بە تاوانەکەیدا ناو وردەکاری یەکی زۆری لە شێوەی چۆنیەتیی تیرۆرەکەو بەڕێوەبەرانی سەرەکیی پشت پەردە ئاشکرا کرد.

*مێهدی ئیبراهیم زادە دەڵێ:*

شوێن پەنجەی گیراوەکانو یەك لەوان عەباس راحل بە چەکەکەوە مابوو. چەکەکە دوای تیرۆرەکە لە نێو کیفێکی وەرزشیدا فرێ درابووە پارکینگێك. چەکەکە لە رێگای ئیتلاعاتەوە گەیشتبووە دەستی کازم دارابی. کازمی دارابی کازرونی ئێرانی یەکی ناسراوە کە لە ساڵی ١٩٨٣وە لە ئەڵمان بووە لە بەرانبەر حەرەکەتە ئیعتیرازی یەکانی خوێندکاران کە بە دژی کۆماری ئیسلامی رێکیان دەخست بە توندی هەڵوێستی دەگرتو وەك مۆرەیەکی توندڕەوی کۆماری ئیسلامی ناسراوەو دوو، سێ جاریش بڕیار بوو لە ئەڵمان وەدەرنرێ.

حەمید نەوزەری لەم پێوەندی یەدا دەڵێ: کازمی دارابی ساڵی ١٩٨٠ هاوکلاسی من بوو، دووراودوور یەکترمان دەناسیو دەمزانی کە ئەو لایەنگری رێژیمەو لە خۆپیشاندانەکاندا کە لەبەردەم باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا بە بۆنەی مەحکوم کردنی  فشاری سەر زیندانیانی سیاسی رێك دەخران، کازمی دارابی

**سەردەستەی تاقمی حیزبوڵڵا و ئێرانیو لوبنانی بوو کە بەرگری لە باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی دەکرد.**

**کازمی دارابی جیا لە بەشداری لە خۆپیشاندانەکان بە قازانجی کۆماری ئیسلامیو ئەندامبوون لە رێکخراوی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی ئێران، پێشینەی دیکەشی لە بنکەی پۆلیسی ئەڵمان هەبوو.**

**ناوی کازم دارابی لە کارەساتی شاری ماینس دا هەبوو کە گرووپە حیزبوڵڵایی یەکانی لایەنگری ئێران ئەندامانی خۆیانیان لە سەرانسەری ئەڵمان کۆ کردەوەو لە مانگی مارسی ١٩٨٢ هێرشیان کردە سەر ئەو خەوتنگە (خوابگا)یانەی کە خوێندکارانی ئوپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی تێیدا دەژیانو خوێندکارێکی ئەڵمانی لەم رووداوەدا گیانی لەدەست دا. یەکێك لە گیراوانی ئەم رووداوە کازمی دارابی بوو.**

**دوای رووداوی شاری ماینس، کازمی دارابی بە ٨ مانگ زیندان مەحکووم کرا، بەڵام بە دەستێوەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیو باڵوێزخانەی ئێران لە بۆنو هەوڵی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمان بڕیار درا ناوبراو تا کۆتایی خوێندن لە ئەڵمان بمێنێتەوە.**

***حەمید نەوزەری دەڵێ:***

**جیا لە دارابی ئەوانی تر وەدەرنران. کازمی دارابی تا ئەو رۆژەی کە وەك بەشدار لە تیرۆری رێستورانی میکۆنووس قۆڵبەس کرا، خوێندکار بوو. دیارە کە ئەم مۆرەیە بۆ دەوڵەتی ئێران چەندە بایەخی هەبووە کە بە تایبەت ویستوویانە لە ئەڵمان بمێنێتەوە.**

***مێهدی ئیبراهیم زادە:***

**دارابی لە تیرۆری میکۆنووس دا رۆڵی "تدارکاتچی" واتە رێکخستنی لە ئەستۆوە بووەو کەسێك بووە کە لوبنانی یەکانی بۆ ئەم کارە دۆزیوەتەوە. لە**

راستی دا دارابی رۆڵی رێکخستنی کارەکانی هەبووە بۆجێبەجێ کردنی تیرۆرەکە. ئامادە کردنی خانووی جێی متمانە بۆ تیرۆریستەکانیش لە ئەستۆی دارابی بووە.

کازمی دارابی لە رێگای ئەمانی فەراهانی (باڵوێزی ئێران لە بێرلین)و جەوادی، ئەفسەری ئەمنییەتیی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە بۆنەوە پێوەندیی بە وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی وڵات (واواک)ەوە هەبووە. سەرەڕای ئەمەش بۆ باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی کاری دەکردو بە پێی بەڵگەی فەرمیی باڵوێزخانەی ئێران لە ئەڵمان ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١دا وەك نوێنەری تەواو بڕیاردەری کۆماری ئیسلامی لە غورفە (دیوی) ئێران بە رێکخراوی ئیدارەی پیشانگاکانی بێرلین ناسێندرا. کازمی دارابی جیا لە خاوەنداریێتیی بەقاڵیو سەوزی فرۆشی، ئەندامی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خوێندکارانیش بوو. پاشان دادگا دەری خست کە دارابی لەگەڵ دوو کەس بە ناوەکانی بەهمەن برنجیانو سابت دیانەت گیلانی رێکخستنەکانی ئەنجوومەنی ئیسلامی یان بەڕێوە بردوە. ئەم دوو کەسەش بە پێی بەڵگەکانی دادگا بۆ واواك کاریان دەکرد. جیا لە عەباس راحلو کازم دارابی کازرونی دوو کەسی دیکەش بە ناوەکانی محەممەد عەتریسو عەتاوڵڵا ئەیاد گیرانو قۆڵبەس کران کە هەردووکیان لوبنانی بوون.

پینج کەسی دیکەش توانیان هەڵێنو ئەڵمان بەجێ بهێڵن. ئەم ٥ کەسە بە پێی بەڵگەکانی دادگا بریتی بوون لە: سی ئێرانیو دوو عەرەب. گرینگترین کەسیان عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی، هاونیشتمانی ئێرانی بوو کە راستەوخۆ وەك ئەندامێکی واواك لەژێر چاوەدێریی ئایەتوڵڵا عەلی فەلاحیان دا کاری دەکرد. عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی هەر ئەو کەسەیە کە بە تیربار دەسرێژی لە رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد. دادگا سەلماندی کە ناوبراو هەر ئەو کەسەیە کە لە ساڵی ١٩٨٧دا فرۆکەوانێکی ئێرانیی لە ژنێف تیرۆر کرد. جیا لە عەبدولڕەحمانی بەنی هاشمی، کەسێکی دیکە بە ناوی محەممەدو

کەسێکی دیکەش کە شۆفیری مرسدێس بێنزەکەی لە ئەستۆ بوو هەردووکیان ئێرانی بوون و لە ئەڵمان هەڵاتن.

نەفەری چوارەم کە توانی خۆی دەرباز بکا ئەبووجەعفەری ناو بوو. بە پێی بەڵگەکانی دادگای میکۆنووس دوای تیرۆرەکە ئەبووجەعفەر خۆی گەیاندە ئێران‌و بۆ ماوەیەك لە هۆتێل ئازادی لە تاران مایەوە. پۆلیسی ئەڵمان لە دادگا شایەتیی ئەوەی دا کە هاوسەری ئەبوو جەعفەر چەندین جار لەگەڵ هاوسەرەکەی لە هۆتێل بە تەلەفۆن پێوەندیی گرتبوو. نەفەری پێنجەمیش ناوی ئەبوو محەممەد بوو کە بە پێی دوایین زانیاری‌یەکانی دادگا یەکێك لە پارێزەرانی شێخ فەزلوڵڵا (یەکێك لە رێبەرانی شێعەکان لە لوبنان) بووە.

## بەشی شەشەم:

## *دۆزینەوەی وێنەکان‌و سەرچاوەی چەکی تیرۆریستەکان*

قۆڵبەسکردنی یوسف ئەمین، عەباس راحل‌و کازم دارابی دەسکەوتێکی گرینگ بوولە رووداوی میکۆنووس دا. سەرەڕای ئەوەیکە پۆلیس ئەم سێ کەسەی قۆڵبەس کردبوو بەڵام هیچ شێوە زانیاری یەکی لەسەریان بڵاو نەدەکردەوەو پاشان روون بۆوە کە یوسف ئەمین‌و عەباس راحل "دوو بەندکراوی لوبنانی"، نکوولی یان لە ناسیاوی لەگەڵ کازم دارابی کردوە. دوو پێشکەشکاری بەرنامەیەکی گرینگی تلویزیۆنی ئەڵمان بە ناوی "کۆنتراسکە" خاتوو سۆزان ئۆپاڵکاو ئاغای لۆبێر زیگمون، پێوە بوون سەبارەت بە گیراوەکان " یوسف ئەمین، عەباس راحل‌و کازم دارابی" بەرنامەیەك پێشکەش بکەن. بەڵام بۆ نیشاندانی شوناسی ئەو سێ‌کەسە پێویستیان بە وێنەکانیان هەبوو، لە
هەموان گرینگتر وێنەی دارابی بوو کە دەی‌توانی بەڵگەیەکی باش بێ بۆ پێوەندیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی‌و تیرۆری میکۆنووس.

**ئەوان پێوەندی بە پەرویز دەستماڵچی یەوە دەگرنو داوای لێ دەكەن لەم بارەیەوە یارمەتی یان بكات تا لە ئەگەری تەحویل دانەوەی كازمی دارابی بە دەوڵەتی ئێران پێشگیری بكرێت.**

***لەو پێوەندی یەدا پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:***

**ئاغای دارابی پێشتر لەگەڵ رێكخراوێك كاری دەكرد بە ناوی "رێكخراوی خوێندكارانی موسوڵمان"، هێندێك لە خوێندكارانی موجاهیدینیش لەم رێكخراوەدا بوون، دواتر ئەوان جیا بوونەوە. یەكەم كارێك كە من كردم پێوەندیم لەگەڵ هێندێك لەو موجاهیدانە گرت تا بزانم ئەوان وێنەیەكی دارابی یان لا پەیدا دەبێ، لەوەدا سەركەوتوو نەبووم. دارابی ماوەیەك لە قوتابخانەیەكی فەننی لە دێهلی دەیخوێند. من پێوەندیم بەوێوە گرتو دەمەویست لە رێگای ناسیاوێكی خۆمانەوە وێنەیەكی دارابی لە پەروەندەكە دەركێشم. لەوێشدا سەرنەكەوتم. گوتیان پۆلیس هاتوەو پەروەندەكەی بردوە.**

**دەستماڵچی بە زیگمون دەڵێ: لە وەدەستهێنانی وێنەی دارابی دا سەركەوتوو نەبووە. بەڵام چەند رۆژ دوای گەڕانەوەی لە سەفەری دێهلی لە كاتی گوێدان بە پەیامە زەبتكراوە تەلەفۆنیەكانیدا، سەرنجی بۆ لای پەیامێك رادەكێشرێ كە ئیدارەی ئاگاهی بۆی دانابوو. دەستماڵچی پێوەندی بە ئیبراهیم زادەوە دەگرێو لێی دەپرسێ كە ئایا ئێوەش وەها پەیامێكتان بۆ هاتوە؟ ئیبراهیم زادە دەڵێ: پۆلیس چەند وێنەیەكی لە ماڵی برای یوسف ئەمین وەدەست هێناوەو داوای لەو كردوە وێنەكان چاو لێ بكاتو بەرێوەبەرانی تیرۆرەكە شناسایی بكات. ئیبراهیم زادە دەڵێ: لە ئالبۆمی پۆلیس دا چاوی بە وێنەی دارابی، عەباس راحلو یوسف ئەمین كەوتوە.**

**دەستماڵچی بڕیاردەدا كە ئەم وێنانە وەدەست بهێنێ، پێوەندی بە پۆلیسەوە دەگرێ. پۆلیس داوای لێدەكات بۆ دیتنی وێنەكان بچێتە بنكەی پۆلیس. دەستماڵچی داواكەی پۆلیس قبووڵ ناكات. بە بیانووی ئەوەی كە خاوەن كارەكەی**

ئیزنی پێ نادات‌و ناتوانێ بەردەوام شوێنی کارەکەی بەجێ بێڵێ. بە پۆلیس پێشنیار دەکا وێنەکان ببەنە شوێنی کاری دەستماڵچی.

***پەرویز دەستماڵچی لەم بارەیوە دەڵێ:***

**پێش ئەوەیکە ئەوان بێن من مونشی یەکەی خۆم تێگەیاند کە ئەمڕۆ بڕیار وایە چەندکەسێك بێن بۆ ئێرەو کاریان بە منە. ئەگەر دیتت من لەگەڵ میوانەکان چووم بۆ شوێنێکی دیکە، بڕۆ سەرمێزەکەیان چاو لێ بکە، ئەگەر دیتت ئالبۆمێکی کراوە لەوێیە، هەڵی بگرەو بیبە کۆپی لێ هەلگرە. ئەوان هاتن‌و دانیشتن‌و من خەریکی چاو لێکردنی وێنەکان بووم. ئاغای ئیبراهیم زادە لە پەنامەوە خەریکی باسکردن لە وێنەکان بوو. لە ناکاو بێدەنگ بووم‌و وام نیشان دا کە ماندووم. پێشنیارم بە میوانەکان کرد کە زۆر ماندووم‌و چی دیکە ناتوانم چاو لێ بکەم، ئەگەر حەزتان لێیە چێشتخانەو شوێنی پشوودان رووبەرووی ئێرەیە با بچین قاوەیەك بخۆینەوە، ئەوانەش با لێرە بن. دەستماڵچی پێوەندیی بە ئۆپاڵکاو زیگمونەوە دەگرێ‌و پێیان دەڵێ وێنەکانی وەدەست هێناوە. ئەوان بۆ وەرگرتنی وێنەکان دەچن بۆ دەفتەری ئاغای دەستماڵچی.**

***دەستماڵچی دەڵێ:***

**وێنەیەك بوو لە دارابی، عەباس راحل‌و یوسف ئەمین، واتە سێ کەس لە تیمی تیرۆر کە قۆڵبەس کرابوون. دەست لە ئەستۆی یەکتری، لە شوێنی کاری ئاغای دارابی. لەوانەیە ئێوە باوەڕ نەکەن، خاتوو ئۆپاڵکاو ئاغای زیگمون لە خۆشیی وەدەستهێنانی ئەم وێنەیە پێیان وەعەرز نەدەکەوت.**

**هیچکات پێیان وا نەبوو ئێمە حەوتوویەکە بەدوای ئەم وێنەیەوەین‌و لە ناکاو وێنەی هەرسێ کەسمان بەدەست لە ئەستۆی یەکتری پەیدا کردوە.**

**بڵاو بوونەوەی وێنەی دارابی، راحل‌و یوسف ئەمین، لە بەرنامەی تلویزیۆنی "کۆنتراسکە"دا هەڵایەکی زۆری لێ کەوتەوەو بەیانیی رۆژی دواتر بنکەی ئاگاهی دەستماڵچی بانگ کردو داوای لێ کرد کە قبووڵی ئەوە بکات کە ئەو وێنەکانی**

داوە بە بەرنامەی "کۆنتراسکە". دەستمالچی دانی بەوەدا نەنا، چونکی هەلگرتنی وێنە لە ئالبۆمی پۆلیس کارێکی نایاسایی یە.

*دەستمالچی لەم پێوەندی یەدا دەڵێ:*

پێویست بوو من ئەو کارە بکەم بۆ ئەوەیکە ئێمە بتوانین بە شێوەیەك ئەم کارە بەرەوپێش بەرین. ئەم کارەی من زەرەری لە کــەس نەداوە. ئێمە دەمـانـویست ئـەم بەربەستانە بشکێنین‌و ئەم رێگایە بکەینەوە بۆ ئەوەی پێش بە بەرەوپێشچوونی ئەم پەروەندەیە نەگیردرێ.

هەنگاوێکی دیکە کە رێخۆشکەری ئامادە بوونی ئیدیعانامەی دادستان بوو، روون بوونەوەی سەرچاوەی ئەو چەکە بوو کە رێبەرانی کوردی پێ کوژرابوو. هەروەك پێشتر بیستتان تیرۆریستەکان ئەو تیربارو کۆڵتەی کە تیری خەلاسیان پێ بە قوربانیانەوە نابوو لە جانتایەکی وەرزشی‌و لە پیشانگایەکی ماشین دا بەجێیان هێشتبوو، پۆلیس ئەو چەکانەی دۆزیەوە. لوبێرزیگمون لە رێگای یەکێك لە هاورێیانیەوە لە ئیدارەی ئاگاهی پێ دەزانێ کە ئەو کۆڵتەی کە شناسایی کراوە لە کۆی ئەو چەکانەیە کە ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن ئیسپانیاوە تەحویلی ئەرتەشی شاهەنشاهی دراون‌و دوای شۆڕشی ١٩٧٩ کەوتوونەتە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

باسی شناسایی چەکی تیرۆرەکەی میکۆنووس دەگاتە بڵاوکراوەکان، بەڵام دەوڵەتی ئەڵمان لە بەرژەوەندیی خۆیدا نەدەدیت کە سەرچاوەی چەکەکان‌و بەستراوەییان بە دەوڵەتی ئێرانەوە رابگەیەنێت. ئەم گومانە لە نێو ئەندامانی کۆمیتەی ئوپوزیسیۆنی ئێرانی (لە تاراوگە)و هەروەها بنەماڵەی قوربانیەکانیشدا هەبوو کە دەوڵەتی ئەڵمان دەیەوێ مەسەلەکە پوش بەسەر بکات‌و نایەوێ ناوی کۆماری ئیسلامی زەق بێتەوە. پەرویز دەستمالچی لەگەڵ رۆژنامەوانێکی لاوی ئەڵمانی ناسیاویی پەیدا کردبووو یەك دوو جارێکیش

وێنەی بلاّونەکراوەو هێندێك هەوالّی پیّدابوو کە بلاّوی بکاتەوە، ئەویش لە ڕۆژنامەی پڕتیراژی "بێسێف"دا بلاّوی کردبوونەوە.

*لەم پێوەندی یەدا دەستمالّچی دەلیّ:*

یەکێك لەم وێنانە، وێنەیەکی عەباس ڕاحل بوو کە لە سەوزیفرۆشیی ئاغای دارابیدا خەریکی سەوزی خالّی کردن بوو، پێم وت ئەمە وێنەی ئەو کەسەیە کە بە دەمانچە تیری خەلاسی بە قوربانیانەوە ناوەو کەس نیەتی. بە ڕاستی خۆشم ئەم وێنانەم نەبوو. ئێمە ئەم وێنەیەمان کۆپی کردبوو. ئەوان ئەم وتارەیان لە لاپەڕەی ٣ دابەزاند.

دەستمالچی لەم کارە زۆر زویر دەبیّ، چونکی بڕیار وابوو لە لاپەڕە یەك دا چاپ بکریّ. هەوالّنێرەکە بەلێنی پیّدەدا ئەمجارەیان حەتمەن لە لاپەڕە یەکدا هەوالّەکانی بۆ دادەبەزێنیّ. دوای ئەوەیکە دەستمالّچی لە شناسایی چەکەکەو پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە کۆماری ئیسلامی یەوە ئاگادار دەبیّ بە دوای هەوالّنێری لاودا دەچیّ.

*دەستمالّچی دەلیّ:*

پێم گوت دەمەویّ شتێکتان پیّ بدەمو ئەگەر ناتانەویّ لە لاپەڕەی یەکدا دای بەزێنن چاپی مەکەن. من بەلگەیەکم لەگەلّ خۆم بردبوو کە بە هیچ شێوەیەك پێوەندیی بەم چەکەوە نەبوو. ژمارەی پەروەندەی میکۆنووسم لە سەرەوەی ئەو بەلگەیە نووسی. بەلگەکەم لە دوورەوە ڕاگرتو پێم گوت: من ناتوانم ئەم بەلگەیە بدەم بە ئێوە. ئەمە ژمارەی پەروەندەکەیە، من دەیخوێنمەوەو ئێوە بی نووسنو پاشان لە پیوەندی یە گشتی یەکانی پۆلیس پرسیار بکەن بزانن ئەمە پەروەندەی میـکۆنووسـە یـان نا! لە خۆمەوە ژمارەیەکم خوێندەوە، چەکی میکۆنووس، کۆلّتی میکۆنووس لە ڕێکەوتی ١٩٧٢وەوە فرۆشراوە بە ئەرتەشی شاهەنشاهی، لە کویّ فرۆشراوە ئەمەم پیّ نەگوتن. پێی گوتم دەبیّ تۆ ئەوەمان پیّ بلێی. وتم ئیمکانی نیە، چونکی پێیان گوتم نەلێم. گوتی نەخێر وانابیّ، من

دەبێ لەگەڵ بەرپرسەکەم قسە بکەم، ئەم بەڵگەیە زۆر گرینگە. گوتم ناتوانم بەڵام دەتوانم کارێك بکەم. من لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەو بەڵگەیان پێ داوم قسە دەکەم، ئەگەر ئەوان رازی بوون من بە فاکس بۆتان دەنێرم. بەڵام مەرجێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ لە لاپەڕە یەك دای بەزێنن. لە خۆڕا ئەو شتەم دەگوت، چونکی کەس ئەو بەڵگەیەی پێ نەدابووم.

گوتی باشە بزانم بەرپرسەکەم چی دەڵێ: پاش چەند دەقیقەیەك هاتەوەو گوتی بەرپرسەکەم قبووڵی کردو رازییە. منیش رۆیشتمەوە ماڵێو دوای کاتژمێرێك تەلەفوونم بۆ کردەوەو پێم گوت ناهێڵن من ئەو بەڵگەیە بدەم بە ئێوە. بەڵام مۆڵەتیان داوم نوسخەیەکی دەسخەتی ئەو بەڵگەیەتان بۆ بنێرم، دەتانەوێ؟! گوتی بی نێرە. منیش بە دەسخەت نووسیم: چەکی ژمارە ئەوەندە، کۆڵتی فلان لە ئێرانەوە هاتوەو، خاوەنی ژمارە سریاڵی فلانەو لە ساڵی ١٩٧٢وەوە بە جێی ئیسپانیا نووسیم ئەڵمان. زانیاری‌یەکان راست بوون، تەنیا وڵاتەکە هەڵە بوو. رۆژی دووشەممە بوو کاتژمێر ٦ی بەیانی زەنگیان بۆ لێدام. دیتم لوبێرزیگمون، ئەو دۆستەم بوو کە لە تلویزیۆن کاری دەکرد، پێی گوتم دەستماڵچی هیچت بیستوە؟ گوتم نا چی بووە؟ گوتی رۆژنامەی "بێسێڤ" لە لاپەڕە یەك دا هەواڵێکی بڵاو کردۆتەوە کە دەوڵەتی ئەڵمان چەکەکەی داوە بە ئێران!!و ئەم راپۆرتە لە ئاسۆشیتێدپرێس‌و زۆر لە رۆژنامەکانی دونیا بڵاو کراوەتەوە.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە هەواڵدەرە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بە شێوەیەکی نادروست بوو بە هۆی دژکردەوەی دەوڵەتی ئەڵمان. کاتژمێرێك دواتر دادستانی گشتیی ئەڵمان لە کۆنفرانسیکی چاپەمەنی دا دەڵێ: راستە کە ئەو کۆڵتەی کە لە تیرۆری میکۆنووس دا کەڵکی لێ وەرگیراوە لە کۆماری ئیسلامی یەوە هاتوەو لە ساڵی ١٩٧٢دا تەحویلی ئێران دراوە بەڵام دەوڵەتێك کە ئەم کۆڵتەی بە دەوڵەتی ئێران داوە ئیسپانیایە نەك ئەڵمان.

*دەستماڵچی دەڵێ:*

دادستانی گشتیی ئەڵمان لە هەڵوێستێکی راشکاوانەدا رایگەیاند کە چەکی تیرۆری میکۆنووس لە ئێرانەوە هاتوە.

دانپێدانانی دادستانی گشتیی ئەڵمان بەوەیکە چەکی تیرۆری میکۆنووس لە ئێرانەوە هاتوە خاڵێکی گرینگو بەرچاو بوو لە پەروەندەی ئەم رووداوەدا.

## بەشی حەوتەم:

### *ئیدیعانامەی دادستانی ئەڵمان*

نزیك بە حەوت مانگ دوای بەڕێوەچوونی تیرۆری میکۆنووس لە مانگی مەی دا دادستان ئیدیعانامەی خۆی ئامادە کردو پێشکەش بە دادگای بەرزی بێرلینی کرد. دادستان لە ئیدیعانامەی ساڵی ١٩٩٣ی خۆی دا ئاماژەو پێداگری لەسەر گەڵاڵەداڕێژی تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ریستورانی میکۆنووس لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد. دوای دووهەمین شەڕی جیهانی بۆ یەکەمین جار دادستانی ئەڵمان باسی تیرۆریزمی دەوڵەتیی هێنایە گۆڕێ.

*حەمید نەوزەری "بەرپرسی کانونی پەنابەران لە بێرلین" دەڵێ:*

دەوڵەتی ئێران وەك بەڕێوەبەری ئەم تیرۆرە ناسراو دادستان گوتی دەی سەلمێنێ کە وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیو وەزیرەکەی ،"عەلی فەلاحیان" بەڕێوەبەری ئەم کارەساتە بوون.

دوای نزیك بە سێ حەوتوو لێکۆڵینەوە دادگای بەرزی بێرلین ئیدیعانامەی دادستانی قبووڵ کردو کارە سەرەتایی یەکانی دادگا رێك خران. ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ وەك رۆژی دەسپێکردنی دادگا دیاری کرا. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵدا بوو پێش بە بەڕێوەچوونی دادگا بگرێ. رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە

بەرانبەر بەڕێوەنەچوونی دادگادا ئامادە بوون گەلێك ئیمتیاز بە دەوڵەتی ئیسرائیل بدەن. بەڵام کار لە دەستی ئەڵمان چووبووە دەرێ.

*حەمید نەوزەری لەم پێوەندییەدا دەڵێ:*

سێ حەوتوو پێش لە دەستپێکردنی دادگا عەلی فەلاحیان لەگەڵ تاقمێکی دیکە راستەوخۆ هاتنە ئەڵمان بۆ ئەوەی ئیمتیاز بدەن. ئیشمیت باوئێر وەزیری راوێژکار لە دەوڵەتی ئەڵمان گوتی: فەلاحیان چوارجار داوای لێ کردبوو بۆ هێندێك شت یارمەتیی ئەڵمان بدات: بارمتەکان ئازاد بکات، ئیمتیاز بە ئیسرائیل بدات، بارمتەکانی ئیسرائیلی ئازاد بکاتو هێندێك کاری دیکە بکەن کە ئەوان لە وڵامدا وتبوویان:کار لە دەستیان چۆتە دەرێو کەوتۆتە دەستی دەزگای دادوەریو ئێمە ناتوانین هیچ گوشارێکیان بخەینە سەر.

*مێهدی ئیبراهیم زادە دەڵێ:*

ئیشمیت باوئێر کە لە کاتی دەوڵەتی "هیلمۆت کۆڵ"دا وەزیری رێکخستنی رێکخراوە ئەمنییەتی یەکان بوو، دانی بەوەدا نا کە عەلی فەلاحیان لە سەفەری ئۆکتۆبری ١٩٩٣ی خۆی دا بۆ ئەڵمان داوای لێ کردوە کە پێش بە بەڕێوەچوونی دادگا بگرێ:

ئەوەیکە لە پێشنیارەکەی ئێران بۆ مەعامەلە لەگەڵ ئەڵمان زۆرجێی سەرنجو تێڕامان بووو لە شایەتی دانی ئیشمیت باوئێر لە دادگاش دا دەرکەوت ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی ئامادە بوو ژمارەیەك لە بارمتەکانی ئیسرائیلی کە لە دەستی حیزبوڵلادا دیل بوون ئازاد بکات. ئەوە لە دۆخێکدا بوو کە زۆرجار کۆماری ئیسلامی وتووێژ لەگەڵ ئیسرائیلی بە خەتی سووری نیزامیی ئیسلامی ناوبردبوو.

داواکاری کۆماری ئیسلامیو وەزیری ئەمنیەتی ئەم وڵاتە لە دەوڵەتی ئەڵمان بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی دادگا ئەم پرسیارەی دروست کرد کە ئەگەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی لە تیرۆری رێبەرانی کورددا نەبووە

بۆچی خوازیاری بەڕێوەنەچوونی ئەم دادگایەیەو ئامادەیە ئیمتیازگەلێك بدا. تۆمەتبارانی قۆڵبەسکراو خۆیان ئامادەی بەرگری دەکرد. بۆ هەرکام لە تۆمەتبارەکان دوو پارێزەری دیاری کراو (تسخیری) لە باشترین پارێزەرەکانی ئەڵمان هەڵبژێردران.

***حەمید نەوزەری دەڵێ:***

پارێزەرەکانی دادگای میکۆنووس لە بەناوبانگترین پارێزەرەکانی جەنایی بوون و زۆربەیان لە دادگاگەلێکی وەك دادگای میکۆنووس دا پارێزەریی تۆمەتبارەکانیان دەکرد.کازمی دارابی جیا لە دوو پارێزەری دیاریکراو (تسخیری)، پارێزەرێکی دیکەشی هەبوو.

پرسیار ئەمەیە کە خەرجی ئەم پارێزەرە گرانقیمەتانە کێ دەیدا؟

***حەمید نەوزەری لەم پێوەندییەدا دەڵێ:***

پارێزەری سێهەمی دارابی، یەکێك لە گرانقیمەترین پارێزەرەکانی ئەڵمان بوو. شارەزایان دەیانگوت: بۆ ئەم سێ ـ چوار ساڵە بۆ نموونە دەبێ یەك میلیۆن مارکی وەرگرتبێ. ئەمە بوو کە کەسێ جیا لە دەوڵەتی ئێران نەی دەتوانی ئەم خەرجانە دابین بکا.

## بەشی هەشتەم:

## ***دادگایی کردن***

سەرەڕای سەرجەم ئەو گوشارانە دادگا دەستی بە کارەکانی خۆی کردو دادستان ئیدیعانامەی خۆی خوێندەوە. لەم پێوەندی یەدا حەمید نەوزەری دەڵێ:

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە گوێرەی ئیدعانامەیەك تیرۆریزمی دەوڵەتی هاتە گۆڕێ و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك بەڕێوەبەری ئەم تیرۆرە ناسراو دادستان گوتی کە دەی سەلمێنێ کە وەزارەتی کۆماری ئیسلامیی و

وەزیرەکەی "عەلی فەلاحیان" کە ئەندامی هەیئەتی دەوڵەتەو ئۆرگانێکی رەسمی کۆماری ئیسلامی یە، بەرپۆوەبەری ئەم رووداوەن.

هاوسەری نووری دێهکوردی "شۆهرە بەدیع" وەك شایەتی یەکەم بانگ کرایە دادگا.

*شوهرە بەدیع دەڵێ:*

من وەك شکایەتکەری تایبەتی (شاکی خصوصی) هەر لە رۆژی یەکەمی دادگاوە تا کۆتایی دادگا، بە جلی رەشەوە لەوێ بووم. لە رۆژەکانی یەکەمی دادگا، دادوەرەکان بڕیاریان دا یەکەم شایەت بانگهێشتی شوێنی شایەتی دان بکەن‌و ئەو کەسەش من بووم کە زۆریش ئامادە نەبووم. بەڵام چونکی دەمزانی شتێك جیا لە راستی یەکان نالێم، دەسبەجێ رۆیشتم‌و دەستم کرد بە وڵامدانەوە. هەر لەو کاتەوە کە تەلەفونم بۆ کرابوو، دەمزانی کار کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەو لە هەموو شوێنێك ئەوەم گوت‌و هەمووی ئەو دەنگۆیانەم رەت کردەوەو لە دادگا کۆماری ئیسلامیم وەك تاوانباری سەرەکی ناودێر کرد. بە سەرنجەوە لە رەوتی دادگا ورد بوومەوە.

بە دوای خاتوو شۆهرە بەدیع دا ئەوانەی وا لە تیرۆرەکە رزگاریان ببوو، شایەتی یان داو بە وردی رووداوەکەیان گێڕایەوە. وردبینی‌و دادپەروەریی دادوەرەکان‌و دادستان شوێنی لەسەر هەموو لایەك دانابوو.

*شوهرە بەدیع دەڵێ:*

دادوەرەکان مرۆڤگەلێکی شەریف‌و مرۆڤدۆست، دادپەروەرو وردبین بوون. بە تایبەت سەرۆکی دادگا ناوبانگی بە گەورەترین‌و دادپەروەرترین دادوەری دادگاکانی ئەڵمان دەرکردبوو.

لە نێو زیاتر لە 180 شایەت دا، شایەتی دانی دووکەس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دادگای میکۆنووس رۆڵی سەرەکی‌و روونکەرەوەی هەبوو. یەکیان ئەبولحەسەن بەنی سەدر، یەکەم سەرۆك کۆماری کۆماری ئیسلامی‌و

ئـەویتریان "ئەبولقاسـم مسـباحی" ناسـراو بـە فـەرهاد یـان شـایەتی ئیتلاعـاتو ئەمنییــەتی کۆمــاری ئیســلامی بــوو کــە دوای پێــزانین بەوەیکــە دەیکــوژنو بەرنامەیان بۆی هەیە لە ئێران هەڵاتو لە ڕێگای بەنی سەدرەوە بە دادگا ناسراو شایەتیی دا.

*شۆهرە بەدیع دەڵێ:*

بەراستی ئاغای بەنی سـەدر ڕۆڵێکی سەرنجراکێشی گێـڕاو زۆری یارمـەتی بـە بەرەوپێش چوونی دادگادا کە منو کچەکەم وەك خۆمان زۆری سپاس دەکەین کە بێ هیچ هەڵوێستێك کێشەکانی بە جوانی روون دەکردەوە.

بەنی سەدر لە رۆژنامەیەکەیدا "انقلاب اسلامی در هجرت" لـە زمـان یـەکێك لە سەرچاوەکانی خۆیـەوە هێنـدێك زانیـاریی سـەبارەت بـە تـیرۆری میکۆنـووسو بەرێوەبەرانی بڵاوکـردەوە کـە سـەرنجی دادسـتانی بـۆلای خـۆی ڕاکێشـاو داوای لێ کرا بۆ شایەتی دان بچێتە دادگا.

*حەمید نەوزەری لەم پێوەندی یەدا دەڵێ:*

بـەنی سـەدر بەشـێك لـەو زانیارییانـەی کـە مسـباحی هـەیبووو هـەروەها ئـەو زانیـاری یانــەی خــۆی کــە لــە ڕێگــای هێنــدێك سەرچــاوەی دیکــەوە بــە دەســتی هێنابوو، پێشکەش بە دادگای کرد. بەنی سەدر لە سێ سەرچاوە قسـەی کـردو بـۆ ئەوەی ناویان نەهێنێ بە "A.B.C" ناوی سەرچاەکانی دەهێنـا. سەرچـاوەی C کـە لەگــەڵ ڕێکخــراوی ئەمنییــەت کــاری دەکــردو تــوانی بــووی لــە ئێــران هــەڵێ، ئەبولقاسم مسباحی بوو. بەنی سەدر پێوەندی یەکی لە نێوان دادستانو مسباحی دا ساز کرد.بەڵام شایەتی C یان ئەبولقاسم مسباحی کێ یە؟!

*لەم پێوەندی یەدا پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

ئاغای مسباحی لە سەرەوەی ڕێکخستنی تـۆری تیرۆریزمـی ڕێـژیم لـە دەرەوەی وڵات بـووو یـەکێك لـە دامەزرێنـەرانی دەزگـای ئیتلاعـاتو ئەمنییـەتی ئێـرانو

هاوڕێی گیانی بە گیانی سەعیدی ئیمامی بووو هەروەها لەگەڵ چەند کەسێك لەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵات تیرۆریان بەڕێوە بردووە قسەی کردبوو.

ئەبولقاسم مسباحی لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی ٧٩دا ٢٢ ساڵی تەمەن بووو یەکێك لە پارێزەرانی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو. پاشان بوو بە فەرماندەی پادگانێکی تاران‌و دوو ساڵ دواتر ئایەتوڵڵا خومەینی ناردی بۆ پاریس. لە نێوەڕاستی ١٩٨٠ی زایینی‌دا دەوڵەتی فەڕانسە بە گومانی بەشداری کردن لە بۆمب دانانەوەکانی فەڕانسەدا، مسباحیی لەو وڵاتە دەرکرد. ئەبولقاسم چووە ئەڵمان‌و پێوەندیی بە باڵوێزخانەی ئێرانەوە لە هامبۆرگ گرت. ئاغای مسباحی لە ساڵەکانی ١٩٨٥و٨٦دا تۆرێکی تیرۆریستیی لە ئورووپای رۆژئاوا پێك هێنا. ناوبراو لە دادگادا گوتی: ئەندامەکانی ئەم تۆڕە تیرۆریستی یە لە رێگای مزگەوتەکانەوە کۆ دەکرانەوەو کۆمەڵەی خوێندکارانی موسوڵمان لە ئورووپای رۆژئاوا هەر ئەو رێکخراوەی کە کازمی دارابی لە سەرۆکایەتیی هەیئەتەکەی دا بوو بەڕێوەبەریی کارەکانی دەکرد. ئاغای مسباحی لە دادگادا شایەتیی ئەوەی دا کە دوای پێکهێنانی تۆڕی تیرۆر لە ئورووپا، بە بڕیاری خومەینی گەڕایەوە ئێران تا سەبارەت بە ئامانجەکانی وەزارەتی ئیتلاعات‌و ئەمنیەت هاوکاریی کەسانی دیکە بکا.

*مسباحی دەڵێ:*

لە باسەکانمان دا سەبارەت بە ئامانجەکانی وەزارەتی ئیتلاعات دوو بۆچوون هەبوو: یەکیان ئەوەیکە ئەم ئۆرگانە وەك چاووگوێی کۆماری ئیسلامی کار بکاو ئەوی تریان ئەوەیکە دەبێ ئەم ئورگانە وەك کوتکێك وابێ بەسەر نەیارانی رێژیمەوەو مێشکیان بپرژێنێ.

بە پێی شایەتی دانەکەی ئاغای مسباحی ئایەتوڵڵا خومەینی لەسەر ڕای دووهەم بوو "سەرکوتی ئوپوزیسیۆن". ئەم بەشە لە قسەکانی ئەبولقاسم مسباحی لەگەڵ ئەوەیکە سەعید حەجاریان یەکێك لە دامەزرێنەرانی وەزارەتی

ئیتلاعـاتو ئەمنیـەتی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە وتووێژێکـدا کـە لەگـەڵ هەواڵنێری خوێندکارانی ئێـران "ایسنا"دا لـە خـەرمانانی ١٣٨٤ کردبـووی، راسـت وەك یەك دەچوون. بەهەر حاڵ ئەبولقاسم مسباحی بـەم رابـردووەوە لـە ئورووپـا لانی کەم بۆ رێکخراوە سیاسیو ئەمنیەتی یەکانی ئورووپا کەسێکی ناسیاو بوو.

پەرویز دەستماڵچی لەم پێوەندی یەدا دەڵێ:

زۆربـەی سیاسـەتڤانانی پلـە یـەکی ئورووپـا لـە حیـزبو لایەنـە جیاوازەکـان مسباحییان دەناسی، بەو هۆیەی کە لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٨٩ ناوبراو پێی

ئەسپێردرابوو کە سەبارەت بە ئـازادیی بارمتـەکانی رۆژئـاوایی کـە لـە دەسـتی حیزبوڵڵای لوبنان دا بوون بۆ وتووێژ بێتە ئورووپاو ئەمریکا.

## ***بەشی نۆهەم:***

## ***چالاکیی "فریاد بزرگ علوی"***

خـاڵێکی گـرینگو سەرنجراکێشـی توێژینـەوەکانی دادگـای لێکۆڵینـەوە لـە جەنایـەتی میکۆنـووس، بـوونی ئەبولقاسـم مسـباحی بـوو. مسـباحی یـەکێك لـە دامەزرێنەرانی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی یە کە بە پێـی قسـەکانی خـۆی لـە دادگـا: لـە سـاڵی ١٩٨٨و لـە چـاپێکەوتنێکی‌دا لەگـەڵ "مـیتران" سـەرۆك کۆمـاری فەرانسـە، "دوومـا" وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی ئـەو وڵاتـەو "رۆناڵـد رێگـان"، سـەرۆك کۆمـاری ئـەمریکا، پێیـان دەڵـێ کـە بـە مەبەسـتی ئـازادکردنی بارمتـەکانی لوبنـان دەبـێ لەگـەڵ ئێـران بکەونـە وتووێـژەوەو پاشـان چـاوی بـە "جیمی کارتێر" دەکەوێو لە لایەن ناوبراوەوە پەیامێکی نووسـراو دەباتـە تـاران بـۆ ئایـەتوڵڵا خومـەینیو حوجەتولئیسـلام رەفسـەنجانی. مسـباحی لـە کـاتی گەڕانەوەی بۆ تاران، لە فرۆکەخانەی مێهرئاباد پەیامەکە دەداتە کەسێك بـەناوی موسەوی کـە بەرپرسـی پرۆتۆکـۆلی فرۆکەخانـەی مێهرئابـاد بـوو. لـەم کاتـەدا لـە

لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنیەتی وڵاتەوە بە تۆمەتی خیانەت لە ماڵەکەیدا قۆڵبەس دەکرێ.

*لەم پێوەندی یەدا دەستماڵچی دەڵێ:*

مسباحی خۆی دەڵێ لە خەویشدا بیرم لەوە نەدەکردەوە کە کەسێك غیرەتی قۆڵبەسکردنی منی هەبێت. بۆ ماوەی سێ مانگ بەند کراوە، لێیان داوەو ئەشکەنجەیان داوە. لە راستی دا گومانی ئەوەیان لێ کردبوو کە بۆ دەزگایەکی بیانی کار دەکاتو ئەم گومانە نەڕەویبۆوە. چونکە دوای ئازاد بوونیشی نەیان هێشتبوو بگەڕێتەوە سەر پۆستو پلەی پێشووی خۆی. بەڵکوو لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە پێی دەسپێردرێ کە چەند کۆمپانیایەك بۆ داپۆشینی کاری ئەمنییەتی دامەزرێنێ.

جیا لەو تێکۆشانە بەناو ئابورییەکانی ئاغای مسباحی پێوەندیی خۆی لەگەڵ رێبەرانی کۆماری ئیسلامی وەك: عادڵیو نووربەخشو حسێن رۆحانی دەپارێزێو چەندین جار بانگهێشتی کۆبوونەوەکانی شورای ئەمنیەتی میللی دەکرێو تێیاندا بەشدار دەبێو لە زانکۆی تاران خەریکی دەرس گوتنەوە دەبێت. مسباحی لە دادگای میکۆنووس دا گوتی ناچار بوو بەشێك لە دەفتەرە ئابووری یەکانیو هەروەها چەند بەشێك لە کۆمپانیاکانی خۆی بدات بە وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنییەت. پاسپۆرتەکەی زەبت دەکرێو کاتێك دەیەوێ بە مەبەستی وەرگرتنی پاسپۆرت بچێتە ئیدارەی "گـذرنامە"، لە هاورێیەکی دەبیستێ کە بڕیاری گرتنی دەرکراوە. مسباحی هەست بەوەش دەکات کە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە راپۆرتی لێ دراوەو بۆی دەردەکەوێ کە هاوسەرەکەی بێئاگاداریی ئەو کار بۆ دەزگای ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی دەکات. سەعیدی ئیمامیو یەکێك لە جێگرەکانی فەلاحیان ئاگاداری دەکاتەوە کە "کۆمیتەی تایبەت" دەستووری کوشتنی دەرکردوەو وا بڕیارە بە ماشین لێی دەنو ببێت بە "کامیونی".

*پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

"کامیونی" بوون ئەوەیە کە شانۆسازی‌یەکی پێکدادانی ماشین دروست دەکەن‌و دەیانەوێ مسباحی بکوژن. ئەبولقاسم کە دەزانێ خێزانی بۆ دەزگای ئیتلاعات‌و ئەمنییەت کار دەکا، بێ ئەوەی کە بە کەسێك بڵێ هەڵدێت بۆ پاکستان‌و لەگەڵ باڵوێزخانەی ئەڵمان‌و فەڕانسە پێوەندی دەگرێت‌و داوای ویزایان لێ دەکات. باڵوێزخانەکان ویزای پێ نادەن. چونکی دەیان زانی کە ئەگەر پەنابەریی پێ بدەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تووشی کێشە دەبن.

دوای دوو مانگ هەڵاتێن پێوەندی بە ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، یەکەم سەرۆك کۆماری ئێرانەوە دەگرێت. پێوەندیی ناوبراو لەگەڵ بەنی سەدر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی یەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکات.

*دەستماڵچی دەڵێ:*

مسباحی لە دادگادا گوتی کە دوو جار لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی یەوە مەئموور کراوە کە بڕواتە لای بەنی سەدرو پێی بڵێت کە ئیمام گوتویەتی ئێمە بە هەڵەدا چووین، با بگەڕێتەوە بۆ تاران.

ئاغای بەنی سەدر وڵامی پەیامەکەی خومەینی دەداتەوەو بۆی دەنێرێ. هێنان‌و بردنی پەیامەکان لە رێگای مسباحی یەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە مسباحی بتوانێ دوای هەڵاتنی پێوەندی بە بەنی سەدرەوە بگرێ. بەنی سەدر دەی‌زانی کە مسباحی زانیاری یەکی وردو دەقیقی لەسەر کوشتارەکانی دەرەوەی وڵات بە تایبەت میکۆنووس هەیە، لە ئاکامدا بە هەوڵ‌و تێکۆشانی بەنی سەدر پێوەندیی نێوان دادستانی دادگای میکۆنووس‌و ئەبولقاسم مسباحی وەك شایەتی C ساز دەبی.

*پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

مسـباحی هێنـدێك زانیـاری دەدات بـە بەنیسـەدرو هـەموو پێوەنـدی بـە مسـباحییەوە دەگـرنو دادسـتانی ئـەڵمانیش پێوەنـدیی پێـوە دەگـرێ. سـەرەتا مسباحی داواكارییەكان ڕەت دەكاتەوە، بەڵام پاشان بـە هـۆی ئـەو پێوەندییانـەی كە پێوەی دەكرێ قبووڵی ئەوە دەكات كە بێتە دادگاو شایەتی بدات.

شـایەتی دانـی مسـباحی كـە ئـەویان بـە شـایەتی C نـاو دەبـرد، بـۆ ئەوەیكـە بینەرانو شكایەتكەرانی تایبەتی لێ بێت لە پشت دەرگا داخراوەكان بەڕێوە چوو. مۆڵەتی ئەوەش نەدرا وێنەو فیلمی لێ هەڵگرنـەوە، پشـتی لـە دادگا كردبـوو، بـۆ ئــەوەی كــەس روخســاری نــەبینێ. بــەڵام دوای دوو ڕۆژ گۆڤــاری "ئیشــپیگل" ڕاپۆرتێكی تێرو تەسەلی سەبارەت بە قسەكانی مسباحی بـڵاو كـردەوە. بـە بـڵاو بوونــەوەی قســەكانی شــایەتی C كۆمــاری ئیســلامی شوناســی ئــەو دەناسـێتەوەو ڕادەگەیەنێ كە شایەتی C كەسێك نیە جیا لە مسباحیو پەروەندەیەك سـەبارەت بە مسباحی دەداتە دادستانو ناوبراو بـە گـەلێك كاری خـراپ تاوانبـار دەكـات تـا لەم ڕێگایەوە بایەخی ڕاپۆرتو شایەتی یەكانی دابەزێنێ.

*حەمید نەوزەری لەم پێوەندی یەدا دەڵێ:*

دادستان گـوتی كۆڵێـك كاغـەزی بـۆ مۆریـان نـاردوە وەك بەڵگـە! ئـەم كارەیـان داوێنی خۆیانی گرتەوەو لێكۆڵینـەوەكان دەریـان خسـتووە كـە مسـباحی لـە سـاڵی ١٩٨١ەوە لە كاری ئەمنییەتی دا بووەو لە كام تـیرۆردا دەسـتی هـەبووە. دادگـا بـۆی دەركـەوت كـە تـەواوی ئیـدیعاكانی مسـباحی لـە پەروەنـدە ئەمنییـەتی یـەكانی ئورووپادا سەبت بووەو شكو گومانێك نەماوەتەوە.

دوای سەلمێندرانی شوناسی مسباحیو ڕوون بوونەوەی دروسـتو ڕاسـت بـوونی قسەكانی ناوبراو، یەكێك لەو خاڵانەی كە لە لایـەن ئـەوەوە ڕوون بـۆوە "ڕەمـزی چـالاكی یەكـە" بـوو. پـۆلیس لـە لێكۆڵینـەوەكانی خۆیـدا زانیبـووی كـە پـێش بەڕێوەچوونی تیرۆرەكە لە میكۆنووس، باڵوێزخانەی كۆماری ئیسلامی لە ئەڵمان ڕەمزێكی سەبارەت بەم چالاكی یـە لەگـەڵ دەوڵـەتی ئێـران گۆڕیوەتـەوەو تـیرۆری

رێبەرانی کورد لە ریستورانی میکۆنووس بە ناوی "فرشاد بزرگ علوی" ناودێر کراوە. لە نێو ئێرانی یەکان دا ئەم پرسیارە هاتە گۆڕێ کە بۆچی ناوی چالاکییەکە "فرشاد بزرگ علوی"یە؟! ئایا کۆماری ئیسلامی دەیەوێ کەسایەتی ئاغای "بزرگ علوی" نووسەری ناوداری ئێرانی، دانیشتووی ئەڵمانی برووخێنێ؟ ئەگەر وایە بۆچی فرشاد؟ چونکی ناوی ئەم نووسەرە ئاغای "بزرگ علوی"یە نەك "فرشاد"؟!

*پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

پاشان کە ئاغای مسباحی هەلات، لە دادگا باسی ئەوەی کرد کە ئەمە "فرشاد بزرگ علوی" نیە. ناوبراو رەمزەکە دەزانێ. لە تاران نەفەرێك پێی گوتبوو، "فریاد" هەمان هاوارەو "بزرگ علوی"یش واتە گەورەی شێعەکان ئایەتوڵلا خامەنەیی!

***بەشی دەهەم:***

## *کۆمیتەی کۆشکی فیروزە*

وێکچوونی زانیاریو وردەکاری یەکانی چالاکیی وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپاو کوشتاری ٨٩ کەس لە نەیارانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپای رۆژئاوا - لە کاتی پێکهاتنی ئەم دەوڵەتەوە تا کاتی شایەتی دانەکەی ئەبولقاسم مسباحی لە دادگای میکۆنووس ،بایەخی قسەکانی مسباحیی بە توندی بردە سەرێو یەکێك لەو زانیارییانە کە لە لایەن ئەبولقاسم مسباحی "شایەتی C یەوە" پێشکەش بە دادگا کرا، مەسەلەی تیرۆری هادی خورسەندی "گنز پرداز"ی گەورەی ئێرانی لە لەندەن بوو.

*لەم پێوەندی یەدا پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

ئاغـــای مســـباحی گـــوتی: یـــەکێك لـــەو تیرۆرانـــەی کـــە خـــۆم بەرپرســـی بەڕێوەبردنیان بووم، کوشتنی تەنزنووسی ئێرانی، هادی خورسەندی بـوو کـە لـە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی یەوە بڕیاری کوشتنی هـادی خورسـەندیم پـێ درا.بـەم بۆنەیەوە لەگەڵ باڵوێزی ئێران لە هامبورگ چووینە فەڕانسە تـاکوو چـاومان بـە دوو تیرۆریستی ئەلجەزایری بکەوێ. من دەستخەتی بڕیاری ئیمام خومـەینیم بـۆ خوێندنەوەو بۆم وەرگێـڕان‌و نیشانەکانی هـادی خورسـەندیم پـێدان‌و بڕیـار درا ئەوان بچنە لەندن‌و هادی خورسەندی بکوژن.

بەڵام بۆچی ئەبولقاسم مسباحی دوای تەکمیل بـوونی گەڵاڵـەی تـیرۆری هـادی خورسەندی پۆلیسی بریتانیا لەم تیرۆرە ئاگادار دەکاتەوە؟

*حەمید نەوزەری دەڵێ:*

ئەبولقاسم مسباحی گوتی: بۆیە ئەو کارەم کرد چونکی ئـەوە شـێوە کـاری مـن نەبوو. ناوبراو پۆلیسی بریتانیا لەم تیرۆرە ئاگادار دەکاتەوەو کەسانێك کە بڕیـار بوو ئەم تیرۆرە بەڕێوە بەرن قۆڵبەس کران.

*خودی هادی خورسەندی دەڵێ:*

شایەتی C " ئەبولقاسم مسباحی" وردەکاری یەکانی گوت. ئـەو شـەقامەی کـە منی تێدا دەژیام‌و ئەو کاتژمێرەی کە بڕیار وابو ئەم رووداوە بقەومێ. کاتێك کە شایەتی C ئەمانەی گوت، دەسبەجێ زانیم کە خودی خۆی ئەم مەسـەلەیەی داوە بە دەستەوە، بۆ مـن زۆر سەرسـووڕهێنەر بـوو. خـودی ئایـەتوڵڵا خومـەینی ئـەم حوکمەی مۆر کردبوو.

دادگا ئیمکانی ئەوەی هـەبوو کـە شـایەتی دانـەکان‌و بەڵگـەکانی پێوەندیداربـە تیرۆرەکان پێکەوە هەڵسەنگێنێ‌و رێکیان بخات. وێکچوونی راپۆرتەکانی مسباحی لەگـەڵ راپـۆرتی رێکخراوەکـانی ئورووپـا رۆژبـەرۆژ بایـەخی شـایەتی دانـەکانی دەبـردە سـەرێ. لـە پێوەنـدی گرتنێکـدا لەگـەڵ دەزگـای ئەمنییـەتی بریتانیـا دەرکـەوت کە ئـەو وردەکـاری یانـەی کـە لـە لایـەن مسـباحی یـەوە گـوتراون بـە

تـــەواوەتی لەگـــەڵ زانیاری‌یـــەکانی پۆلیســـی بریتانیـــا ســـەبارەت بـــە تـــیرۆری خورســەندی وەك یــەك دەچــن‌و ئەمــەش بــوو بــە هــۆی بــاوەڕ کــردن بــە زانیــاری یەکانی ئەبولقاسم مسباحی.

*حەمید نەوزەری دەڵێ:*

گرنگیی مەسەلەکە لەوەدا بوو کە ئەو زانیاری یانەی کە مسباحی دابووی، لـە زۆربارەوە لەگەڵ زۆر لەو زانیاری یانەی کە پێشتر لە لایەن هێنـدێك سەرچاوەی دیکەوە درابوون، وەك یەك دەچوون.

ئاغای مسباحی لە شایەتی دانەکانی خۆیـدا باسـی لـەوە کـرد کـە لـە کۆمیتـەی تایبەتەوە بڕیاری کوشتنی جیـابیران لـە نێوخـۆو دەرەوەی وڵات دەدرێ‌و چـونکی ئەم کۆمیتەیە لـە کۆشـکی فـیرووزە کۆبوونــەوەکانی خـۆی دەگـرێ، بـە کۆمیتـەی کۆشکی فیرووزە بەناوبانگەو ناو نراوە.

*لەم پێوەندی‌یەدا مێهدی ئیبراهیم زادە دەڵێ:*

لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە ئەم زانیـاری یـە درابـوو کـە لـە کۆشـکی فـیرووزە "لــە قــەراغ شــاری تــاران" لــە کــاتی دەوڵــەتی ڕەفســەنجانی "دەوری دووهــەم" کۆمیتەیەك دادەمەزرێ کە پێك هـاتووە لـە: سـەرۆك کۆمـار، وەزیـری ئیتلاعـات، وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، سـەرۆکی سـوپاو چـەند فەرماندەیـەکی نیزامـی. لـەم کۆبوونەوانەی کۆمیتەی تایبەت دا، بۆ وێنە عەلی فەلاحیان "وەزیری ئیتلاعـات" ناوی کەسێکی دەهێناو دەیگوت "ئەمە نەیاری ئێمەیـەو دەبـێ لـەنێو بچـێ:، ئـەو کۆمیتەیـە بڕیـاری دەدا کـە ببێـت یـان نـەبێت. پاشـان ئـەو کۆمیتەیـە گەڵاڵـەی بەڕێوەچوونی تیرۆرەکەی دەدا بە وەزارەتی ئیتلاعاتو وەزارەتی ئیتلاعاتیش بـۆ خـۆی چـەندین تیمـی جیـاوازی هـەبوو کـە یـەکێك لـەو تیمانـە، تیمێـك بـوو کـە "شەریف" کاری تێـدا دەکـرد. نـاوبراو کارەکـەی بەسـترابۆوە بەوەیکـە بـە بۆنـەی جیاوازەوە هەوڵی دەدا هاوڕێکانی خـۆی لـە ئۆرگانـەکانی جیـاوازەوە هەڵبـژێرێ‌و کۆیان کاتەوە.

ئەبولقاسم مسباحی لە دادگادا سەبارەت بە عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی، کەسێك کە بە تیربار لە ریستورانی میکۆنووس ڕێبەرانی کوردی تیرۆر کرد، دەڵێ: بنەماڵەکەی لە شاری نەجەفی عێراق لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی دەژیان. برایەکی لەشەڕدا کوژراو برایەکی دیکەشی بەناوی "عەبدولنەجیب" ئەندامی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی یەو لە لوبنان خەریکی تێکۆشانە. ئاغای مسباحی لە دادگادا وتی: تیمەکانی تیرۆر کۆماری ئیسلامی لە بواری ڕێکخراوەییەوە سەربەخۆنو ئەندامی هیچ ڕێکخراوێك نین. ئیمکاناتەکەیان لە کۆمیتەی تایبەتەوە دابین دەکرێ کە لەژێر چاوەدێری ئایەتوڵڵا خامەنەیی دایە. بە وتەی ناوبراو بەرپرسی تیمەکانی تیرۆر لە دەرەوەی وڵات بنکەی زانیاری کۆماری ئیسلامی یە لە هەر وڵاتێك. بنکەی زانیاریی لە ئەڵمان سەرکۆنسولگەری ئێرانەو لە کاتی تیرۆری میکۆنووس دا بەرپرسی ئەم بنکە زانیاری یەی کۆماری ئیسلامی، کۆنسولی ئێران بوو لە فرانکفۆرت. خاڵێکی گرینگی دیکەی شایەتی‌یەکانی مسباحی، باسکردن لە پێکهاتەیەکە کە نیشان دەدات، لە سەرەتای شۆڕشەوە زۆربەی بڕیاری کوژرانو لەنێوبردنی جیابیران لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی یەوە بە پەسند گەیشتووەو دوای ئەویش ئایەتوڵڵا خامەنەیی بڕیاری کوشتنی جیابیرانی داوەو سەرپەرشتی کردووە.

*لەم پێوەندی‌یەدا پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

ئاغای مسباحی دەیگوت: تا ئەو کاتەی ئایەتوڵڵا خومەینی زیندوو بوو، تەواوی کوشتارەکان بێئەملاو ئەولا چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات، بە بڕیاری ناوبراو بەڕێوە دەچوون. دوای مردنی خومەینی کۆمیتەیەك پێك هات بەناوی کۆمیتەی چالاکیی تایبەت، کە لە راستی دا بڕیاری کوشتاری جیابیرانی دەردەکردو پاشان بڕیارەکە دەدرا بە کۆمیتەیەك لە کۆشکی فیرووزە کە گەلاڵەی بەڕێوەبردنی تیرۆرەکەی دادەڕشتو لە دوو نوسخەدا پێشکەشیان دەکرد، یەکیان لە دەستی سەرۆك کۆمارو ئەویتریان لە دەستی ڕێبەردا. دوای ئەوەیکە سەرۆك

**کۆمارو ڕێبەر گەلاڵەکەیان پەسند دەکرد، گەلاڵەکە دەدرایە یەکێك لە یەکەکان، یان وەزارەتی ئیتلاعات یان سوپا، سوپای قودسو هتد... بۆ بەڕێوە بردنی.**

**هەروەها ئاغای مسباحی شایەتیی دا کە بۆ ئامادە کردنی کارە سەرەتایی یەکانی تیرۆری میکۆنووس، ئایەتوڵڵا فەلاحیان لە هاوینی ٩١ دا مەئموورییەتی بە کەسێك بەناوی "هادوی" دا بچێتە ئەڵمان. "هادوی" کەسێك بوو کە لەژێر ناوی بەڕێوەبردنی**

**کۆمپانیای "سمسام کالا" کاری بۆ واواك دەکرد. وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران پێوەندیی لە نێوان هادویو کەسێك دا ساز کرد بە نازناوی "دوکتور واو". هادوی لە ماوەی دوو، سێ مانگی مانەوەی خۆیدا لە ئەڵمان، لە ماڵی واودا دەژیا. هادوی لە گەڕانەوەیدا راپۆرتێکی دا بە فەلاحیان کە چالاکیی "فریاد بزرگ علوی" وەك گوترابوو، بەڕێوە چوو. پێویستە وەبیر بێنینەوە کە هێندێك لەو زانیاری یانەی کە ئاغای مسباحی دابوونی بە پۆلیسی ئەڵمانو کاربەدەستانی ئەم وڵاتە، لە دادگا ئاشکرا نەکران، چونکی مەترسیی ئەوە لە ئارادا بوو کە بێتە هۆی گرفت بۆ هێندێك کەس لە ئێران.**

***دەستماڵچی دەڵێ:***

**ئاغای مسباحی گوتی: ئێمە لە کاتی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی یەوە تا ئێستا "١٩٩٦" تەنیا لە ئوروپای رۆژئاوادا ٨٩ کەسمان لە ئەندامانی ئوپوزیسیۆنی ئێران کوشتوە کە لە راستی دا ئێوە هیچ ئاگاداری یەکتان لە هێندێکیان نیە.**

***شوهرە بەدیع دەڵی:***

**کاتێك کە شایەتی C " ئەبولقاسم مسباحی" هێندێك مەسەلەی باس کرد، ئێمە لە تەواوی روخسارەکاندا سەرسووڕهێنەری‌یەکمان دەدیت، ئەوەیکە چۆن دەبێ ڕێژیم**

**ئەوەندە جینایەتکار بێ کە تەنانەت لەگەڵ ئەوانەی لە خودی ئەو ڕێژیمە ئەوەندە نزیك بوون، ئاوها هەڵسوکەوتی کردبێ؟**

**بەرەوپێشچوونی کارەکانی دادگا بە تایبەت قسەکانی "ئەبولقاسم مسباحی"و بڵاوبوونەوەی زانیاری یەکانی ناوبراو، رۆژ لەگەڵ رۆژ لە نیگەرانی یەکانی کۆماری ئیسلامیی زیاد دەکردو لە ئاکامدا بوو بە هۆی ئەوەیکە مەلاکانی دەوڵەتی لە قوم فتوای کوشتنی دادستان‌و دادوەرەکانی دادگایان دەرکرد.**

## ***بەشی یازدەهەم:***

## ***حوکمی گرتنی فەلاحیان***

**جیا لە شایەتی دانی ئەبولقاسم مسباحی (شایەتی C)و ئەو زانیاری‌و بەڵگانەی کە لە دەزگا ئەمنییەتی‌یەکانی ئوورووپاو ئەمریکادا هەبوون، شایەتی دانی دوو کەس لە کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەتی ئەڵمانیش رۆڵێکی دیارو بەرچاوی لە رەوتی دادگای پێراگەیشتن بە جەنایەتی میکۆنووس دا گێڕا. سەرەتا شایەتی دانی ئاغای "گرونیروال"، بەرپرسی بەشی پێوەندیدار بە ئێران لە دەزگای دژی ئیتلاعاتی ئەڵمان.**

***لەم پێوەندی‌یەدا پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:***

**ئاغای "گرونیروال" کاتێك کە رۆیشت، هەرچی پرسیاریان لێ کرد گوتی: زۆر بە داخەوە ناتوانم وڵام بدەمەوە، بە هۆی ئەوەیکە وەزارەتی نێوخۆ مۆڵەتی وڵامدانەوەی بە من نەداوەو ئەمانە نهێنیی حکومەتن. لەو کات دا سیاسەتیی ئەڵمان ئەوە بوو تۆمەتبارەکان بگرن‌و کردەوەکە مەحکووم بکەن، بەڵام ناوێك لە کۆماری ئیسلامی نەهێنن.**

**بێدەنگیی ئاغای "وال" کە لە باری یاسایی یەوە نەی دەتوانی زانیاری یە نهێنی یەکانی وڵاتەکەی (دەوڵەتی ئەڵمان) بدات بە دادگا زۆری نەخایاندو ماوەیەك دواتر لە نامەیەکدا بۆ دادگای نووسی: یەکێك لە وڵاتانی دۆستی ئەڵمان منی بانگهێشتی ناوەندی زانیاری یەکانی خۆی کردەوەو پەروەندەیەکی تایبەت بە کوشتارەکانی میکۆنووس کۆ کردۆتەوە بۆ خوێندنەوە داویە بە من. کاتێك کە**

**ئاغای گرونیروال دوای خوێندنەوەی ئەم بەلگانەی ولاتەکەی دۆستی ئەلمان بۆی دەردەکەوێ کە ئەو زانیارییانە بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو بەلگانەی کە لە دەستی دەولەتی ئەلمان دا بوون وێك دەچن.**

**ئەمجارەیان چونکی زانیاری یەکانی ولاتی خۆی وەدەست نەهێنابوو، بەربەستێکی یاسایی نەبوو بۆ ئەوەی مۆلەتی پێ نەدا ئەو زانیارییانە بدات بە دادوەرەکانی دادگا.**

***پەرویز دەستمالچی دەلێ:***

**ئاغای گرونیروال لەو بەلگەیەدا نووسی: بە پێی ئەو ئاگاداری یانەی کە ئێمە هەمانە، تیرۆری میکۆنووس کاری دەولەتی کۆماری ئیسلامیو وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی ئێرانەو سی حەوتوو پێش تیرۆرەکە تیمێك لە ئێرانەوە هاتوە، شوێنو رێگای تیرۆرەکەی تاوتوێ کردوەو بۆ جێبەجێ کردنی تیرۆرەکە تیمێکی زەربەتی لە ئێرانەوە هاتوەو ئەم کارەی کردوەو لە شەوی رووداوەکەدا سیخوڕی فەلاحیانیش لە رێستوران بووە. واتە ئەم راپۆرتە ئەوەندە وردو دەقیقە کە رەت ناکرێتەوە.**

**شایەتی دانێکی دیکە کە خالێکی وەرچەرخان بوو لە دادگای میکۆنووس دا، شایەتی دانی "بیرت ئیشمیت باور" وەزیری رێکخستنی رێکخراوە ئەمنییەتی یەکانی دەولەتی ئەلمان بوو.**

***مێهدی ئیبراهیم زادە دەلێ:***

**"بیرت ئیشمیت باور" دانی بەوەدا نا کە لە سەفەرەکەی عەلی فەلاحیان لە ئۆکتۆبری سالی ١٩٩٢ بۆ ئەلمان ، فەلاحیان داوای لێکردوە پێش بە دەسپێکردنی دادگای میکۆنووس بگیرێ.**

**لە بەشێك لە یادداشتەکانی دەفتەری سەدر ئەعزەمی ئەلمان دا سەبارەت بە چاوپێکەوتنی ئایەتوللا فەلاحیانو وتووێژی لەگەڵ ئیشمیت باوردا هاتوە:**

فەلاحیان بە ئیشمیت باور دەڵێ: ئێران زۆری یارمەتیی ئەڵمان داوە، بۆ وێنە شوێنەواری لەسەر "حمادی"یەکان دانا بۆ ئەوەی بارمتەکانی ئەڵمان رزگار ببن. لە بەرانبەردا ئێران چاوەڕوانیی لە ئەڵمان ئەوەیە پێش بە بەرێوەچوونی دادگای جینایی لە بێرلین بگرێت کە بە نارەوا ئێرانی تێدا تاوانبار کراوە.

لە راپۆرتێکی سەدری ئەعزەمی ئەڵمان دا هاتوە: ئیشمیت باور داواکەی فەلاحیانی رەت کردەوە. فەلاحیان دوای ئاماژەکردنی دووبارە بە یارمەتی یەکانی ئێران بە ئەڵمانو دانی هێندێك پێشنیار بە ئەڵمان، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە: ئەڵمان دەبێ شوێن لەسەر دادگای میکۆنووس دابنێ. لەم کاتەدا پارێزەرەکانی کازمی دارابی کازرونی لە رێکەوتی ١٨ی مەی ١٩٩٥دا خوازیاری شایەتی دانی ئایەتوڵڵا فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتو ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران "واواك" لە دادگا بوو. فەلاحیان لە شایەتی دانەکەیدا کە بۆ دادگای ناردبوو هەر شێوە پێوەندی یەکی کازمی دارابی کازرونیی لەگەڵ دەزگای ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی رەتکردەوەو تەنانەت پێوەندی جەوادیو مورتەزا غوڵامی کە لە باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن کاریان دەکردو هەروەها پێوەندیی ئیمامی فەراهانی "سەرکونسولگەری بێرلین"ی لەگەڵ کازم دارابی رەت کردەوە. بەردەوام لە دادگا ناوی ئایەتوڵڵا فەلاحیان دووپات دەبۆوەو لە شایەتی دانە سەرەکی یەکاندا ناوی فەلاحیان لەسەرووی هەموو ناوانەوە بوو، هەمووی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە چۆنیەتیی بەرێوەچوونی تیرۆرەکە بەناوی کەسێك کۆتایی پێدەهات، ئەویش ئایەتوڵڵا عەلی فەلاحیان بوو. لە ئاکامدا لێکۆڵەری دیوانی بەرزی فدراڵ لە ئەڵمان لە رێکەوتی ١٤ی مارسی ١٩٩٦دا حوکمی گرتنو قۆڵبەسکردنی ئایەتوڵڵا عەلی فەلاحیانی دەرکرد.

وەزیری رێکخراوە ئیتلاعاتیو کاروبارە ئەمنییەتی یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی فەلاحیان لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٩ لە نەجەف ئاباد، شوێنی خزمەتو ژیان لە تاران. زانیاری یەکی زیاتر سەبارەت بە فەلاحیانو شوێنی ژیانی

لەدەست دا نیە، دەبێ بنێردرێتە زیندانی کاتی. ناوبراو بە توندی گومانی لەسەرە کە رۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ لە بێرلینو بە هاوکاریی هێندێك کەسی دیکەو بە نیازی پەستو خراپو بە کەڵك وەرگرتن لە کەرەسەی مەترسی دار، چوار کەسیان تیرۆر کردوەو هەوڵی کوشتنی کەسێکی دیکەیان داوە. ئەم تاوانە بە پێی مادەکانی ٢١١و ٢٥ی بەندی ٢، ٢٣و٢٥ی یاسای کەیفەریی فدراڵ بە جینایەت ناودێر دەکرێ.

دوکتور "وڵف" دادوەری دیوانی بەرزی وڵات ئەم حوکمەی تەئیید کردو لە دەربڕینی راوبۆچوونی خۆی وێڕای ئاماژە بە رەوتی لێکۆڵینەوەکانو خستنە ژێرفشاری شایەتەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامیو بۆچوونی کارناسانو هەروەها هێندێك ئاماژە بە قسەکانی ئایەتوڵڵا فەلاحیان لە تلوێزیۆنی دەوڵەتی ئێران لە رێکەوتی ٣٠ی ئووتی ١٩٩٢دا، نووسی:

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە دەست دان، ئیمکانی جیددی هەیە کە تاوانبار فەلاحیان، دەست بداتە جەنایەتێکی زیاتر. تیرۆری دیپلۆماتی پێشووی ئێران کازم رەجەوی لە ٢٤ی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٠دا لە دەوروبەری ژنێف، تیرۆری سەرۆك وەزیری پێشووی ئێران بەختیار لە ٦ی ئووتی ساڵی ١٩٩١دا لە دەوروبەری پاریس، تیرۆری نەقدی بەرپرسی بەڕێوەبەری شورای میللی مقاوەمەتی ئێران لە ١٦ی مارسی ١٩٩٣ لە رۆم، هەر هەموویان لە کاتی کارکردنی فەلاحیانو بە پێی بەڵگەکان لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەو لە وەزارەتخانەکەیدا کە ناوبرا سەرۆکایەتی یەکەی لەسەرشان بوو بەڕێوە چوون. بە هۆی قورسی تۆمەتەکان، بڕیاری گرتنی بە باش دەزانرێ.

دوای دەرکردنی حوکمی گرتنی ئایەتوڵڵا عەلی فەلاحیانو روون بوونەوەی ئەو مەسەلانەی کە لە دادگادا هاتنە گۆڕێو سەرکەوتنی دادستان لە سەلماندنی تاوانبار بوونی فەلاحیان لە ئیدیعانامەکەیدا لەسەر ئەوەیکە تیرۆری میکۆنووس لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوە چووە، لە ئێران خۆپیشاندانێك دژ

بــە ئــەڵمان رێــك خــراو هێنــدێك لــە مــەلاكان فتــوای كوشــتنی دادســتانو دادوەرەكانیان دەركرد.

*حەمید نەوزەری لەم پێوەندیيەدا دەڵێ:*

دوای ئەوەیكە دادستان باسـی لـە كۆمیتـەی تایبـەت كـرد گـوتی: وەلی فەقیـە ( عەلی خامەنەیی)، سـەرۆك كۆمـار، رەفسـەنجانیو ناوەكـانی دیكـە كـە لـە بڕیـاری تـیرۆری میكۆنـووس دا رۆڵیـان هـەبووەو بـە پەسـندی ئـەوان بـووە كـە لـە بـواری حـوكمی دەوڵــەتیو یاسـایی لــە ئێــران خۆپیشـاندانی جۆراوجۆربــە دژی ئــەم "كیفرخواست"ەیان رێك خستوەو لـە قـوم فتـوا بـۆ كوشـتنی دادسـتان دراوە. بـە دوای ئەوانـەدا لـە هـەموو لایـەك رەخنـەیان لـە دژكـردەوەو هەڵوێسـتی سـەدری ئەعزەمی ئەڵمان گرت، بـەلام ئـەم مەسـەلەیە كاری نـەكردە سـەر ساغبوونەوەی دادستانی.

## بەشی دوازدەهەم:

## *حوكمی دادگا*

لەپــەنای شــایەتی دانــەكانی ئیشــمیت بــاورو گێرنــونێروال، كاربەدەســتانی پایەبەرزی دەوڵـەتی ئـەڵمانو ئەبولحەسـەنی بـەنی سـەدر، سـەركۆماری پێشووی ئێــرانو ئەبولقاســم مســباحی، كاربەدەســتی ئەمنییــەتیی پێشــووی كۆمــاری ئیسـلامیو رۆڵـی زۆرگرینگـی راگەیەنەگشـتی یـەكانی ئـەڵمان، كـە رۆڵێكـی بەرچـاویان لـە بەرەوپێشچـوونی دادگـای بـەرزی بێـرلین دا هـەبوو، نابـێ رۆڵـی ئێرانی یەكانی دانیشتووی بێرلینمان لەبەرچاو ون بێ.

*شۆهرە بەدیع لەم پێوەندی یەدا دەڵێ:*

هەواڵنێری زۆر تێكۆشەرو هەڵسووری ئێرانیمان هەبوو كە بە وردی بەیانیانو ئێواران، لە كۆبوونـەوەكانی دادگـا وردەبوونـەوەو بـەردەوام لـە رۆژنامـە ئێرانـی

یەکانی سەرانسەری دونیادا راپۆرتیان لێ بڵاودەکردنەوە. جێی سەرسوڕمان بوو. ئەم هەموو هاوڕێی یەهاوبەشە لە ماوەی چوار ساڵدا. هەروەها تیمێکی بچووك پێك هاتبوو کە ٢٤ کاتژمێر کاریان دەکردو لەگەڵ من لە پێوەندی دا بوون. ئەم تیمە سەربەخۆ کاریان دەکردو خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەو هەواڵ بوون بۆ دادگا. ئەم کارە کاربەدەستانی دادگای هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە ئەم مەسەلەیە تیمێکی زۆر هەڵسووڕی هەیە کە بە هیچ شێوەیەك دەستبەردار نین.

یەکێك لەو یارمەتی یانەی ئێرانی یەکانی دانیشتووی بێرلین بە دادگای میکۆنووسیان کرد، ئاگادار کردنەوەی دادستان بووە لەو هەواڵانەی کە لە رۆژنامەی "انقلاب اسلامی در هجرت"دا سەبارەت بە بەڕێوەبەرانی تیرۆری میکۆنووس چاپو بڵاو ببوونەوە. وەرگێڕانی ئەم هەواڵەو پێشکەش کردنی بە دادگا بوو بە هۆی ئەوەیکە دادستان داوا لە بەنی سەدر بکات بۆ شایەتی دان، کە ئەم شایەتی دانەی بەنی سەدر بوونی شایەتی C "ئەبولقاسم مسباحی" لە دادگای لێ کەوتەوە. لە نێو ئەم مرۆڤە هەڵسوورانەدا پێویستە ئاماژە بە ناوەکانی مێهران پایەندە،عەباس خوداقولیو حەمید نەوزەری بکەین. لە ئاکامدا دادگا دوای نزیك بە پێنج ساڵو بەڕێوەچوونی دووکۆبوونەوە لە حەوتوواو بیستنی شایەتیی ١٨٠ کەس کە دوو لە سێی شایەتی یەکان بە قازانجی تاوانباران بوونو هەروەها تاوتوێ کردنی دەیان هەزار لاپەڕە بەڵگەو شایەتی دانو بیستنی بەرگریی ١٢ کەس لە پارێزەران، حوکمی خۆی دەرکرد.

هەروەك باس کرا پێش دەرکردنی دوایین حوکمی دادگا لە ئاوریلی ١٩٩٧دا دادستانی دادگا حوکمی گرتنی ئایەتوڵڵا عەلی فەلاحیانی دەرکردبوو، حوکمێك کە تەئییدیەی دیوانی بەرزی وڵاتی ئەڵمانیشی لەسەر بووو تا ئێستاش لە جێی خۆیدایە. حوکمی دادگا ٤٠٠ لاپەڕەیە. لە بەشێکی ئەم حوکمە درێژەدا هاتوە:

***بەشێك لە حوکمی دادگای بێرلین:***

دوای تاوتوێکردنی هەموو بەڵگەکان بەو ئاکامە گەیشتین کە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نە کردەوەیەکی بێ بەرنامە بووەو نە بە هۆی ناکۆکیی نێوخۆی لایەنە ئوپوزیسیۆنەکان بەڕێوە چووە، بەڵکوو ڕاست بە سەرنجدان بە بەڵگەکان، ڕێبەرایەتیی سیاسیی ئێران لە تەواویەتی سیستەمی دەسەڵاتدارەتی دا لە پشت ئەم کردەوە جینایەتکارانەوەیە بوون. تاوانباران نە قوربانیانی خۆیان دەناسیو نە پێوەندی یەکی شەخسیو تایبەتییشیان لە گەڵیاندا هەبوو. بەڵکوو ئەم تیرۆرە بە هۆی بەستراوەیی تاوانباران بە سیستەمی سیاسیی ئێرانو مەئموور بوون لە لایەن دەزگاکانی ئیتلاعاتیو ئەمنییەتی ئێرانەوە بەڕێوەچووە. کازمی دارابی، یوسف ئەمین، عەباس ڕاحلو ئەوانی دیکە وەك مۆرەکانی حیزبوڵڵایی بەستراوە بە نیزامی سیاسیی ئێرانوبە بڕیاری کاربەدەستانی سەرەوتر ئەم کارەیان بەڕێوە بردوە. کەوابوو ئەم تیرۆرە تیرۆرێکی سیاسی یە، چونکی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەم تیرۆرەوەیەو ئەم تیرۆرە، تیرۆریزمی دەوڵەتی یە.

حوکمی دادگای بێرلین نەتەنیا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەك نیزامێکی جینایەتکار ناودێر کردوە کە کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو ـ بە پێی وتەی دادگا ـ لە نزمترین رادەی ئەخلاقی دا کار دەکەنو لە تیرۆریزمی دەوڵەتی بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانیان کەڵك وەردەگرن، بەڵکوو ڕاشکاوانە ناوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیشی هێناوە.

*لەم پێوەندی یەدا پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:*

ئەوەیکە لە کۆی ئەم ٤٠٠ لاپەڕەدا دیارو بەرچاوە، بەشێکە کە پێیوەندیی بە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیییەوە هەیەو لەوێدا زۆر ڕوونو ڕاشکاوانە هاتوە کە: کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرپرسی ئەم تیرۆرەیەو ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە لە کۆمیتەی تایبەت دا بوونو بەشداری بڕیارەکە بوون وەك: ڕێبەری ئایینیی نیزامو سەرۆك کۆمارو ڕێبەرانی دیکەو ئەوەیکە ئەمانە بە مەبەستی ئەم

**تیرۆره هۆكاری ئاییینی پێشكەش دەكەن، هۆكارێكی بێ بنەمایە، هۆكاری ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم تیرۆره تەنیاو تەنیا مەبەستی سیاسی لە پشتە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان.بەڵام دادوەرانی دادگای بەرزی بێرلین جیا لە جینایەتی ریستورانی میكۆنووس، تیشكیان خستە سەر هێندێكی دیكە لەو تێرۆرانەی كە لە لایەن كۆماری ئیسلامییەوە ـ لە دەرەوەی وڵات ـ بەڕێوە چوون. ئەو تیرۆرانەی كە لە باری تەداروكاتی یان عەمەلیاتی یەوە پێوەندی یان بە بڕیاردەرانو بەڕێوەبەرانی تیرۆری میكۆنووسەوە هەبوو. هەڵسەنگاندنی چاودێرانو شكایەتكەرانی تایبەتی، لە حوكمی دادگاو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی چۆنە؟**

***شۆهره بەدیع لەم پێوەندی یەدا دەڵێ:***

**بە سەرنجدان بەوەیكە دەوڵەتەكان ناچارن لەسەر هێندێك مەسەلە راوەستن حوكمی دادگا لەوە روونو لێبڕاوانەتر نابێ. بەڵام لە هیچ كوێی ئەم حوكمەدا مرۆڤ هەستی بەوە نەدەكرد كە راوەستانو پەردەپۆشی یەك هەبێ. دادستان زۆر بەهێزوبە ورەو زیرەكی یەوە كاری دەكردو من دوای یەك ساڵ بەوەم زانی كە لەم دادگایەدا تەنیانیمو هیوای ئەوەیكە دادگا بە ئاكامێك بگا زۆر لەسەرێیە.**

***حەمید نەوزەری دەڵێ:***

**دەزگای دادوەریی ئەڵمان نیشانی دا كە لە بەرانبەر سیاسەت دا سەر نەوی ناكات. دادستانێك هەبوو كە تەنانەت لە بەرانبەر زەختە دەروونییەكان دا خۆی رادەگرت. نە دادگاو نە دادستان لە بەرانبەر گوشارەكانی ئێرانو ئەڵمان دا كۆڵیان نەدا. تەنانەت ئەو كاتەش كە فتوای كوشتنی دادستانیان لە قوم دەركرد.**

***پەرویز دەستماڵچی دەڵی:***

**بە بۆچوونی من حوكمی دادگای میكۆنووس یەكێك لە بەڵگەدارترینو بەئیعتیبارترین بەڵگەكانە لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتیی كۆماری ئیسلامیی ئێران دا. چونكی لەسەر بنەمای راپۆرتەكانی پێوەندیدار بە رێكخراوە**

**ئیتلاعـــاتیو دژە ئیتلاعـــاتی یـــەکانی ئـــەڵمانو هـــەروەها لەســـەر بنـــەمای لێکۆڵینەوەکانی دادستانی ئەڵمانو دەیانو دەیان راپۆرتی دیکە دراوەو پشت بـە هەمووی ئەمانە دەبەستێ.**

***مێهدی ئیبراهیم زادە دەڵێ:***

**بەڕاسـتی دادگـا دەیەویسـت بـەرەوپێش بـڕواتو هـەم دادسـتانو هـەم دادوەر مرۆڤگـەلێکی ئـازاو خۆشەویسـت بـوون کـە دەیـان ویسـت بـە دوای مەسـەلەکەدا بچنو ئێستا هەر وەك من ئاگادارم دادستانی میکۆنووس بەدوای مەسـەلەکەوەیە. ئەوەیکە لە حـوکمی دادگـادا بـەناوی تیرۆریزمـی دەوڵـەتی هاتـە گـۆڕێ، بـۆ دادگـا سەلمێندراو دادگا حوکمی مێژوویی خۆی راگەیاند.**

## **بەشی سێزدەهەمو کۆتایی:**

## ***پچڕانی پێوەندیی وڵاتانی ئورووپاییو***
## ***خۆڕێکخستنی نوێی کۆماری ئیسلامی***

**دوای دەرچوونی حوکمی دادگای بەرزی بێرلین لـە رۆژی ١٠ ئـاوریلی ١٩٩٧دا بـۆ مـەحکوومکردنی نیزامـی کۆمـاری ئیسـلامی بـە هـۆی دەسـتێدا بـوونی کۆمـاری ئیسلامیو رێبەرانی پایەبەرزی ئەم دەسەڵاتە لە تیرۆری میکۆنووس دا، دەوڵـەتی ئەڵمان ١٤ کەسی لە مەئموورانی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی ـ کـە لـەژێر نـاوی کاری دیپلۆماتیك ـ لەم وڵاتە خەریکی تێکۆشان بوون، وەدەرنا. لەنێو دەرکراواندا دەتوانین ئاماژە بـە ناوەکـانی: حسێن موسـەویان، بـاڵوێزی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ئەڵمانو ئەمانی فەراهانی، کۆنسولی یەکەمی کۆماری ئیسلامی لە بێرلین بکـەین. وڵاتـانی ئورووپـای رۆژئـاواش دەسـبەجێ پێوەنـدیی دیپلۆمـاتیکی خۆیـان لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامیدا بچـڕاند. باڵوێزەکـانی خۆیـان لـە تـاران بـانگ کـردەوەو باڵوێزەکـانی کۆمـاری ئیسلامییشـیان نـاردەوە بـۆ تـاران. بـەڵام دوای ماوەیـەك**

**کۆماری ئیسلامی پێوەندی بە وڵاتانی ئورووپایی یەوە گرتو بەڵێنی پێدان کە چی دیکە نەیارانی خۆیو جیابیران لە دەرەوەی ئێرانو لە وڵاتانی ئورووپایی تیرۆر نەکاتو تا ئێستاش بەم بەڵێنی یە وەفادار ماوەتەوە.**

***پەرویز دەستماڵچی دەڵێ:***

**لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩١ەوە تا بە ئەمڕۆ لە ئورووپای رۆژئاوادا کەسانی سەربە ئوپوزیسیۆنی ئێرانو جیابیرانی ئێرانی تیرۆر نەکراون. ئەگەر کاری ئەوان نەبووە بۆ بەڵێن دەدەن کە ئەمجارەیان نەیکەنو بۆچی دوای بەڵێنی یەکەی ئەوان هیچ شتێك روو نادا، یان ئەو ئیدیعایەیان کە ئەوە کاری هێندێك تیمی سەرەڕۆ بووە. باشە ئەگەر ئەمە کاری هێندێك تیمی سەرەڕۆیە، کۆماری ئیسلامی هەر بەڵێنی بۆ دەداو پاشان ئەم تیمە سەرەڕۆیانە دەرۆنو کاری خۆیان دەکەن. تەواوی ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن کە نە سەرەرۆیی یەك لە ئارادا بووە، نە شتێکی دیکە، بەڵکوو کارو بڕیاردانەکان زۆر کۆکراوەو بە دیسیپلین لە لایەن بەرزترین کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی یەوە بەڕێوە چوون.بە وتەی هێندێك لە راڤەکارانو چاودێرانی سیاسیی ئێرانیو غەیرە ئێرانی، دەرچوونی حوکمی مێژوویی‌و بێوێنەی دادگای بەرزی بێرلین بوو بە هۆی خۆڕێکخستنی نوێی سیاسیی کۆماری ئیسلامی. بە واتایەکی دیکە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا گۆڕانێك پێکهات. ئەم گۆڕانە سیاسی یەو دانی پۆستی سەرۆك کۆماری بە حوجەتولئیسلام محەممەد خاتەمیش، بە پێی قسەکانی سەعید حەجاریان کە وەك تیئۆریسیەنی ریفۆرمخوازی ناسراوە، لە نێوەوەی وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی وڵات دا گەڵاڵە رێژیی بۆکرا. خودی ئاغای حەجاریان کە دوای ماوەیەك لە لایەن مۆرەیەکی حیزبوڵڵایی‌یەوە تیرۆر کرا، بەڵام لە کوشتن رزگاری بوو، لەگەڵ ئەبولقاسم مسباحی "شایەتی C" یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.**

کاتێك کە حوکمی دادگای میکۆنووس لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧دا لە لایەن دیوانی بەرزی وڵاتی ئەڵمانەوە لە رۆژی ٩ی دیسامبری ١٩٩٨دا پەسند کرا، محەممەد خاتەمی پۆستی سەرۆك کۆماری وەرگرتبووو گۆڕانی خۆڕێکخستنی کۆماری ئیسلامی لە شێوەکاری ئەم رێژیمە هیوایەکی لەنێو ئورووپاییەکاندا پێك هێنا. دادگای بەرزی بێرلین تا رادەیەك هەموو رەهەندەکانی تیرۆری میکۆنووسی روون کردەوە، هەر لە چۆنیەتیی گەلاڵە رێژیی تیرۆرەکەوە تا تەداروکاتو عەمەلیاتو ناسینی بڕیاردەرانو بەڕێوەبەرانی تیرۆرەکە. بەڵام نەیتوانی سەبارەت بە مەسەلەیەك بە ئاکامێکی روونو ئاشکرا بگات. ئەویش دیاری کردنی شوناسی کەسێك بوو کە وەك سیخوڕو "خبرچین"ی وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی کاری کردو کۆبوونەوەی رێبەرانی کوردی بە ئاگاداریی ئەوان گەیاند.

*شۆهرە بەدیع دەڵێ:*

تەنیا مەسەلەیەکی تایبەت کە ئێستاش ئاواتی منە روون بێتەوە، ئەویش مەسەلەی سیخوڕ یان ئەو کەسەیە کە ئەم کۆبوونەوەیەی بە ئاگاداریی تیرۆریستان گەیاندو ئەم خۆشەویستانەمان تیرۆر کران.

*مێهدی ئیبراهیم زادە دەڵێ:*

من پێم وایە ئەم رووداوە بێ بوونی سیخوڕێك راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە نێوماندا رووی نەدەدا، واتە تەنانەت کۆبوونەوەی ئەم ٩ کەسە نەی دەتوانی ئاوەها پێك بێت. ئامانجی تیرۆر لەو کاتەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، ئێمە نەبووین. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ سیخوڕەکە لەنێو ئێمەدا بووبێ.

لە نێو ئامادەبووانی ریستورانی میکۆنووس دا یەکێك لەو کەسانەی رزگاری بوو، عەزیز غەفاری، خاوەنی ریستورانەکە بوو. غەفاری دوای روودانی میکۆنووس بێرلینی بەجێ هێشتو چوو بۆ "دۆسیلدۆرف"و لە ساڵی ١٩٩٧ەوە لە

نێوان ئێران‌و ئەڵماندا هاتوچۆی بازرگانی دەکا. مەسعوود میرراشدو ئەسفەندیار سادق زادە تا ئێستاش لە ئەڵمان دەژین، بەڵام ئێمە نەمان توانی لەگەل هیچ کام لەم سێ کەسە پێوەندی بگرین. موجتەبا ئیبراهیم زادەو پەرویز دەستماڵچییش کە گێڕانەوەی ڕووداوەکەتان لێ بیستن، لە ئەڵمان دەژین‌و لەوێ کار دەکەن. بەلام لە نێو تاوانبارانی دادگادا، یوسف ئەمین کە هاوکاریی پۆلیسی ئەڵمانی کردبووو زانیاری یەکی گرینگی سەبارەت بە ڕەوتی تەداروکاتی تیرۆری میکۆنووس داوە بە پۆلیس، ساڵی ١٩٩٩ لە زیندان ئازاد دەکرێ‌و دەنێردرێتەوە بۆ لوبنان‌و دەڵێن هەر لەوێ کوژرا. کازمی دارابی کاززونی کە بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کراوە ئێستاش لە زیندان دایەو هەر چەند دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی چەند جارێك خوازیاری گۆڕینەوەی لەگەڵ هێندێك لە زیندانیانی لوبنان بووە، بەڵام نەی توانیوە ڕەزامەندیی دەوڵەتی ئەڵمان وەدەست بێنێ. بنەماڵەی کازمی دارابی بەردەوام بۆ دیتنی ئەو لە ئێرانەوە سەفەری ئەڵمان دەکەن‌و ماوەیەك لەمەوپێش روون بۆوە کە دارابی لە زیندان دا بە شێوەی نایاسایی لە تەلەفۆنی موبایل کەڵك وەردەگرێ. بەرپرسانی زیندان باسی ئەوە ناکەن کە ئەو تەلەفۆنە چۆن گەیشتۆتە دارابی‌و پێوەندی گرتنەکانی دارابی بەم مۆبایلە لەگەڵ کێیە لە ناوەوەو دەرەوەی ئەڵمان. عەباس راحل کە تیری خەلاسی بە قوربانیانەوە ناوە بە حەبس مەحکووم کراوەو چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ کە قەت رزگار بکرێ. عەبدولڕەحمان بەنی‌هاشمی کە بە دەستڕێژی تیربار ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی تیرۆر کردو دەستی لە کوشتنی کەسانێکی دیکەش دا هەبووە، ئێستا لە ئێرانەو یەکێکە لە ئەندامە بەرچاوەکانی حیزبی مۆئتەلیفەی ئیسلامی. حسێن موسەویان بالوێزی کۆماری ئیسلامی لە ئەڵمان سوێندی خواردبوو هیچ ئاگاداری یەکی لە ڕەوتی تیرۆرەکە نیەو پاشان لە دادگا روون بۆوە کە لە تەداروکات‌و ڕێکخستنی هێندێك لە عەمەلیاتی تیرۆرەکانی کۆماری

ئیسلامی لە ئوروپادا دەستی هەبووە، تا ماوەیەك لەمەوپێش ئەندامی هەیئەتی وتووێژی کۆماری ئیسلامی بووە لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم دا.

نزیك بە دە ساڵ دوای تیرۆری میکۆنووس، دەوڵەتی ناوچەیی بێرلین بە پێشنیاری ئێرانی یەکانی دانیشتووی بێرلین‌و بە هەوڵی ئەوان بڕیاری دا تابلۆیەکی بیرەوەری لەو ڕووداوە لەبەردەم ریستورانی میکۆنووس دا دابنێ. باڵوێزی ئێران نامەیەکی زۆری بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەڵمان نووسی‌و پێوەندی یەکی زۆری لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەیی‌و شارەوانیی بێرلین گرت‌و لە ئاکامدا توانی لە هێنانی ناوی ڕێکخراوی ئەمنییەتی ئێران لەسەر تابلۆکە پێشگیری بکات. لە تابلۆی بیرەوەریی قوربانیانی میکۆنووس دا بە جێی ڕێکخراوی ئەمنیەتیی ئێران وەك بەڕێوەبەری جینایەتەکە ناوی کاربەدەستانی پێشووی کۆمار ئیسلامی هاتووە.

پێویستە بگوترێ کە ناوی ئەم زنجیرە ڕاپۆرتە واتە " لە بێرلین هێشتا دادوەر هەیە" (هێشتا لە بێرلین قازی هەن)مان لە چیرۆکێکی ئوستورەیی وەرگرتوە کە لە ئەڵمان دا بەناوبانگەو حەمید نەوزەری بۆ ناوی کتێبێکی کەڵکی لێ وەرگرتوە.

# دوایین وتوویژ
# لە دوایین سەفەری بێ گەڕانەوەدا

وتوویژی عەلی کێشتگەر لەگەڵ کاک سەعید

کە پووشپەڕی ١٣٧١ی هەتاوی لە رۆژنامەی" فیدایی"دا چاپ و بڵاو کرایەوە

شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی

**کێشتگەر: با پرسیاری یەکەمم سەبارت بە تێکوشانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، لە ولاتە کە ماندا بێت.**

کاك سەعید: کۆی تێکۆشانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نمونەی ئەو تێکۆشان و چالاکیانەن کە حیزبێکی سیاسیی، بەرێوەیان دەبات و بریتیین لە پێوەندی گرتن بە خەڵك و هاندانی خەڵك بە سەرنجدان بە سیاسەتەکان و هەڵوێستەکانی حیزب و بۆچوونە سیاسیەکانی و ئەگەر بمەوێ بە وردی و دەقیقی باسی بکەم دەبێ بڵێم کە حیزبی ئێمە بەردەوام بە کەڵك وەرگرتن لە سێ رێگا لە گەڵ خەڵك لە پێوەندی دایە.

رێگای یەکەم: لە راستی دا تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ئەم شێوە کارە لە هەلومەرجی ئێستای ئێران دا پێویستە. هەر وەك خۆتان دەزانن زۆر روون و ئاشکرایە و پێویست بە باسکرن ناکات.

رێگای دووهەم: بریتی یە لە حزووری کادر و پێشمەرگەکان کە بە شێوەی چەکدارانە لە سەرانسەری کوردستان دا چالاکی ئاشکرایان هەیە.

هەر ئێستا کادر و پێشمەرگەکان لە سەرانسەری کوردستان (لە باشوورە تا باکوور) حزووریان هەیە، و لە گەڵ خەڵك لە پێوەندی دان.

پێشمەرگەکان لە پێوەندی گرتن لە گەڵ خەڵك دا، لە هەر شوێنێك تووشی ئەرتەش یا سپای پاسداران ببن بە شێوەی چەکدارانە بەرەنگاری لە خۆیان نیشان دەدەن.

**کێشتگەر: ئایا ئەم تێك هەڵچوونانە تەنیا لایەنی بەرەنگاری هەیە یان، شێوەی هێرش بەرانە ش لە خۆی دەگرێ؟**

کاك سەعید: نا. تێکۆشانی پێشمەرگەکانی ئێمە تا ئێستاش کەمتر هێرشبەرانە بووە، کاری ئەوان زیاتر پێوەندی گرتن لە گەڵ خەڵك و تێگەیاندنیان لە سیاستەکانی حیزبە.

**کێشتگەر: بەشێکی دیکەی ئەم پرسیارەم ئەمەیە کە بە سە رنجدان بەوەیکە حیزبی دیًموکراتی کوردستان لە رابردوودا وێرای تێکوشانی چەکداری رێچارەی سیاسیی بۆ کێشەی کوردستان راگەیاندبوو، دەمەویست پرسیاری ئەوە بکەم کە ئێستا لایەنە سیاسیی و نیزامیی یەکانی ئەم خەباتە چۆنە و لە ئاستێك دایە؟**

**کاك سەعید: لە راستی دا خەباتی چەکداری حیزبی ئێمە و تێکۆشانی پێشمەرگەکانمان، تێکوشانی سیاسی یە و قەتمان بایەخ بە شەر و کوشتن و برین نداوە و ئامانج لەم چالاکییانە، پێوەندی گرتنی راستەوخوی ئێمەیە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، کە ئامانجێکی سیاسیی. بەڵام چونکی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم جۆرە تێکۆشانانە قەدەغە و سەرکووت دەکات، ئێمەش بە سەرنجدان بە بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە دەتوانین بەرنگاری لە خۆمان بکەین و تێکوشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٠ـ١٢ ساڵی رابردودا جیا لە دیفاع لە خۆکردن و بەرێوبەری چالاکی شتێکی دیکە نەبوە و ئەمەش مافی بێ ئەم لاو ئەولای هەر حیزبێکی سیاسیی یە. کەوابوو ئەرکی سەرەکی و بنەرەتی کادر و پیشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات،تێکۆشانی تەبلیغی و تەشکیلاتی یە لە سەرجم ناوچەکانی کوردستان. لە کاتی جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکانەدا پێشمەرگەکانی ئێمە تووشی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم دەبنەوە و دیفاع لە خویان دەکەن. ئێمە لە بەرانبەر هێزی چەکداری رێژیم دا دیفاعی چەکدارانە لە خۆمان دەکەین.**

**کێشتگەر: ئایا دەتوانین بلێین حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی کوردستان دا تەنیا چالاکی سیاسیی و کلتووری دەنوێنی و تێکۆشانی چەکداری هێزی پێشمەرگە بۆ دیفاع و بەرنگاری لە خۆیەتی لە بەرانبەر هێرشی چەکدارانە و سەرکوتکەرانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران؟**

**کاك سەعید: بە شێوەیەکی گشتی بلێ. بەڵام لە راستی دا کێشەی حیزبی دێموکرات و هیچ حیزبێکی سیاسیی دیکە چالاکی چەکداری و کوشتن و بڕین**

نیە و ئەمە تەنیا مێتودێکە بۆ روبەرو بوونەوە لەگەڵ رێژیم.لە راستی دا ئەوە یکە رێژیم ئیزن بە هیچ شێوە تێکۆشانێکی سیاسی و راشکاوانە نادات و هەرشێوە چالاکی یەك بە توندی سەرکوت دەکات. لە رووی ناچاری، یان دەبێ واز لە تێکۆشان بێنی یان دەبێ بەرنگاری بکەیت. ئێستا کە هێرشی رێژیم، هێرشێکی نیزامیی یە، بەرە نگاری ئێمەش نیزامی و چەکداریی یە. بەڵام شتێکی روون و ئاشکرایە هەرکات حیزبی دێموکرات ــ وە ك حیزبیك ــ بتوانێ بە شێوەی یاسایی چالاکی بنوێنێ و نەکەوێتە بەر تورەیی و سەرکوتی رێژیم، هۆیەك بۆ درێژەدران بە تێکۆشانی چەکداری نامێنێ. ئێمە ئەوە بە مافی خۆمان دەزانین تا کاتێك وڵامی تێکۆشان و داواکانمان سەرکوت وتوند وتیژی بێت، بە شێوازی چەکداری بەرەنگاری لە خۆمان نیشان دەدەین. سێهەم رێگای تێکۆشانی ئێمە، رادێو دەنگی کوردستانی ئێرانە، لە ماوەی ئەم سێزدە ساڵەدا ئەم رادێۆیە بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی رێك و پێك هەموو رۆژەێ سێ جار سیاسەتەکانی حیزب بە ئاگاداری خەڵکی کوردستان دەگەیەنێ. (نە تەنیا لە کوردستان، لە سەرانسەری ئێران و لە ئورووپا و ئەمریکای باکووریش). ئامانجی ئەم رادێۆیە تەبلیغاتی سیاسی و کلتووری‌یە بە دوور لە درۆ هەڵبەستن. ئەم رادێۆیە هەوڵ دەدات هەواڵەکان وەك خۆی بە ئاگاداری خەڵك بگەیەنێ. لە لێکدانەوەکانیدا هەمیشە هەوڵی داوە یەك لایانە قەزاوەت نەکا و قورسایی و ئیعتباری خۆی لای خەڵك راگرتووە. ئەم رادیۆیە لە چوارچێوەی تێکۆشانی حیزبی دا، رۆڵێکی بەرچاوی گێراوە. لە راستیدا ئەم رادیۆیە یەکێکە لە کەرەسە گرینگەکانی حیزب بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵك.

کێشتگەر: پرسیارێکی دیکەم ە وەیە؛ ئێستا حیزبی دێموکرات چی دەوێ یان باشتر بڵێم، وای دابنێن ئێستا لە تاران حکومەتێك دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و دانوستاندنی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا قبوڵ بێ، ویستەکانی حیزب لەم حکومەتە (فەرزیە)یە چی یە؟ و بە چ مەرجێك حیزی دێموکراتی

**کوردستان واز لە خەباتی چەکداری دێنێ؟ واتە ویست و داخوازی سیاسەتەکانی حیزب بە سەرنجدان بە ئالۆگۆڕە جیهانی یەکان، لەم چەند ساڵەی دوایەدا گورانیان بە سەر هاتووە یان نا؟**

**کاك سەعید: لێرەدا دوو مەسەلە لە ئارادایە؛ یەکیان سیاسەتی ئێمە لەگەڵ هەر شێوە رێژیمێك و، یەکێشیان سیاسەتی ئێمەیە لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی. بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە لایەك دێموکراسی بۆ ئێران و لە لایەکی دیکەش خودموختاریـیە بۆ کوردستانی ئێران. ئامانجی حیزبی دێموکرات سەقامگیر بوونی دێموکراسی یە لە ئێران و بە بۆچوونی ئێمە خودموختاری لە کوردستانی ئێران ئاکامی ئەم دێموکراسی یە دەبێ. بەو واتایەی کە ئەگەر دێموکراسی بە مانای دەسەڵاتی خەڵك بێت( ئەوەیکە خەڵك سەبارەت بە هەر کێشەیەك کە پێوەندی بە خاك و نیشتمانی خۆیانەوە هەیە بریار بدەن). کاتێك کە دێموکراسی لە سەرانسەری ئێران دا سەقامگیر بێت، دابەزاندنی ئەم دێموکراسی یە لە کوردستانی ئێران لە فورمی "فیدرال"دا دەبێت. کەوابوو دروشمێکی دیارمان هەیە؛ سەقامگیر بوونی دێموکراسی لە ئێران بە شێوەیەك کە هەموو خەڵك بتوانن راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، ئازادانە دەربڕن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئەم دێموکراسی لە کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کوردستان بە شێوەی رەنگدانەوەی مافی نەتەوایەتی ئەوان خۆی دەنوێنی. تا ئێستا تێمە ئەم ویستانەمان لە شێوەی خودموختاری راگەیاندوە، بەڵام ئەوکات (لە داهاتوودا) خۆیان (نەسڵەکانی دیکە) دیاری دەکەن کە ویستەکانیان بە چ شێوەیەك دەبێت.**

**کێشتگەر: دوو مەسەلە لە ئارادایە، یەکیان ویستی خەڵك، ئەو تریشیان هەڵوێست و سیاسەتی حیزب. مەبەستی من زیاتر هەڵویستی حیزبە.باسکردن لە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان پێویستی بە دەنگی گشتی خەڵکی ئێران هەیە، پرسیاری من ئەوەیەکە، ئایا ئێوە دەنگی گشتی خەڵکی**

**ئێران تان سەبارەت بە یاسای بنەرەتی نوێ و دامەزرێنەران(موء سسان)ی نـوێ کە خۆی لە کێشەی کوردستانیش دا دەبینێتەوە، قبوڵە یان نا؟**

کاك سەعید: نا، بوت باس دەکەم، کاتێك کە ئێمە خوازیاری خودموختاری بـۆ کوردسـتانین، لـەم روانگـە گشـتی یەوەیـە کـە ئێمـە ئێرانمـان پـێ وڵـاتێکی فـرە نەتەوەیە. ئێران بە تەنیا وڵاتی فارسەکان نیە، وڵاتی ئازەری یـەکان، کوردەکـان، بەلووچەکان، تورکمەنەکان و عەرەبەکانیشە. کەوابوو لـە ئێرانێکـی دێموکراتیـك دا ئەو مافانەی کە کوردەکان لێی بەشداردەبن ـ لە روانگەی ئێمەوە بـۆ هـەر کـام لـەم نەتـەوانش بـوونی هەیـە، لـە ئاکـام دا لەوانەیـە رێچـارەی گشـتی بـۆ ئێـران سیسـتمی فـدراتیو بێـت، کەتیایـدا سـەرجەم نەتـەوەکان خـاوەنی مـافی تایبـەتی خۆیانەوەیکـە ئێمـە تـا ئێسـتابۆخودموختاری کوردسـتان قسـەمان کـردوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەیکـە نەمانویسـتوە خۆمـان بکـەین بـە وەکیلـی نەتـەوەکانی دیکە. ئێمە پێمان وایە لە ئێرانێکی ئازددا کـە خـەڵك بتـوانی ئازادانـە بۆچـوونی خۆی دەربـری و چارەنووسـی خـۆی دیـاری بکـات، ئـەم سیسـتمە دەتـوانێ بـەرێوە بچێ. ئەمە باشترین سیستمە بۆ ئێرانێکی فرەنەتەوە.

سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیکە کە باسـتان کـرد، بـە سـەرنجدان بـە پێشـینەی مێژوویی و عادەتی رەسمی کە لە ئێران دا هەیە قبوڵ کردنـی مـافی نەتەوایـەتی "جیا لە فارسەکان" لە بیرورای ئێرانی ئەمرۆدا تا رادەیـە دژوار دێتـە بـەر چـاو. هـەر بۆیـە ئێمـە پێمـان وایـە ئەگـەر قـەرار بێـت سـەبارت بـە (بـۆ وێنـە مـافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان ی ئێران)، شـوێن و ناوچـەکانی دیکـەی ئێـران وەك: ئیسفەهان، شیراز، تاران و هتد... بریاڕ بدەن چونکی نەتەنیا مەسەکەیان بۆ دیار و ئاشنا نیە بەڵکو شتیکە بە پێچەوانەی رەسـم و عـادەت، لـە باشـترین حالـەت دا راوبۆچونی لە سەر نادەن یان ئەگەری ئەوەی هەیە دژایـەتی دەکـەن. کـەوابو بـە کورتی دەبێ بڵێم، سەبارەت بەوەیکـە خـەڵکی کوردسـتان بیانـەوەێ لـە ئێرانێکـی دێموکراتیك دا بمێنەوە یان نا، تـەنیا دەبـێ پـرس بـە خـەڵکی کوردسـتان بکـرێ.

ئەگەر قەرار بێ سەبارەت بە خودموختاری کوردستان بۆ وێنە لە پارلەمانی دامەزرێنەران (موسسان) یان لە یاسای بنەرەتی دا بێتە گۆری و ڕێفراندۆمی گشتی بۆ بکرێ، هەمیشە خەڵکی کوردستان لە کەمایەتی (اقلیت)دا دەمێنێەوە. سەبارەت بە مافی خەڵکی کوردستان تەنیا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ.

کێشتگەر: هەرچەند لە سەر ئەو باوەرەم کە سەرەتا دەبێ ئەو مەسەلانەی کە بەلای خەڵکەوە نامۆ و ئاڵۆزن لە ڕێگای تەبلیغ و شیکاری یەوە خەڵکی لێ ئاگا بکرێ و بەتایبەت ئەگەر هێندێك مەسەلە کە دەستبەجێ بخرێنە ڕێفراندوم و ئاکامی ئەرێنی یان لێ بکەوێتەوە، دەکرێ بەتەبلیغاتی بەربڵاوی ئاموزشی ئەگەر فەرهەنگی و شێکردنەوە مەسەلەکان ئاکامی دڵخوازیان لێ بکەوێتەوە. بەڵام گرفتەکە لێرەدایە کە بۆ وێنە لە سبەینێی هەرس هێنانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سەقامگیر بوونی حکومەتێکی دێموکراتیك لە ئێران ئەگەر قەرار بێت سەبارەت بە ئازەربایجان، تەنیا خەڵکی ئازەربایجان و سەبارەت بە کوردستان، تەنیا خەڵکی کوردستان بریار بدەن و پرسیان پێ بکرێ، ئەی کام مەسەلە دەکەوێتە ڕێفراندۆمی گشتی خەڵکی ئێرانەوە؟ چۆن دەکرێ وەك وڵاتێکی یەکپارچە چاو لە ئێران بکرێ، ئەمە لە روانگەی منەوە کە لایەنگری کوردستان و خودموختاریم ، زۆر گرینگە، چۆن پشتیوانی لە خودموختاری کوردستان بکەین بێ ئەوەیکە یەکپارچەیی ئێران خەوشدار بێ؟

کاك سەعید: ئەم مەسەلانە روون و ئاشکرا و دیارن. ئەوەیکە لە وڵاتێکی فدراتیو، پاشایەتی، کۆماری یان هەر شتێکی دیکەدا بە هەر سیستمێك کە هەیبێت ـ سنووری دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند و سنووری دەسەڵاتی هەر کام لە هەرێمەکانی خودموختار روون و دیارە. ئەوە مەسەلەیك نیە کە ئێران دایهێنابێ. لە دونیادا نمونەی جۆراوجۆر هەن. لەم پێوەندی یەدا دەکرێ وڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە کە سەبارەت بە کام مەسەلە پشت بە دەنگی گشتی

خەڵکی ئێران ببەسترێ و لە کام مەسەلەدا تەنیا پرس بە هەرێمەکان بکەین. بۆ وێنە سەبارەت بە سیستمی حکومەتی ئێران کە ئایا کۆماری دەبێ یان، پرس بە دەنگی گشتی خەڵکی ئێران دەکرێ. مەسەلەکە زۆر دیار و روونە. نموونەکانی لە سویس ـەوە بگرە تا ئاڵمان یان وڵاتە یەکگرتووەکان، یان ئیسپانیا کە خاوەنی ناوچەی خودموختارن، نیشان دەدات کە کام مەسەلە گشتی یە و کام مەسەلە تایبەتیە بە هەرێمەکانەوە کە تەنیا دەبێ خەڵکی هەرێمەکان بڕیاری لە سەر بدەن. بەتایبەت ئێمە لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دیاریمان کردوە کە کام مەسەلە پێوەندی بە دەسەڵاتی حوکومەتی ناوەندەوە هەیە و کام مەسەلە تەنیا تایبەتە بە حکومەتی خودموختاری کوردستان. دیسانیش دەتوانین باسیان لەسەر بکەین و لە پێشدا دیارییان بکەین و سنووری دەسەڵاتی هەر کامیان دیاری بکەین. بەڵام لە هەر حاڵەتێك دا سەبارەت بە مەسەلەیەك کە پێوەندی بە خودی خەڵکی کوردستانەوە هەیە ـ وەك خودموختاری کوردستان ــ دەبێ پێشتر پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ و راوبۆچوونیان لە یاسای بنەرەتی ئێراندا باسی لێوە بکرێ. واتە پێش لە هەر شتێك خودی خەڵکی کوردستان پێوانەیە. لەوەها حاڵەتێك دا تەنانەت ئەگەر ئەم بۆچوونە ـ وای دابنێنن ــ لە رێفراندۆمی گشتی دا رەتیش بکرێتەوە، دەردەکەوی کە ئەم رای گشتی یە دژ بە بۆچوونی خەڵکی کوردستانە.

ئیزن بدەن جەخت لە سەر ئەم خاڵە بکەمەوە کە خەڵکی هیچ کام لە ناوچەکانی دیکەی ئێران نابێ خۆیان بە وەکیل و دەمراستی خەڵکی کوردستان بزانن. راو بۆچوون دەربرین سەبارەت بە کوردستان تەنیا پێوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە.

کێشتگەر: هەر چەند وەك خۆم دژی باسکردنی مەسەلەیەکم بە شێوەی زۆرینە و کەمینە، بۆ وێنە ناتوانم قبوڵی ئەوە بکەم کە دەوترێ کەمایەتی زەردەشتی یان زۆرایەتی مسوڵمان و ...هتد. چونکی ئێمە هەوڵی دانانی یاسایی

غەیرە ئایینی و لائیك دەدەین و مەسایلی ئایینی خەڵك پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە. دەمەویست بۆم روون بێتەوە کە مەبەستی حیزبی دێموکرات لە زۆرینە و کەمینە چی یە؟

کاك سەعید: کە ئێمە باس لە کەمینە نەتەوەیەکان دەکەین مەبەست لەوەیە کە ئێران لە چەندین نەتەوەی جیاوازی وەك فارس، ئازەری، کورد، بلوچ و تورکمەن و عەرب پێك هاتووە و لە نێویان دا فارس زۆرینەیە و نەتەوەکانی دیکە هەر هەموویان کەمینەن لە بەرانبەر فارس دا و ئەمە تەنیا ژمارەی نەتەوەیی (حەشیمەت)ە بەهەرحال دەبێ ئەو راستی یەمان قبوڵ بێ کە ئێرانی بوون جیاوازە لە فارس بوون یان کورد بوون. ئێمە ئەگەر لە هەموو کەس ئێرانی تر نەبین کەمتر نین و سەرانسەری مێژووی ئێران ئەو راستی یە دەسەلمێنێ. ئێمە تەنیا خوازیاری ئەوەین کە ئێرانی بوون بە مانای فارس بوون نەبێ. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە وڵاتی ئێران بە سەرنجدان بە بوونی چەندین فدراتیو یان خودموختاری وەك کوردستان و ئازەربایجان .... خاوەنی زمانی رەسمی، سیاسەتی دەرەکی هاوبەش و دەسەڵاتی ناوەندی یەکپارچە یان ئەرتەشی یەکپارچە نەبێ. بەڵام ناشکرێ حاشا لە تایبەتمەندی یە نەتەوەیی یە جیاوازەکانی ناوچە جیاوازەکانی ئێران بکرێ. مەبەستی من لە کەمینە پێوەندی بە حەشیمەتەوە هەیە لە بەرانبەر فارسەکاندا کە لە ئێراندا زۆرینەن.

کێشتگەر: پرسیارێکی دیکەی من ئەوەیە کە سەبارەت بە تۆمەتی جیاخوازی کە نەتەنیا لە لایان رێژیمەوە بەڵکو زۆر جار لە لایان هێزەکانی ئۆپوزیسیونیشەوە رووبەروی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێتەوە، بۆچوونی حیزبی دێموکرات چییە؟

کاك سەعید: بە بڕوای من وڵامدانەوە بەم پرسیارە لەوەها وتووێژك دا دژوارە. چونکی چەندین مەسەلەی جۆراوجۆر هەن کە دەکرێ چەندین وتار و بابەتیان لە سەر بنووسرێ. بەڵام مەسەلەی (تەواویەتی ئەرزی)، تا ئێستاش

تەنیا بیانوویەك بووە کە دەسەڵاتی ناوەندی بە مەبەستی سەرکووتی ویستە دێموکراتیەکان بەکاری هێناوە (بە هەموو ویستە سەرانسەری و نەتەوەیی یەکانەوە). بۆ وێنە لە سەردەمی شادا زۆربەی تێکۆشانە سیاسی یەکان دەدرایەپاڵ دەستو و پێوەندیەکانی بێگانە و دەرەوەی وڵات کە گوایا ئەوە دەستی نەیارانی دەرەوەیی تێدایە. لە ئێران دا هەمیشە دەسەڵاتی ناوەندی، بە شێوەی دەسەڵاتی مەرکەزی فارس (هەڵبەت من قەت فارسەکانم پێ شوڤینیزم نەبووە تەنیا مەبەستم دەسەڵاتی ناوەندە) جیا لە گوشار گشتی یانەی کە بۆ خەڵکی دێنن، (تەواویەتی ئەرز)یشان کردۆتە بیانوو بۆ بە کار هێنانی گۆشاری نەتەوەیی.

من پێموایە رووناکبیری ئێرانی دەبێ خۆی لەم چوارچێوەیە دەر باز بکات و لەو توێکلە خۆی دەرهاوێ و دوگم بوون وەلا نێت، تابۆکان بشکێنێ. هەر ئێستا سەبارەت بە ویستە دێموکراتیەکانی خەڵکی کوردستان، رووناکبیران و کەسانی دێموکراتی ئێرانی داوامان لێ دەکەن تەواویەتی ئەرزی و ئەم جۆرە شتانە (کە هەر هەموویان قسەی شا بوون) قبوڵ بکەین. ئێمە لە پلەی یەکەمدا ئەم جۆرە قسانەمان پێ بوختانێکی گەورەیە و نازانم بۆ چی ئامۆژگاریمان دەکەن کە دەبێ ئێرانی بین و ئەوان لە ئێمە ئێرانی ترن، ئەوە کوێی دێموکراتیکە کە ئێوە لە پێشدا ناچارمان دەکەن تابۆ و چوارچێوەك قبوڵ بکەین. ئەوە هەمان زۆرە ملیی یە.پێمان دەڵێن لە ئێران دا ستەمی نەتەوایەتی نەبووە و ئەوەی هەبووە ستەمی گشتی بووە. ئێمە دەڵێن نا، جیا لە ستەمی گشتی ستەمی نەتەوایەتیش هەبووە. ئەوە ستەمی نەتەوایەتی یە کە منی کورد هەر لە منداڵی یەوە ناچار دەکریم بە زمانی فارسی پەروەردە بم و تەنانەت لەم قۆناغەش را نەتوانم دوو وشە بە زمانی خۆم (کوردی) بنوسم. ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن یان کورد نین یان سەر بە ناوچە نەتەوەیی یەکان نین و ئەگەریش هەن لە دەستەی دووهەم و سەر بە دەزگاکانی رێژیمن.

لەم پێوەندی یەدا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان و بۆ وێنە پرس بە من بکەن. بۆ وێنە لە نێوان ساڵەکانی ٤٤ تا ٤٧دا نزیك بە ٥٠٠ کەس لە فەرهەنگیيانی کوردستان (کە منیش یەکێك لەوان بووم) بێ هیچ دەلیل و هۆیەك دورخرانەوە بۆ ناوچەکانی ناوەندی ئێران و ناوچەکانی دیکە. ئێستا ئەوانە ئیدیعا دەکەن لە سەردەمی شادا ستەمی نەتەوایەتی نەبووە، بێن و باسی ئەوەمان بۆ بکەن کە بۆچی لە نێوان ئەو سێ ساڵەدا ٥٠٠ تا ٧٠٠ کەس لە فەرهەنگییانی کورد بۆ ناوچەکانی قوم، ئەراك و... هتد دوور خرانەوە؟ ئەمەتەنیا تایبەت بە فەرهەنگییان نەبووبوو... دەبینن کە چەوسانەوە و ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران دا هەبووە و ئەوانەی ئیدیعای سەقامگیریی دێموکراسی لە ئێران دا دەکەن دەبێ ئەم چوارچێوە و تابۆیانە بشکێنن و کەمتر ئامۆژگاری کوردەکان بکەن بۆ ئێرانی بوون.

لە لایەنی مێژوویی یەوە کوردەکان ئەسیل ترین و دامەزرێنەری ئێرانن، تەنانەت پێش لە هەخامنشیان. کەوابوو پێویست ناکات کەسانێکی دیکە هەڕەشە و ئامۆژگاری کورد بکەن.

روونـاکبیری ئێرانی هەروەك چون بەروانینێکی دێموکراتیکانەوە چاو لە وڵاتانەی دیکەی وەك کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو و یوگۆسلاوی و... هتد دەکەن، سەبارەت بە ئێرانیش دەبێ هەروا بیر بکنەوە و تێبگەن کە پێك هێنانی وڵاتێك و ژیان لە چوارچیوەیەکی جوغرافیایی دا تەنیا لە رووی ویست و مەیل و هەستێکی قوڵ و ئارەزومەندانەوە مسۆگەرە، نەك لە رووی زەخت و چوارچیوەیەکی لە پێشدا دارێژراوە.

کێشتگەر: دوکتور ! بۆ منێك کە خۆم بە روناکبیرێکی ئێرانی دەزانم و پێم وایە کە مافی نەتەوەکان شتێکی رەوایە ، پێم وایە منێك کە خەڵکی " جەهرۆم " لە باشووری شیرازم : ناکرێ بۆ وێنە بە خەڵکی سنە بڵێم ئاوابکەن و ئاوامەکەن و ئەگەر ئاوانەکەن چی دەبێ.. ، ئەوە شتێکی روون و دیارە و جێی

**باسکرن نیە . بەلأم خالێکی جیێ تێرامان و سەرنج و پێویست کە پێشتریش لە ئێوەم بیستووە و جێی پێداگری یە ئەوەیە کە ئێران بە پێی ئەو پێشینە مێژوویی یە لە مێژینەی کە هەیەتی خاوەنی هێندێك تایبەتمەندی یە کە لە ولأتانی فدراتیوی وەك سوئیس کە تازە خەریکن وەك سێ نەتەوە و سێ زمان پێکەوە دەژین و فدراسیونیکیان پێك هێناوە،جیادەکاتەوە. پێم وایە مێژووی هاوبەشی گەلانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا و لە ژێر گاریگەری مێژووی هاوبەش و زمانی هاوبەش و داب و نەریتی هاوبەش و تەنانەت لە ژێر گاریگەری ئاینەکانی پێش ئیسلام لە هاتنی گەلی ئاریایی یەوە تا ئێستا (هەر هەموویان) وە ها یەکگرتویی یە کیان لە نێوان گەلانی ئێران دا بە کار هێناوە، کە بە تەواوی ئێران لە ولأتانی دیکە جیا دەکاتەوە و پێم وایە بەشێکی لۆژیکی " مەنتقی " یە کە بە هەمووی ئەم هۆکارانەوە دیفاع لە یەکگرتوویی گەلانی ئێران ولأتێکی یەکپارچە بە ناوی ئێران بکەین. شتێکی سروشتیی یە بە شێوەیەکی دڵخۆاز و ئارزومەندانە، بە ڕای ئێوە هەمووی ئەمانە ناتوانن هۆکارێك بن بۆ توانایی پێکەوە ژیانی گەلانی ئێران لە گەڵ یەکتر ؟**

کاك سەعید: مەسەلەکە پێوەندی بەوەوە هەیە کە بەرەو کام لا حەرەکەت بکەین و لە کام لایەنەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین. ئەگەر لە روانگەی تێئۆری و بەڵگەمێژوی یەکانەوە چاو لێ بکەین بە جۆرێکە و لە روانگەی واقعی – شەوە بە جۆرێکی دیکە.

واقیعییەت ئەوەیە کە کوردەکانی ئێران ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەوێ، کەمتریان ناوێ. بەلأم ئەگەر لە روانگە و لایەنی مێژوییو تێئۆریکەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین دەبێ بلێن ئەوە راستە کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی نەتەوە جیاجیاکان پێك هاتووە، بەلأم هیچ شتێك هەتا هەتایی نیە، چ هۆیەك هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە، ژیاون، ئێستا ناتوانن لێك جیابنەوە و جیا بژین. مەسەلەکە

هەلومەرجی ئەمڕۆیە. ئەگەر دونیا لە حاڵی ئاڵوگوڕدایە، شتێکی سروشتی یە کە دۆستایەتی یەکان و رێکەوتنەکان و پێکەوە ژیانەکان و روانینەکان، هەر هەموویان دەگۆڕێن. جیا لە هەمووی ئەمانە، هیچ واقعییەتیکی مێژویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنی کە هەمیشە نەتەوەکانی ئێران پێکەوە ژیاون. ئازەربایجان و ئەفغانستان هەر هەموویان جیابوونەوە و دونیاش نەروخا، بۆچی ئێستا ناکرێ جیابوونەوە بکرێ، تەنیا لە بەر خاتری ئەوەی ئەم جیابوونەوانە بە زۆر کراون؟ واتە قبووڵ کردنی ئەو بەڵگەیە کە هەر شتێك کە بە زۆرە ملی بەرێوە چووە رەوایە؟ نا ، وانیە پێکەوە ژیان تەنیا لە رووی لێك حاڵی بوون و یەکتری قبووڵ کردنەوەیە و هیچ پێشینەیەکی سەد یان هەزار ساڵە ناتوانێ پاساوی بدات. بۆ وێنە وەك ئەوە وایە بە ئەندامانی بنەماڵەیەك بڵێی چونکی ئێوە لە تەمەنی ١٨ ساڵی یەوە لێك جیا نەبوونەتەوە ، ئێستاش لە تەمەنی ٢٥ ساڵی دا ناتوانن لێك جیا بنەوە، ئەوە مەنتقی نیە.

کێشتگەر: مەسەلەیەکی دیکەی دنیای ئەمرۆ ، هاوئامانجی نێونەتەوەیی یە. ئێوە باش دەزانن و ئاگاداری ئەوەن کە بە هۆی مەسەلە گەلێکی وەك ژینگە ، بەرهەمهێنان ، ئابووری و کلتووری ، دنیا رۆژ لەگەڵ رۆژ پێویستی بە یەکگرتوویی زیاتر هەیە. ئەمرۆ مەسەلەگەلێکی وەك وزەی ناوکی، ژینگە، بازاری هاوبەش، ئاشتی جیهانی و پێداویستی یەکانی ژیان، وڵاتانی ناچار کردوە زیاتر پێکەوە نزیك بنەوە. ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ ژینگە ، ئوزۆن، زەریاکان و ئەوانی تر بپارێزی ناچار بە هاوکاری لەکەڵ یەکتری یە. بە سەرنج دان بە هەموو ئەمانەیە کە ئەمرۆ ئورووپا دەیەوێ یەکگرتوو بێ. بەڵام لە رۆژهەڵات بە هۆی بوونی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو سەرەرۆکانەوە و لە ئاکام دا دواکەوتوویەکانی لە ئاست رۆژئاوادا، مەیل بۆ هاوئامانجی کەمرەنگە. ئایا لە وەها بارووددۆخێکدا هەوڵ دان بۆ هاوئامانجی و یەکگرتوویی ئەرکی رووناکبیرانی پێشکەوتنخواز و پێشرەو نییە؟

من هەم وەك رووناكبیرێك و هەم وەك تێكۆشەرێكی سیاسی كە ئاگاداری مافی نەتەوەییم لایەنگری لە ئێرانێكی یەك پارچە دەكەم و تەنانەت بەولاوەتریش (لایەنگری هاوئامانجی ناوچەكەم) و هیوادارم رۆژێك ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست سەرەتا لە رووی ئابووری و دواتر لە رووی سیاسی یەوە یەكگرتووبن . پێم وایە پێك هێنانی سنووری دیكەی نوێ كە بە پێچەوانەی ویست و مەیلی ئێمە شەڕ و ئاژاوەی لێ دەكەوێتەوە مەترسیدار و دواكەوتوویی و بەرەو دوا گەڕانەوەیە. لەم پێناوەدا من خوازیاری هەوڵ و تێكۆشانی رووناكبیرانی كورد و فارسم.

كاك سەعید: لەم پێوەندی یەدا منیش بە تەواوەتی هاوڕای ئێوەم،زۆری لە سەر نارۆم. دنیای ئەمرۆ دنیای یەكە چووكە ئابووری یەكان نیە و ئەو هەوڵانەی كە لە پێناو یەكگرتوویی ئورووپادا بە رێوە دەچێ، سەلمێنەری ئەو راستی یەن كە تەنانەت ولاتانی گەورەی پێشەسازیش ناتوانن بە تەنیا درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن. بەڵام گرینگی مەسەلەكە لێرەدا ئەوەیە كە دەبێ ئەم شتانە خەڵكیان لێ ئاگادار بكرێ، ویستی ئەم ولاتانەیە كە پێویستە لە بەرچاو بگیردرێ، نە ئەوەیكە بۆ وێنە بە زۆر و فشار خەڵكی دانمارك ناچار بە یەكگرتوویی ئورووپا بكەی. سەبارەت بە ئێران و ناوچەی ئێمەش مەسەلەكە هەر بەم شێوەیە. خەڵك دەبێ لەو راستی یە تێبگەن و ئەمە پێویستی بە كات و هەوڵی رووناكبیرانە و ئەمە ئەركی هەر حیزبێكی ئاگاو پێشرەوی سیاسی یە. بەڵام نابێ ئەمەیان لە پێشدا بۆ دیاری بكرێ و بە سەریان دا بسەپێندرێ . چونكی پێوانەی هەموو شتێك ویستە دێموكراتیكەكانی خەڵكە.

كەوابوو نابێ "تەواویەتی ئەرزی" و"یەكگرتوویی نەتەوەیی" ــ كە مەعلووم نیە لە كام مافی دێموكراتیك وەرگیراوە ــ لە پێشدا بە سەر خەڵك دا بسەپێ .بەتایبەت لە لایەن رووناكبیرانێكەوە كە خۆیان بە پشتیوانی مافی مرۆڤ و دێموكرات دەزانن.

له کوێی ڕاگەیاندراو (جاڕنامـه)ی مـافی مرۆڤـدا بـاس لـه تەواویـەتی ئـەرزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی کراوە ؟!

بـه لەبەرچـاوگرتنی واقعیەتـەکان، ویسـتی دێمـوکراتیکی خـەڵك گرینگـه. هەرچـەند ئـەرکی ڕوونـاکبیران و کەسـانی پێشـکەوتنخواز ڕێنـوێنی و هانـدانی هەرچی زیاتری خەڵکە بۆ یەکگرتوویی.

کێشتگەر: لەم پێوەندیەدا دوایین پرسیارم ئەوەیە کە ئایا حیزبـی دێمـوکرات بەسەرنج دان بە واقعیەتەکانی ئێستا هەوڵ بۆ بردنە سەرەوەی هۆشیاری خەڵك سەبارەت بەم یەکگرتوویەیی کە باسمان کرد دەدات یان نا ؟

کاك سەعید: مـن عـەرزم کـردن ،٤٧ ساڵە ئەمـە بۆچوون و سیاسـەتی حیزبـی دێموکراتەو بەختەوەرانە دەتوانین ئیدیعا بکـەین هـەر کەسیش پێـی خـۆش بـێ دەتـوانێ لـەم بـارەوە لێکۆڵینـەوە بکا ت. ئـەم سیاسـەتەشمان – بـە پێچـەوانەی بۆچوونی زۆر کەس – قەت تاکتیکێکی سیاسـی نـەبووە و حیزبـی دێمـوکرات کـە نوێنـەری ڕاسـتەقینەی کوردسـتانە لـەم پێوەنـدی یـەدا ڕوانگـەی دیـار و ڕوونـی هەیە.

کێشـتگەر: ئێسـتا دەمـەوێ بـاس لـە چـەند مەسـەلەیەکی ڕۆژ بکـەین.بـە سەرنجدان بە بارودۆخی ئەمرۆی ناوچەکە،بۆ وێنە ڕێفراندۆمی ئـەم دواییانـەی عێراق،تێکۆشـانی کوردەکـانی تورکیـە و هەڵوێسـتی سـەرکووتکەرانەی کۆمـاری ئێسلامی ئێران لە حاست کوردەکان و بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕە گشتی یـەکانی جیهان و هێنانە گۆڕی کێشەی کورد لە ئاستی جیهاندا داهاتووی ناوچەکە چۆن دەبینی؟

کـاك سـەعید: بـە لەبەرچـاوگرتنی ڕەوتـی ئێسـتای دوونیـا فاکتـەرگـەلێکی زۆر ئیزنی ئەوەمان پێدەدەن کە پێمان وابـێ بـارو دۆخـی تایبـەتی ئـەو وڵاتانـەی کـە خاوەنی کەمایەتی کوردن ناتوانێ بەم شێوە درێژەی هەبێ. چونکی هیچ کام لـەو وڵاتانە دەسەڵاتی دێموکراتیکیان تێدا نیە و دونیـای ئـەمرۆش بەسـتراوەتەوە بـە

دێموکراسی یـەوە .داهاتووی وڵاتـانێکی وەك ئێـران وتورکیـا  لـە گـەڵ سـەردەمی خۆیاندا نامۆن، نـاتوانن خۆیـان لـە رەوتـی دێموکراسـی بدزێتـەوە ،ئەمـە شـتێکی روون و ئاشـکرایە . هەڵبـەت مەسـەلەی سـاڵێك و دوو سـاڵ نیـە و ئەمـە دوورە دیمەنی درێژ خایەنی ناوچەکەیە، واتە لە درێـژ خایەنـدا ئـەم وڵاتانـە ناچـار بـە گۆڕانن .لە وەها حاڵەتێکدا ،واتـە لـە حاڵـەتی چەسـپینی دەسـەلاتی دێموکراتیـك لـەم ولاتانـەدا، پیویسـت ناکـات سـنورەکان بگـۆردرێن. هـەر وەك چـۆن بلـژیکی فەرانسەیی زمان یان سوئس ناچـار بـە فەرانسـەوی بـوون نـین.مەسـەلەکە تـەنیا پێشینەی مێژوویی و کلتووری یە.

بـۆ وێنــە وڵاتــی تورکیــە بــە دوازدە ملیـون کـوردەوە، کـە نــاتوانیٚ حاشـای لێبکات،ناچـار بـە قـەبووڵ کردنـی دێموکراسـی یـە. هەرچـی ئـەم وڵاتانـە لـەم پێنــاوەدا خێراتــر بــەرەو پــێش بچـن زیـاتر دەتـوانن پـێش بـە جیابوونـەوەی نەتەوەکان بگرن.جیا بوونەوە و لێك دابڕان بۆ خەڵکێك کـە دوای سـالأنێك ژیـان و هـەوڵ دان، شـاهیدی لەبەرچـاونەگرتنی مـافی نەتەوایـەتی خۆیـەتی، شـتێکی سروشتی یە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام هەوڵی داوە خـەڵکی کوردسـتان شوناسـی نەتـەوەیی خۆیـان بناسـن و لێـی ئاگـادار بـن و ئـەم کـارە تەنانـەت لـە هەلوومەرجی سەرکوتی هەمیشەیی و فشاری نەتەوەیی دا بەردەوام بووە .

کێشتگەر: پێشنیاری ئێوە بۆ روناکبیران و تەواوی ئەو کەسانەی دەتـوانن بـە شێوەیەك هاوکاری ئێوە بکەن چی یە؟

کاك سەعید: لە پلەی یەکەم دا، رووناکبیرانی راستەقینە و دێمۆکراتی ئێران ـ ئەوانـەی کـە تـەنیا ئیـدیعا ناکـەن ـ دەبێ ئـەوە قبـوڵ بکـەن کـە بـە جێـی رەت کردنەوەی دروشمەکانی سەردەمی پاشایەتی و هتد، باوەر بە مـافی دێمـۆکراتیکی خەڵکی کوردستان بهێنن و پشتیوانی لیٚ بکـەن. لـەوەها حاڵتێـك دا هـیچ گرفتێـك بۆ ئێران نایەتە پێش.

**بۆچی ئەو هەمووە تەبلیغاتەی بۆ تاجیکستان - کە جیابۆتەوە- دەکرێ، سەبارەت بە کوردستان نایکەن؟**

**کێشتگەر: پرسیاری دیکەم ئەوەیە کە ئایا سیاسەتی دانوستاندن لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تان ــ کە پیشنەیەکیشی هەیە ــ قبوڵە؟ ئایا بەم زووانە وتوێژتان کردوە یا نا؟**

کاك سەعید: لەم پێوەندی یەدا ئێمە دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو هیچ شێوە پێوەندی یکمان نەبووە. نە لە لایەن ئێمەوە و نە لایەن ڕێژیمەوە تا ئێستاش مەیلێك بۆ ئەو کارە نیشان نەدراوە. پێم وایە هەروەك لە کونگرەش دا باسمان لێوە کردوە، ئەم تێرۆرە رووی راستەقینەی ڕێژیمی نیشان دا. ئێمە پێمان وایە بە پێچەوانەی ئەوەیکە سەبارەت بە گۆرانی سیاسەتی ڕێژیم دەوترێ ئەم ڕێژیمە توانای قبوڵ کردنی ویستە دێمۆکراتی یەکانی نەتەوەیی کوردی نیە و ئەگەریش رۆژێك بە هۆی هەلۆمەرجی جیهانی و ناوچەیەوە ناچار بێ ویستەکان قبوڵ بکا" ئەوە ئەو ڕێژیمەی ئێستا نیە و گۆرانی تێدا پێك هاتووە. لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا ئێمە هیچ هیوایەکمان بە سەقامگیری دێموکراسی نیە. بەلاَم لە مسایلی سیاسی دا ناکرێ لێبڕاوانە بە (قاتعیەت)ەوە باس لە کێشەکان بکرێ. بۆ نموونە ئەگەر رۆژێك ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیدیعای ئەوە بکات کە خودموختاری کوردستانی قبوڵە، ئێمە ناچارین بە (مەرجێك کە لە پێشدا ئەم خودمۆختاری یە بە شێوەی فەرمی ڕاگەیەندرابێ) لە گەڵ ڕێژیم بکەوینە وتوێژوە. بەلاَم سەبارەت بە خودی خودموختاری ئامادەنین بە هیچ شێوەیەك وتووێژ بکەین. واتە دانوستاندنی ووتوێژی ئێمە تەنیا دەتوانێ سەبارەت بە چوارچێوەی خودموختاری رەسمی لە پێشدا قبوڵکراو بێت.

**کێشتگەر: ئاگاداری ئەوە هەن کە ئێمە ئێستا ئۆپۆزسیونێکی دێمۆکراتیکی یەکگرتوی جدی و سەرانسەریمان نیە لە ئێران دا. جیا لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ، وەك حیزبێکی بە هێز، کە خاوەن پێگەی جەماوەری- یە (بەڕای من**

که بێ گوێدان به هەڕەشه و گوڕەشەی ئەمەلا و ئەولا هەمیشه ئەوەم وتووە، مجاهیدین لایەنێکی نێئۆ فاشیستی_ مەزهەبی مەترسیداره ئەم ڕێکخراوه قەت ناتوانێ ئێران لە دێمۆکراسی نزیك بکاتەوە و ئەگەر رۆژێك دەسەلاّت بە دەستەوە بگرێ رەوتێکی دواکەوتووانه و گەڕانەویە بۆ پاشایەتی کە قەرزداری خەلّکە و پاشایەتی لە ئێران، هەمان دیکتاتۆری یە ئێمە لە هەلّومەرجێك داین کە سەرهەلّدانەکانی مەشهەد، ئەراك و شیراز بە شێوەی بەربلاّو لە ئارادان و ئەگەر وەها روداوگەلێك لە تەورێز و تارانیش دروست بن، لەوانەیە بتوانێ روخانی رێژیم بە دوای خۆیدا بێنێ. لەوەها بارودۆخێك دا نەبوونی ئۆپۆزسیونێکی دیمۆکراتیکی جدی و سەرانسەری جیێ نیگەرانی یە. چونکی لەوەها هەلّومەرجێك دا ــ هەروەك چۆن لە رێژیمی پاشایەتیش دا رووداــ ناتوانین بلّێین کە ئێمە بەرەو دێمۆکراسی دەچینە پێش- بە سەرنجدان بە هەمووی ئەمانە دەمەویست بزانم حیزبی ئێوە لەم بوارەدا بۆچوون و هەلّوێستی چی یە و چ پێشنیهادێکی هەیە و لە گەلّ چ هێزگەلێك و بە چ خێرایی یەکەوە لە پێناو وەها یەکگرتووی یەك دا ئامادەی هاوکاریی یە؟

کاك سەعید: ئێمە تا ئێستا چەندین جار وتوومانەو پێم خۆشە کە ئێوە دیسان ئەو مەسەلەیە دووپات دەکەنەوە. ئەوەی تا ئێستا رێژیمی کۆماری ئیسلامی راگرتووە، هێز و نفوزی خۆی نیە، بەلّکوو لاوازی هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزسیونە. واتە هێزی رێژیم لە لاوزی ئۆپۆزسیون دایە. من باس لە کوردستان ناکەم. خەلّکی کوردستان دوای ١٣ سالّ خەبات و تێکۆشان- زۆربەی نزیك بە تەواویان- رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا رەتدەکەنەوە و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان چ لە باری پێگەی سیاسی و چ لە باری ئێمکاناتی مەیدانی یەوە — لە هەر هەلّومەرجێك دا کە بێتە پێش — توانایی کۆنترولّ کردنی کوردستانی هەیە. بە لە بەر چاوگرتنی ئەوەیکە کێشەی کوردستان لە

چوارچێوەی ئێراندا ڕێچارەی هەیە، ئەم مەسەلە تەنیا تایبەتە بە سەرانسەری ئێرانە.

سەبارەت بە سەر هەڵدانەکانی ئەم دواییانە — بەو لێکوڵینەوانەی ئێمە لە نزیکەوە کردومانە- بە تەواوەتی دەرکەوتووە کە خەڵکی ئێران لەگەڵ گیروگرفتی سیاسی، و ئابووری و کلتووری بەرەورون، ئەم خەڵکە بێ ئامانجن. واتە ئەم سەرهەڵدانانە فورمولە نەکراون و ویستەکانیشان دیارنین. بە هۆی نەبوونی ڕێکخراوەی سیاسی ئەم سەر هەڵدانانە خاوەنی پێریست ( دریدکتیو)ی روون و دیارکراونین. ئەمرۆ پێویستیی پێك هاتنی ئۆپۆزسیونێکی دێمۆکراتیك لە ئێران، زیاتر لە جاران هەست پێ دەکرێ و مەسەلە ئەوە نیە کە ئەم ئۆپوزسیونە دەسبەجێ (شق القمر) بکات. مەسەلەی بنەرەتی ئەوەیە کە خەڵك خۆیان ئەم ڕێژیمە لادەبەن، بەلاّم ئەم خەڵکە پێویستیان بە ڕێبەری و ڕێنوینی کردنە.

پرشووبلاّوی و نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسی لە نێوان ئۆپۆزسیون، لە راستی دا بۆتە هۆکاری پرش و بلاّوی خەڵکی ئێران. ئێمە لە دوایین کونگرەی خۆمان دا وتوومانە پێشنیاری پێك هاتنی بەرەیەك پێك هاتولە هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتنخوازەکان دەکەین . مەبەستمان لە بەرەیەکی دێمۆکرات و پێشکەوتووخواز ئەوەیە کە یەکەم ئەم بەرەیە کۆماریخواز بێت (چونکی ئێمە پاشایەتی نە بە دێمۆکرات و نە بە پێشکەوتووخواز دەزانینن) دووهەم: ئەوەیە ئەم بەرەیە دەبێ مافی ڕەوای هەمووی نەتەوەکانی ئێران بە رەسمی بناسێ و سێهەم: ئەوەیکە ئەم بەرەیە دەبێ ناوەرۆکی ئەم دێمۆکراسی یە پیشنهارکراوەی خۆی ــ بەبێ ئەوە بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە ــ دیاری بکات کە چ شتێك دەخاتە بەردەم خەڵکەوە، دوایین مەرج ئەوەیکە ئەم بەرەیە دەبێ پێشکەوتنخوازبێت واتە لایەنگری دادپەروەری کۆمەلاّیەتی بێت بەرەیەك پێك هاتوو لە هیزو کەسایەتی چەپ.

کێشتگەر: بەلاّم من دەمەوەێ لێرەدا بڵێم کە سەرەڕای تێکۆشانی سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکان، زۆر کۆسپ و گیروگرفت لە بەردەم پێك هاتنی وەها بەرەیەك دا هەیە. بەڕای من دەبێ تا ئەو جێگای دەگونجێ و لە بارودۆخێك دا کە ئێمە تێیداین هێزو کەسایەتی یەکان بە بیروڕاێ جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکیش لە دەوری ئامانجێکی هاوبەش کۆوەبن. جیا لەوەها حاڵتێك دا پێك هاتنی وەها بەرەیەك نایەتەدی. واتە بۆ وێنە ئێمە دەڵێین لەو بەرەیەدا نابێ سەڵتەنەتخوازەکان و لایێنگرانی ڕێژیم و هەر دیکتاتۆری یەکی مەزهەبی بەشدار بێ. بەلاّم ئەگەر قبوڵێ ئەوە بکەین کە هەموو لایەنەکانی لایەنگرای دێمۆکراسی لە ئێران کە هەموو بایەخەکانی کۆماری یان قبوڵە و باوەریان پێ هەیە، واتە باوەڕیان بە بایەخە بنەرتی یەکانی مافی مرۆڤ هەیە لێك کۆبنەوە، دەتوانین ئاڵترناتیوێك لە شێوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی دا پێك بێنین. بەلاّم کەسایەتی یەکان، نەهادەکان و لایەنەجۆراوجۆرەکان بە گشتی زۆر لێك جیاوازن و لە وردەکاریی یەکاندا پێکەوە گیروگرفتیان هەیە و لەوانەیە ئەمە چەندین ساڵ درێژەی هەبێ.

پێك هاتنی وەها بەرەیەك بە مەبەستی سود وەرگرتن و ڕێبەری کردنی سەرهەڵدانەکانی سبەینێی ئێران و روخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێویستی یەکی فەوری یە.

من هەر ئێستا دوای ئەزمونێکی زۆر لە ساڵانی رابردوو کە بەردەوام باسم لەم مەسەلەیە کردووە و هەنگاوێك بەرەوپێش نەچووە، لەو باوەڕەدام تا ئەو جێیەی هەڵدەگرێ و دەگونجێ نابێ بچینە ناو وردەکاریەکانەوە، واتە بە باوەڕی من لە گەڵ هەر کەسێك دا کە لایەنگری ئازادی یە و بە جێی کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە دێمۆکراسی یەك هەیە، دەبێ دانیشین هاوکاریی بکەین. تەنانەت ئەگەر مخالیفی ویستەکانی ئێوەش بیت یان بە پێچەوانەوە چونکی بە پێچەوانەی وەها حاڵەتێك هیچ شتێك دروست نابێ.

کاك سەعید: بە گشتی لە گەڵ ئەوەی دەڵێی نابێ زۆر بچینە ناو وردەکاریەکانەوە هاوڕام، بەڵام بە هەمووی ئەمانەشەوە ئێمە لە گەڵ " هەموو پێکەو بوونێك "دا نین. ئێمە جارێك ئەوەمان ئەزموون کردوە. لە راستی دا ئەگەر شتێك نەتوانێ بە شێوەیەکی دیاریکراو ولأمدەری کێشەکانی ئێمە بێت بێ مانایە و هیچی لێ شین نابێ. لانی کەم ئەوە دیاری بکەین کە لە گەڵ چ لایەنگەلێك دا هاوکاری دەکەین و ئەگەر رۆژێك ئەم لایانانە جێی رێژیمی ئێستا بگرنەوە چییان لێ دەکەوێتەوە. ئازادی و دێمۆکراسی دوو وشەی زۆر قورس و ناروونن، شایش باسی لە ئازادی دەکرد، هەر ئێستا رێژیمی کۆماری ئیسلامی مەگەر بە شێوەی خۆی باس لە ئازادی و دێمۆکراسی ناکات. تەنیا ئیدیعای دێمۆکراسی، کیشەکان چارەسەر ناکات. مەسەلە لە ناوەرۆکی ئەم دێمۆکراسی یەوەیە. بۆ وێنە کەسێك حاشا لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکات چۆن دەتوانێ دێمۆکرات بێ. بۆ هاوکاری لە گەڵ وەها هێزگەلێك هیچ هۆیەك نیە دیسان هەمان چیرۆکی روخانی شا دوپات بێتەوە. من چۆن لە گەڵ هێزێك دا هاوکاری بکەم کە هەرلە ئێستاوە مافی دێمۆکراتیکی نەتەوەیی قبوڵ نیە و دژایەتی دەکات. کە دەبینیی ئێمە لە گەڵ سەڵتەنتخوازەکان هاوکاری ناکەین هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوە، چونکی ئەوان لە بنەڕەت و ناوەڕۆك دا نادێموکڕاتیکن. زۆربەی ئەو هێزانەی دیکەش کە بە رواڵەت باس لە دێمۆکراسی دەکەن و ناڵێن کە مەبەستیان لە دێمۆکراسی چی یە، مەسەلەکەیان هەر بە هەمان شێوەیە. لە گەڵ وەها یەکگرتووی یەك دا- لە باشترین حاڵەت دا- دیسان دەگەرێینەوە بۆ سەدرەمی شاە و زۆریك لەو کەسانەی کە ئەمرۆ ئیدیعای دێمۆکراسی دەکەن لە رەزا پەهلەوی یەوە بگرە تا سەڵتەنتخوازەکانی دیکە و دێمۆکرات و نادێمۆکرات، هەر هەموویان، جیا لە گەڕانەوە بۆ سیتمێکی هاوشێوەی سەردەمی شاە ئامانجێکی دیەکەیان نیە. ئەوە

چ قازانجێکی هەیە لە دوای ئەو هەموو رەنج و کوێرەوەری یە دیسان بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە بووین؟

ئەگەر بڕیاروایە گۆڕانێك بێتە ئاراوە دەبێ لانی چەند هەنگاوێك بەرەوپێش بێت.

نمونەیەکی دیکە دێنمەوە. ئێوە ئێستا لە فەرانسە دەژین لە فەرانسە هەم ئازادی هەیە هەم دێمۆکراسی، بەلاّم چ جیاوازیەك دەبینیی لە نێوان - بۆ وێنە - سوسیالیستەکان و R.P.R، جیاوازی یەکان زۆر کەمەن. بەلاّم کارو و هەڵویست و سیاسەتی سوسیالیستەکان لە ٢ ـ ٣ ساڵی یەکەم دا بە ئاراستەیەکی دیکەدا چووە و لە گەڵ ئەمرۆدا جیاواز بوو. هەڵبەت ئەم کارانە عەمەلی نەبوون، بەلاّم من ئەم ئاراستەیە بە پێشکەوتنخواز دەزانم.

کێشتگەر: بەڵام ئێمە نابێ و ناتوانین فەرانسە وەك نموونە بهێنینەوە. ئێمە گیرۆدەی رێژیمێکی دواکەوتوو و سەرکوتکەرین. کە بەڕای من هەموو شتێکی خستوتە مەترسی یەوە.

من پێم وایە هیچ پێویست ناکات دوای روخانی رێژیم ئەم بەرەیە وەك خۆی بمێنێتەوە. لایانێك دەتوانێ لە دەسەڵات دا بێ و ئەوی تریان لە ئۆپۆزیسیون دا بێ لەوانیە لە هەلوومەرجی دێموکراسی دا لە نێویان دا بیست حیزب دروست بێت. بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی هەمووومان سواری بەلەمێکین کە خەریکە نوقم دەبێ، پێویستە و لە قازانجمان دایە لە نوقم بوون بیپارێزین و هەموو مان بگەینە لێواری دەریاکە و پاشان هەر کامێکمان وەدوای ژیانی خۆمان کەوین.

لەوانەیە دوای رووخانی رێژیم هەر ئەمن و تو لەسەر جیاوازی زۆر چوکە یەکمان ببینە ئۆپۆزیسونی ئەوی تر بەڵام هەر دوکمان ئازادیخواز دەمێنینەوە.

ئێوە هەر وەك باستان کرد، ئەگەر دێموکراسیت پێش لە خودموختاری داناوە و قبوڵتە، دەتوانی لەگەڵ کەسێك کە لەسەر شێوازی خودموختاری هاورای ئێوەیەو تەنیا لایەنگری روخانی کۆماری ئێسلامی و دژ بە پاشایەتی‌یە و

**موخالفی دەسەڵاتی مەزهەبی و دیکتاتوری‌یە و لە لایەکی دیکەوە خوازیاری دێموکراسیی لە ئێران دایە، هاوکاری بکەن.**

**من کەسانێك دەناسم کە سەبارەت بە خودموختاری روانگەیەکی ئەرێنی‌یان نییە بەڵام هیچ گومانێکم لە ئازادیخواز بوونیان نییە و هەروەها کەسانێکیش دەناسم کە لایەنگری خودموختارین بەڵام لە ئازادیخواز بوونیان بە گومانم، تەنانەت دەتوانم لەم پێوەندی یەش دا نموونە بێنمەوە.**

**کاك سەعید: نا نموونە مەهێنەوە من لەو نموونەیەدا کە باسم کرد دەمهەویست بڵێم کە هەلوومەرجی فەرانسە لەگەڵ ئێران دا جیاوازە. نابێ ئەو نموونانەی کە لە ئورووپادا هەن بکەین بە پێوانە. دەبێ ئێران بە هەلوومەرجی تایبەتی خۆیەوە ببینین. لە وڵاتێکی وەك فەرانسە دا کە بۆتە نەهادێك دەبینین ناکوکیك هەر هەیە، ئەمە لە جیاوازی بیر و بۆچونەکانەوە سەر چاوە دەگرێ. بیر و بۆچونی پێشکەوتنخوازانە یان پاوان خوازانە. کەوابوو لە ئێرانیشدا جیاوازی بیر و بۆچون هەر دەبێ.**

**کاتێك کە ئێوە باس لە دێموکراسی و ئازادی دەکەن سەبارەت بە شتێك دەدوێن کە هەر کەسێك بۆچونی تایبەتی خۆی لەسەریان هەیە. رەزا پەهلەویش دێمۆکڕاتە، هەروەها رەفسەنجانیش، لە من و تۆش زیاتر دێمۆکڕاتن!! مەسەلەکە تەنیا ئیدیعای دێمۆکرات بوون نیە، بەڵکوو ئەوەیە کە بزانین لە ژێر ناوی دێموکراسی‌یەوە چ شتێك دەدن بە خەڵك.**

**دێموکراسی فەرانسە مێژوویەکی ٢٠٠ساڵەی لە پشتە. ئێمە دوای رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانین دەسبەجێ بەو دێموکراسی‌یە بگەین.**

**سەرەتا دەبێ هەوڵی نەهادینە کردنی ئەم دێموکراسی و کۆماری‌یە بدین و ئەمە پێویستی بە بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاری زۆرینەی خەڵکی ئێرانە کە خاوەنی دواکەوتوویی کلتووری و سیاسین. نەهادینە بوونی ئازادی و دێموکراسی لە کۆمەڵگای ئێراندا پێویستی بە کار و تێکۆشانەو فەرانسەویەکان ئەم کارەیان**

لە ماوەی ٢٠٠ ساڵ هەوراز و نشێوی مێژوویی خۆیان دا و دوای شۆڕشی خۆیان بە ئەنجام گەیاندوە.

ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە کە پێمان وابێ دوای رووخانی رێژیمی ئیسلامی، ئێران دەسبەجێ روبەرووی دێموکراسی دەبێتەوە. هەر بەم هۆیەیە کە ئامادە تەنیا لەگەڵ کەسانێك دا هاوکاری بکەین کە هەر لە ئێستاوە هەوڵی نەهادینە کردنی دێموکراسی لە ئێران دا دەدەن و ئامادەن کاری بۆ بکەن.

کەسێك کە ئیدیعای دێموکراسی دەکات و ئامادە نییە مافی دێموکراتیکی کوردستانی من قبوڵ بکات، من بە دێمۆکرات نازانم و بە ئازادیخوازیشی نازانم و ناتوانم هاوکاری بکەم. چۆن هاوکاری لەگەڵ کەسێك دا بکەم کە هێشتا رێژیم نەرووخاوە، ئەو دژ بە ویستە دێمۆکراتیکەکانی من رادەوستێ. دەبێ و پێویستە کە ئەم بەرەیە خۆی لە دروشمی "هەموو پێکەوە" دەرباز بکات.

**کێشتگەر: تا چەندە پێت وایە ئەم کارە جێ بەجێ دەبێ؟**

کاك سەعید: ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. رووناکبیری ئێرانی دەبێ واز لەم چوارچێوەیە بێنێ. لە چوارچێوەیەك کە تەنیا لە دەرەوەی ئێران مەسەلەکان بە شێوەی پێشکەوتن خوازانە و دێموکراتیکانە شێ دەکاتەوە، بەڵام کاتێك کە دەگەرێتەوە ئێران هەمان بۆچون و هەڵوێستی پێشووی هەیە. دەبێ نموونەکانی دەرەوە وەربگرین و تاوتوێ یان بکەین، ئەوکات لەگەڵ هەلوومەرجی ئێران پێکیان بگرین.

**کێشتگەر: بەڵام دوکتور! بەڕای من ئەگەر هەرچی زووتر ئۆپۆزیسیونێکی ئازادیخواز پێك نەیەت و سبەینێی سەرهەڵدانەکانی شیراز لە تاران دووپات بێتەوە، یان بە توندی سەرکووت دەکرێ یان ئەگەریش نەکرێ و رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لێ بکەوێتەوە، هێزێکی جیا لە دیکتاتۆری مەزهەبی مجاهیدین یان سپا و ئەرتەش جێی رەفسەنجانی ناگرنەوە. ئەوکاتەی کە دەسەڵاتی سەرکوت دیسان دێتەوە سەر کار و جیا لەوەش، بێئاڵترناتیوێکی**

**دێموکراتیـك و بـەهێز، تەنانـەت توانـای وەرگرتنـی ئیمکانـاتی دێمـوکراتیکی نێونەتەوەیشمان نییە. بە بڕوای من لەوەها هەڵوومەرجێك دا نـابێ زۆر تونـدی بگرین و بچینە نێـو وردەکاریکانـەوە. ئێـوە زۆر تونـدتان گرتـوەو. ئەگـەر ئێـوە دەڵێن کەسێك کە خودموختاری قبوڵ نەبێ دێموکرات نییـە، خـەڵکانی دیکـەش دەڵێن ئاکامی خودموختاری هەمان جیا بوونەوەیە و ئێمە باوەڕمان پێی نییە.**

**کاك سەعید: ئێوە دەسەڵاتی تورکیە چۆن دەبینن؟**

**کێشتگەر: بـەڕای مـن هـیچ دەسـەڵاتێك سەداسـەد دێمـوکرات نییـە. فەرانسـە هەزار جار لە تورکیە دێموکرات تـرە و تورکیەش سەد جار لە ئێـران دێمـوکرات ترە.**

**کـاك سـەعید: زۆر باشـە. تورکیـە کۆماری‌یـە، هـەر ئـەو شـتەی کـە ئێمـە بـۆ ئێرانمان دەوێ و خەلافەت تیایدا بوونی نییە. بەڵام هەر لـەم کۆماری‌یـە بـە نێـو دێموکراتێکی یەدا کوردەکان یان هێـزە چـەپەکان چ مافێکیـان هەیـە؟ ئێمـە وەك هێزێکی چەپ کە شانازی پێوە دەکەین ــ ئیمە تەنانەت لـە هەڵوومـەرجی ئێسـتا دا کە لەوانەیە هێندێك کەس شەرمی لێ بکەن خۆمان بـە چـەپ دەزانـین ـــ وای دانێین هـەر ئێسـتا کۆمـاری ئیسلامی لابچێت و دەسـەڵاتێکی وەك تورکیـە بێتـە سەر کار من ئەو دەسەڵاتەم ناوێ. چـونکی نامـەوێ دوای ئـەو هـەمووە خـەبات و تێکۆشانە وەزعێکـی هاوشـێوەی هێـزە کـوردی و چـەپەکانم هـەبێ. چـەندە دەبـێ ئێمـە لـە دنیـای بـەردەوام بـەرەو پـێش چـوون دا، هەمیشـە بـەرەو دوا بگەڕێینەوە. بە هاتنی ڕێژیمی ئیسلامی ئێمە چەندین سەدە بەرەودوا چوینەوە. دەلێی تەوای ئاواتەکانی ئێمە ئەوەیە کـە لـە سـەدەی پـازدەوە دەربازبینـە سـدەی هەژدە. بەڵام بۆچی هەوڵی چوونە ناو سەدەی بیست و یەك نەدەین.**

**کێشتگەر: ناکرێ لە شەوێك دا ڕێی سەد ساڵ ببڕی. ئێوە حکومـەتی ئیسـپانیا چۆن دەبینن، ئایا ئیسپانیا حکومەتێکی دێموکراتیکە؟**

**کاك سەعید: بەڵێ.**

**کێشتگەر: ئەی مەسەلەی باسك چۆن لێك دەدنەوە. بۆچی گونزالس خودموختاری بۆ باسك بە رەوا نازنیٚ؟**

**کاك سەعید: مەسەلەکە ئەوە نییە. دەوڵەتی ئیسپانیا خودموختاری قبوڵە. هەر ئێستە لە ئیسپانیا ٥ تا ٧ هەرێمی خودموختار هەن وەك: بارسلۆن و کاتالۆن.**

**مەسەلەکە ئەوەیە کە لە ئیسپانیا دا دەکریٚ تۆ بۆ خودموختاری خەباتی دێموکراتیك بکەیت. بەڵام ئەرتەشی ئازادیخوازی باسك دەیهەویٚ لە رێگای خەباتی چەکداری‌یەوە بە ئامانجەکانی بگات. ئەوە لە حالێك دایە کە ئیمکانی خەباتی دێموکراتیك هەیە.**

**کێشتگەر: نا ... وانیە. دەوڵەتی ئیسپانیا ئامادە نییە خودموختاری بدا بە باسك. لەوانەیە ترسی لەوە هەبیٚ کە خەڵکی باسك جیابوونەوە هەڵبژێرن.**

**کاك سەعید: نا. لە ئیسپانیا کێشەکە لە لایەن حکوومەتی سوسیالیستەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە بزووتنەوەی چەکدارانەی باسکەکانەوە هەیە کە دژ بە رێچارەی دێموکراتیکن.**

**کێشتگەر: لانی کەم مەسەلەی خودموختاری ئەوەندەش سانا و سادە نییە کە ئێوە باسی دەکەن: کە هەرکەس خودموختاری قبولٚ نەبیٚ، ئازادیخواز و دێموکرات نییە.**

**کاك سەعید: من وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان ناتوانم وەها قبولٚ بکەم لەوانەیە ئێوە کە کێشەی نەتەوەیی‌تان نیە قبولٚی بکەن. من ناتوانم لەگەلٚ کەسێك دا هاوکاری بکەم کە هەر لە سەرەتاوە دژ بە خودموختاری کوردستان رادەوەستیٚ.**

**کێشتگەر: ئەی چۆن دەتوانن هێزگەلێك کە دژ بە کۆماری ئیسلامی و لایەنگری دێموکراسین لە بەرەیەك دا کۆ بکنەوە چۆن دەتوانن دوو بۆچوونی ئازادیخواز کە یەکیان لایەنگری خودموختاری و ئەوی تریان دژایەتی دەکا لێك**

**نزیك و كۆ بكنەوە. چونكی ئەگەر وەها یەكگرتووی‌یەك ساز نەبێ ئێمە ناتوانین بەرەو پێش هەنگاو بنێین. دەبێ ڕێگایەك بدۆزینەوە كە بتوانین بە هەر شێوەیەك كە بووە بەرە و پێش بچین.**

**كاك سەعید: من بۆچوون و هەڵوێستی خۆم باس كرد. ئەویش بریتی‌یە لەوەیكە: حیزبی دێموكراتی كوردستان دەتوانێ لە بەرەیەك دا پێكهاتوو لە هێز و لایەنەكانی دیكە ـــ بێ چوونە ناو وردەكاری‌یەكان ـــ حەرەكەت بكات و ئەمەش دەكرێ. بەڵام ئەو بەرەیە لە سێ ـ چوار ئەسڵی دیار ـ نەك وشەگەلێكی قورس و ناروونی وەك ئازادی و دێموكراسی ــ دروست ببێ و ئەم ئەسڵانەش بریتین لە: دێموكراسی بۆ ئێران، كۆماری، داننان بە مافی ڕەوای نەتەوەكانی ئێران، باوەڕ هێنان بە دادپەروەری كۆمەڵایەتی و گەشەی هاوئاهنگی ئابووری ــ كۆمەڵایەتی چین و توێژە بێبەشەكانی خەڵكی ئێران كە زۆرینەی پێكهاتەی كۆمەڵگای ئێران پێك دێنن. ئەمەش هەمان پێشكەوتنخوازی‌یە.**

**كێشتگەر: من پێم وایە پێشنیاری ئێوە زیاتر بۆ دروستكردنی حیزبە نەك پێك هێنانی بەرەیەكی یەكگرتوو كە بتوانێ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە نێو بەرێ.**

**كاك سەعید: ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی دەڕوا.**

**كێشتگەر: چ پێویست دەكا كە ئەم هێزە دەبێ حەتمەن چەپ بێت؟**

**كاك سەعید: ئەگەر چەپ نەبێ ناتوانێ هاوكاری من بكات. هیچ لۆژیك (منطق)ێك لەوەدا نییە كە من بەرهەمی چەندین ساڵەی خەبات و تێكۆشانی دژواری خەڵكی كوردستان لەگەڵ كەسێك دا بەش كەم كە هەر لە ڕۆژی یەكەمەوە دژ بە ویستەكانی نەتەوەكەی من بێت و ڕەتیان بكاتەوە.**

**كێشتگەر: لەگەڵ كام هێز و لایەن دا پێوەندی دەگرن؟**

**كاك سەعید: هێشتا من ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخساوە تا لەگەڵ نوێنەری هێز و لایەنەكان چاو پێكەوتن بكەم. بە دڵنیای‌یەوە هەوڵ دەدەم چاو پێكەوتنیان**

لەگەڵ دا بکەم و ئەگەر بکرێ سەبارەت بە پێك هێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو پێکەوە قسان بکەین. ئێمە لەو بارەوە درێغی ناکەین و هەموو ئیمکاناتی خۆمان لە پێناو پێك هاتنی وەها بەرەیەك دا بە کار دێنین. ئێمە ئامادەی وتووێژین تەنانەت لەگەڵ موخالفانی خۆمان. بەڵام سەبارەت بە هاوکاری کردن مەسەلەکە جیاوازە. ئێمە نە لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان، نە لەگەڵ هێزەکانی دژ بە خودموختاری و نە لە ژێر چەتری ئاغای رەفسەنجانی دا ناتوانین کار بکەین. سەبارەت بە هێز و لایەنەکانی دیکەش ئەوە ئێمە نین کە یەکگرتوویی رەتدەکەینەوە، ئەوانن کە بە پێداگری لە سەر بۆچوونی پێشووی خۆیان و رەتکردنەوەی خەباتی چەکداری و رەتکردنەوەی خودموختاری نایانهەوێ هاوکاریمان بکەن و تەریکمان دەخەن.

کێشتگەر: نا ... ئەوان ئێوە تەریك ناخەنەوە و بە پێچەوانەوە، زۆریش هۆگری هاوکاری کردنتانن. بەڵام ئەوە ئێوەن کە زۆری توندی دەگرن.

کاك سەعید: نا ... ئەوانن. مەرجگەلێکی وەك رەتکردنەوەی هەر شێوە توند و تیژی و هەوڵدان بۆ ئەوەی قەناعەتمان پێ بێنن کە واز لە خەباتی چەکداری بێنین و خۆمان بە دەستەوە بدەین ــ هەڵبەت ئێمەش دژ بە توند و تیژین بەڵام ناچارین بۆ دیفاع لە خۆمان رەچاوی بکەین و ئەمانە تاکتیکن ــ ناکرێ وەك مەرجی هاوکاری قبوڵیان بکەین. یان هێنانە گوڕی گەلاڵەی "ئیالاتی ــ ویلایەتی" کە لە بنەرەت دا مەعلووم نییە چی یە و ئەگەریش هەبێ جیا لە دابەزاندن و چووککردنەوەی کێشەی کوردستان بە کێشەیەکی وەك (کاروباری شار)ی ئیسفەهان و شیراز شتێکی دیکە نییە.

بە واتایەك ئەمە هەمان وەلانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یان پێوەندی گرتن لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان کە ئەوە پاڕلمانی دامەزرێنەران (موء سسان)ە کە سەبارەت بە چارەنووسی ئێران بڕیار دەدات. هەڵبەت ئەگەر رۆژێك خەڵکی ئێران دەنگ بە سەڵتەنەتخوازەکان بدەن ــ کە شتی وا نابێ و تا ئێستاش

چەندین جار ئەمەیان سەلماندوە ــ من دژایەتی دەکەم. بەڵام بە شێوەی چەکداری خەباتیان بە دژ ناکەم.

ئەمانە زنجیرە هۆکارێکن کە ناهێڵن وتووێژی چەندین ساڵەی ئێمە ئاکامێکی دڵخوازی لێ بکەوێتەوە.

کێشتگەر: سپاستان دەکەم.

"فیدایی" ـ پووشپەری ١٣٧١ی هەتاوی

شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی

شەرەفکەندی، سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی

# کاك سەعید
# سیمای تێکۆشەرێکی نەتەوەیی و چەپێکی دێموکرات

---

**پوختەی قسەکانی کاك سمایل بازیار**

**لە کۆبوونەوەیەکدا بە بۆنەی چاردەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری میکۆنووس**

تیکوشانی سیاسی ئاشکرای کاك سەعید لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هاوکاتە لەگەڵ ئەو دەورانەی کە چەپی کلاسیك لە باری نەزەری و تیۆریەوە باڵی بە سەر فەزای فکریی ئێران دا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کێشابوو. تێکوشەرانی نەسلی شۆڕشی ٥٧ کە لە سێبەری قورسی ئەو فەزایەدا فەعالییەتی سیاسییان هەبووە لە یادیان ماوە کە هەموو ئەو چەمك و مەفهوولانەی کە ئەو کات تەوەری باسەکانی نێو جووڵانەوە بوون وەك: مەسەلەی نەتەوایەتی، سوسیالیزم، عەداڵەتی کومەڵایەتی، دێموکراسی و ئازادیو ....، چۆن کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ئەو روانگە و بۆچوونە. بەڵام کاك سەعید هەم وەك رووناکبیرێکی کورد و هەم وەك یەکێك لە دارێژەرانی ئەسڵی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سەربەخۆ لەو فەزایە بیری دەکردەوەو خاوەنی دیدگاو هەڵوێستی خۆی بوو.

تیشك خستنە سەر روانگە و هوڵوێستەکانی کاك سەعید لەمەڕ ئەو چەمك و مەفهوومانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن دەتوانێ بەڵگەیەکی باش بێ بۆ سەلماندن و ئیسپاتی ئەو ئیددیعایە و هەروەها تەرسیمی چوارچێوەی فکریی ناوبراو. کاك سەعید لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی وەك کێشەی بنەرەتیی کومەڵگای کوردستان و تەبعەن وەك رێبازی ئەسڵیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، نەخشی بەرچاوو دیاری لە بردنە پێش و جێگیر کردنی ئەو رێبازەدا هەبوو. ئەو رۆڵ و دەورەی کاك سەعید بەتایبەتی لە دوو قۆناغی زەمانیدا بەرامبەر بە هەڵوێستی دوو "طیف"ی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەك بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی و داخوازەکانی گەلی کورد بە باشی دەردەکەوت. واتە لەگەڵ چەپی سوننەتی لە سەر ئیسپات و سەلماندنی مەسەلەی نەتەوایەتی وەك کێشەی بنەرەتیی کومەڵگای کوردستان و لەگەڵ راستی لیبراڵ لەسەر دیفاع لە داخوازە رەواکانی گەلی کورد. ئەو نە لەگەڵ کەمرەنگ کردنەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی بە بیانووی "عمده" بوونی

کێشەکانی تری کومەڵگای کوردستان بوو و نە لە ژێر فشار و شانتاژی "مصلحت عمومی"ی کومەڵگای ئێران دا چاوپۆشی لە داخوازە رەواکانی گەلی کورد کرد. قۆناغی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی سەردەمی شۆڕش و نیوەی یەکەمی دەیەی شێست، ئەوکات مەسەلەی نەتەوایەتی لە لایەن "طیف"ی چەپی کلاسیکەوە کەوتبووە بەر پەلامار و نیشتمانپەروەری و کورد بوون لەگەڵ دواکەوتوویی و "ارتجاع" بەرامبەر دادەنرا. خەتی ١و٢ی چەپی کلاسیك بە لێکدانەوەی خۆیان "تضاد خلق و امپریالیسم"یان بە تەزاددی سەرەکیی کۆمەڵگای کوردستان دادەنا و بە پێی ئەو تێوریە دەبوایە مەسەلەی نەتەوایەتی فیدای خەباتی بەناو دژی ئیمپریالیستیی رێژیم بکرێ.

خەتی ٣ی چەپی کلاسیك بە لێکدانەوەی خۆیان "تضاد کار و سرمایە"یان بە تەزاددی سەرەکیی کومەڵگای کوردستان دادەنا و بە پیێ ئەم تێوریە دەبوایە خەباتی چینایەتی وەپێش خەباتی نەتەوایەتی کەوتبا و مەسەلەی نەتەوایەتی لە کاناڵی خەباتی چینایەتیەوە تێپەڕیبا. بەم جۆرە چەپی کلاسیك بە کەمرەنگ کردنەوەو خستنە پەراوێزی مەسەلەی نەتەوایەتی لە پێش هەموو شتێك دا فەلسەفەی بوونی حیزبی دێموکراتیان دەخستە ژێر پرسیار. لەو قۆناغە ناسکەدا و لەوەها فەزایەك دابوو کە کاك سەعید وەك بەرپرسی دەزگای تەبلیغاتیی حیزب بە نووسین و بڵاوکردنەوەی دەیان وتار و بابەتی عیلمی و کۆمەڵناسانە لەسەر نێوەرۆکی واقعیی ریژیم و کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی کوردستان، تەزاددەکانی کۆمەڵگای کوردستان، پێگەی چینایەتیی حیزب و مەسەلەی نەتەوایەتی، لە رێگای رۆژنامە و رادیۆی دەنگی کوردستانەوە لەلایەك دیفاعێکی مەنتقی و قورس و قایمی لە رێبازی حیزبی دێموکرات کرد و لە راستیدا هەڵوێستی حیزبی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی وەك کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگای کوردستان تیۆریزە کرد و لە لایەکی دیکەوە لەو رێگایەوە یارمەتییەکی گەورەی بە پتر ئاشنا بوونی رۆڵەکانی

گەلی کورد بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کرد. هەروەك یە کردەوەش دیتمان رەوتی رووداوەکان، دروست بوونی روانگە و بۆچوونەکانی کاك سەعیدی دەرخست. چونکە کاك سەعید روانگە و بۆچوونەکانی لە واقعییەتی عەینی و تەجرەبە کراوی کۆمەڵی کوردستان هەڵێنجابوو نەك لە لاپەرەی کتێبەکان دا. خەتی١و٢ بۆ هەمیشە ماڵاوایی یان لە مەیدانی سیاسیی کوردستان کرد و بەشێك لە خەتی ٣ش هەمان چارەنووسی تووش هات و بەشەکەیتری زیانێکی قەرەبوونەکراوی بە خۆی گەیاند. قۆناخە زەمانییەکانی دیکە دەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی دەیەی شێست و سەرەتای دەیەی حەفتا، ئەوکات کە مەسەلەی نەتەوایەتی و هەستی ناسیونالیستی پەرەی ئەستاندبوو و زۆر وڵاتی تازە هاتبوونە سەر نەخشەی جوغرافیا. ئەو دۆخە نویّ یە ئەگەر لە لایەك تین و گورێکی وەبەر هەستی نەتەوایەتیی گەلانی ژێر دەستە نابوو، لە لایەکی تر ترس و نیگەرانیی لە دڵی نەتەوەکانی باڵادەست و فەرمانرەواش هاویشتبوو، کە یەك لەوان نەتەوەی فرمانرەوای "فارس" بوو. هەربۆیە کاتێك کاك سەعید لە سەفەری بێ گەرانەوەی خۆی دا لە بەهاری ساڵی ٧١ گەیشتە دەرەوەی وڵات و ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پارلمانی کورد لە کوردستانی عێراق، شووینیزمی فارس ئەوجار رووی دزێوی خۆی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی رێژیم دا دەرخست. بەرەی راست لە سەلتەنەت تەڵەبەکانەوە بگرە هەتا میللی یەکان و هێندێك عونسوری وەك عەلی کشتگر ـ ئینترناسیونالیستی دوێنێ ـ لە چەند وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ کاك سەعید و پاشان بە نووسینی دەیان وتار و بابەت و روونکردنەوە سەبارەت بەو وتووێژانە لە "کیهان سلطنت طلبان"و" ماهنامە جمهوری خواهان"و "نیمروز..."دا نییەتی واقعیی خۆیان بەرامبەر بە ویست و داخوازەکانی گەلی کورد نیشان دا. ئەگەر رێژیمی پێشوو لە ژێر ناوی "حاکمیت ملی و تمامیت ارضی"دا داخوازە دێموکراتییەکانی گەلی کوردی سەرکوت دەکرد، ئەوجار بەرەی راستی ئۆپۆزیسیۆن بە لێدانی سازێکی

تــازە موخالەفــەتی خــۆی لەگــەڵ ئــەو داخوازانــە دەردەبــڕی: "ئەســپاردنی چارەنووســی سیاســیی کوردســتان بــە مەجلیســی دامەزرێنــەران ـ مــوعسسان ـ و رێفرانــدۆمی قــانوونی ئەساســی". قبــووڵ کردنــی چارەنووســێکی هاوبــەش و یەکسانی ئەقوامی ئێرانی لە داهاتوودا بە هۆی رابردووی مێژوویی هاوبەشی ئەو ئەقوامــە و "داواکــردن بــۆ چــوونە ژێــر پەرچــەمی بەرەیــەك کــە بەشــێك لــە هێزەکــانی، باوەڕیــان بــە دیــاری کردنــی مــافی چــارە نــووس نیــە بــەڵام بــەدوای دێموکراسی و ئازادیدا عەودالّن".

ئەمانە پوختە و کاکڵی ئەو هەوا تازەیە بوون کە بەرەی راست بۆ وەپشت گوێخستنی داواکانی گەلی کورد ، تێیان هەڵکرد بوو.

بــەڵام کــاك ســەعید بــە پشــت ئەســتوور بــوون بــە حقانیــەت و رەوا بــوونی داخوازەکانی گەلی کورد و بــەو زانیــاری و مەعلووماتــەی کــە لــە ســەر تەجرەبــەی شکڵە جۆراوجۆرەکانی چارەســەری مەســەلەی نەتەوایــەتی لــە وڵاتانــدا هــەیبوو و هەروەها بە حزووری زەینێکی تایبــەت بــە خــۆی دیفــاعێکی راشکاوانە و روون و "مســتدل"ی لــە مــاف و داخوازەکــانی گــەلی کــورد کــرد. لــە پێوەنــدی لــە گــەڵ ئەســپاردنی چارەنووســی سیاســیی کوردســتان بــە مەجلیســی دامەزرێنــەران ـــ موسسان ـ و رێفراندۆمی قانوونی ئەساسی دا ، کاك سەعید دەڵێ: " ئــەوە کــە وڵاتێك سیستەمێکی فیــدراڵی، پاشایەتی، کۆمــاری یــان هــەر سیســتەمێکی دیکــەی هەبێ، سنووری دەسەڵاتی حکوومــەتی ناوەنــدی چیە و سنووری دەســەڵاتی هــەر کــام لــە ناوچــە خودموختارەکــان تــا کوێیــە، روونــە. ئەمــە مەســەلەیەك نیــە کــە ئێران ئیختراعی کردبێ. لە جیهاندا نموونــەی جۆراوجــۆر هــەن، کــەوابوو دەکــرێ بڵێین لە چ مەسەلەیەکدا دەبێ پەنا بەرینە بەر دەنگی هــەموو خــەڵکی ئێــران و لە چ مەسەلەیەك دا تەنیا دەنگی ناوچە خودموختارەکان وەبەر چاو بگیرێ. بۆ وێنە لە بارەی سیستەمی حکوومەتیی ئێرانەوە کە کۆماری بێ یــان نــا، پێویســتە دەنگی خەڵکی ئێرانی لە سەر بێ. ئیسپانیا بۆ خودموختاری و نموونەی ئەڵمان ،

ئەمریکا و سوئیس بۆ فیدراڵی نیشان دەدەن کە کام مەسەلە گشتی و سەرانسەری یە و کامیان تەنیا پێوەندیی بە خەڵکی ناوچەیەکەوە هەیە. بە تایبەتی ئێمە لە بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا ئەوەمان پێشتر دیاری کردووە کە کام مەسەلە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دایە و کام مەسەلەش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەتیخودموختاردا.

مەسەلەیەك کە پێوەندیی بە خودی کوردستانەوە هەیە وەك خودموختاریی کوردستان ، دەبێ پێشتر بیروڕای خەڵکی کوردستانی بۆ وەربگیرێ و ئەو بیروڕایە لە قانوونی گشتیی وڵاتدا بێتە گۆڕێ. واتە بەر لە هەر شتێك پێوانە بۆ ئەمە، خەڵکی کوردستان بۆخۆیانن.لەو پێوەندییەدا تەنانەت ئەگەر ئەو بیروڕایە لە ڕێفراندۆمێکی گشتیدا ڕەت کرایەوە، ڕوون دەبێتەوە کە ئەو بیروڕا گشتی یە موخالیفی بیروڕای خەڵکی کوردستانە. هیچ کام لە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران نابێ خۆیان بە وەکیلی خەڵکی کوردستان بزانن. مافی بیروڕا دەربڕین لەو پێوەندی یەدا تەنیا پێوەندیی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە. ئەگەر وای لێبێ ناوچەکانی دیکەی وەك فارس، ئیسفەهان، شیراز و تاران ... لە بارەی خودموختاریی خەڵکی کوردستانەوە دەبێ بیروڕای خۆیان بڵێن. بەو هۆیەوە کە ئەوان هەست بەو مەسەلەیە ناکەن، و لە باشترین حاڵەتدا بۆیان گرینگ نیەو زۆریش وێ دەچێ موخالیفی بن".

هەروەها کاك سەعید لە وەڵامی ئەو بووچوونەدا کە دەبێ ئەقوامی ئێرانی بە هۆی ڕابردووی مێژوویی هاوبەشەوە، بیانەوێ و نەیانەوێ لە داهاتووشدا دەبێ چارەنووسێکی هاوبەش قبووڵ بکەن، دەڵێ: "ئەگەر لە باری مێژوویی و تیۆرییەوە بڕوانینە مەسەلەکە، دەبێ بڵێین کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکیەتیی نەتەوەی جۆراوجۆر پێك هاتوە. بەڵام هیچ شتێك تا سەر نیە. چ هۆیەك هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیابن، ئێستا ناتوانن پێکەوە بژین . مەسەلەکە پێوەندیی بە هەلومەرجی ئەمڕۆوە هەیە.

ئەگــــەر جیهــــان لــــە ئاڵوگۆڕدایــــە ، سروشــــتی یــــە كــــە دۆســــتایەتییەكان، هاوپەیمانەتی‌یەكان، پێكەوە ژیان و بیرو بۆچوونەكان هـەموویان ئاڵوگۆڕیـان بـە سـەردا دێ. جگـە لەمـەش هـیچ راسـتی یـەكی مێـژوویی ئـەوە ناسەلـمێنی كـە نەتەوەكانی ئێران هەمیشە پێكەوە ژیاون. ئازەربایجان ، ئەفغانستان، تاجیكستان هەموویان جیا بوونەوە و دنیاش نەرووخا. بۆچی ئێستا جیابوونەوە نابێ. داخوا هەر لەبـەر ئـەوە كـە ئـەم جیـا بوونەوانـە بـە زۆرە ملی بـوون؟ واتـە دەبـێ ئـەو ئیستدلالە قبووڵ بكەین كە هەرچی بە زۆرەملی بێ جێگەی پەسەندە، نـا وانیـە. پێكەوە ژیان تەنیا لە رێگەی لە یەكتر تێگەیشتنەوەیە و هیچ پێشینەیەكی سەد یان هەزار ساڵە ناتوانێ پاساوی بۆ بێنێتەوە. ئەمە وەك ئەوە وایە كە بە منـداڵی بنەماڵەیەك بگوترێ كە چونكە لە تەمـەنی ١٨ سـاڵی دا لـە مـاڵی جیـا نەبۆتـەوە، ئێستا لە تەمەنی ٢٥ سـاڵی دا ئیـدی مـافی جیـا بوونـەوەی نیـە. ئەمـە نـەبوو بـە ئیستدلال".

سەرەنجام كاك سەعید بە هیچ جۆر ناچێتە ژێر باری ئەو فشار و شـانتاژانەی كـە دەیانـەوێ حیزبـی دێمـۆكرات لـە بەرەیەكـدا بەشـداری بكـا كـە بەشـێك لـە هێزەكانی پێكهێنەری بۆ ئـازادی و دێموكراسـی هـەوڵ دەدەن، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا باوەریان بە مافی دیاری كردنی چارەنووسی گـەلانی ئێـران نیـە. هـەر بۆیـە كـاك سەعید ئاوێكی پاكیان بە دەستی‌دا دەكا و تێیان دەگەیەنێ كـە خـەیاڵیان خـاوە و دەڵێ: وشەكانی ئازادی و دێموكراسی زۆر لێڵ و ناروونن. حەمە رەزا شـاش باسـی ئـازادیی دەكـرد. بـۆ ئێسـتا رێـژیمی كۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران باسـی ئـازادی و دێموكراسـی بـە شـێوەی خـۆی ناكـا؟ تـەنیا ئیـددیعای دێموكراسـی مەسـەلەیەك چارەسەر ناكا. مەسـەلەكە نێـوەرۆكی ئـەو ئـازادی و دێموكراسـی یەیـە. بـۆ وێنـە نــاكرێ بــە كەســێك كــە حاشــا لــە مــافی نەتەوایــەتیی خــەڵكی كوردســتان و نەتەوەكانی دیكە دەكا بگوترێ دێمـوكرات. كـەوابوو هۆیـەك بـۆ هاوكـاری لەگـەڵ

ئەو جۆرە هێزانەمان پێ شك نایە. بۆ ئێمە سەرنجدان بە چارەسەری عادڵانەی مەسەلەی نەتەوایەتی مەرجی سەرەکیی بەشداری لە بەرەیەکدایە".

کاك سەعید لەگەڵ ئەوەی تێکۆشەرێکی سادقی نەتەوەیی بوو لە هەمانکاتدا رێبوارێکی شێلگیری رێگای دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییش بوو. ئەو مەسەلەی فەقیری و بێبەشی و دەست وێرانەگەیشتنی چین و توێژە هەژار و کەم داهاتەکانی بە ئیمکانات و نیعمەتەکانی ماددیی ژیان و نەبوونی فورسەتێکی بەرامبەر بۆ ئیستیعدادەکان ئەوەندە بە لاوە گرینگ و پڕ بایەخ بوو کە لە راپۆرتی کۆنگرەی نۆهەمدا بەم جۆرە باسی لێ دەکا:" ئەمڕۆ گرینگترین و لە هەمانکات دا پڕ داخ و دەردترین مەسەلە لە جیهاندا مەسەلەی نەبوونی هیچ پار سەنگێك لە نێوان دابەش بوونی هەژاری و دەوڵەمەندی دایە، لە حالێکدا بەشێکی کەم لە خەڵکی دونیا خاوەنی زۆربەی سەروەت و سامانی گشتیی جیهانن و بەشێکی هەرە زۆر لە رووتی و هەژاری یەکی یەکجار دڵتەزێندا دەژین. ئەو جیاوازییە کە ئەمرۆ بە جیاوازیی شیمال و جنووب ناوی دەرکردوە ( شیمال بۆ وڵاتانی تێر و جنووب بۆ وڵاتانی برسی) سەرەڕای ئەو هەموو قسەوباسەی لە سەری دەکرێ ساڵ بە ساڵ پتر دەبێ". هەربۆیە کاك سەعید لە رەوتی دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا سوسیالیزمی هەڵبژارد.

کاك سەعید لەگەڵ ئەوەی کە ئینسانێکی سوسیالیست بوو لە بەرەی چەپدا جێی دەگرت، بەڵام ئەو کاتەی کە چەپی کلاسیك "ستالینی" رمێنی هەبوو و ستایشی یەکیەتیی سۆڤیەت باو بوو، سوسیالیزمی مەوجوودی وەك شتێکی بێ کەموکووڕی چاو لێ نەدەکرد و پێی وانەبوو تەجرەبەی بینای سوسیالیزم لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دا دەبێ ببێ بە ئۆلگوو و سەرمەشق بۆ وڵاتانی تر و بە تایبەتی سوسیالیزمی وەك مەزهەب و ئایین کە شتێکی نەگۆڕن چاو لێ نەدەکرد. بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: "دەبێ ئەو ئەسڵە قبووڵ بکەین کە رەنگە مارکس و پاشان ئینگلس و لێنین و کەسانی دیکەش لە سەردەمێکدا بە

سەرنجدان بە هەلومەرجی تایبەتی و کات و سەردەمی خۆیان شتێکیان گوتبێ کە لەگەڵ ئەمڕۆ نەگونجێ . بێگومان ئیستدلالەکانی لێنین لە بارەی کۆمەڵگای ئەو کاتی رووسیەدا کە شۆرشی ئۆکتۆبری بە ئاکام گەیاند لە گەڵ کۆمەڵگای ئەورۆی رووسیە و لەوەش زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگای ئێران و هەموو جیهان جیاوازە".

خاڵێکی گرینگی دیکەی روانگەی کاك سەعید سەبارەت بە سوسیالیزم ، پێوەندیی سوسیالیزم و دێموکراسییە، واتە تێکەڵ کردنی ئەم دووە پێکەوەیە. کاك سەعید باوەرێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو و لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە سوسیالیزم نابێ بە بیانووی هەموو ستێك بۆ کۆمەڵ دێموکراسی بەربەست و مەحدوود بکا و بەرژەوەندیی تاك پێشێڵ بکا. بەڵکوو دەبێ لە کۆمەڵگای سوسیالیستیدا بە هۆی دابین کردنی دێموکراسی یەوە فەزایەك پێك بێنی کە هەر کەسێك هەست بەوە بکا کە لە بەرەو پێش بردنی وڵاتەکەی دا بەشداریی هەیە و دەتوانێ لە سەر چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی بیروڕای خۆی دەربڕێ، بێ ئەوەی هەست بە دلەڕاوکێ و نیگەرانی بکا. لەم بارەیەوە کاك سەعید دەڵێ: "ئەمڕۆ بە کردەوە سەلمێندراوە کە سەرنجدان بە ئەفراد لە کار و ژیانی رۆژانەدا و لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان دا ئەسڵێکە کە لەگەڵ سروشتی ئینسانی سازگارە و هەرشتێکی دیکەی بە پێچەوانەی ئەوە چ بە ناوی دیکتاتۆریی سادە و یان دیکتاتۆریی پرۆلتاریا یان لە ژێر هەر ناوێکی دیکەدا بێ ، بە پێچەوانەی کەسایەتیی ئینسانی یە و رێگای پێشکەوتن و داهێنان بەربەست دەکا". هەر بۆیەش کاتێك دکتور قاسملوو "سوسیالیزمی دێموکراتیك"ی لە نێو حیزبدا هێنایە گۆرێ ، لایەنگری و تێکۆشانی کاك سەعید بۆ سەرکەوتنی ئەو فکر و ئەندیشەیە یەکێك لە هۆیەکانی چەسپاندنی ئەو رێبازە لە نێو حیزبدا بوو.

مەسەلەیەکی دیکە کە پێویستە باسی لێ بکرێ هەڵوێستی کاك سەعید لەمەڕ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سوسیالیزمی مەوجوود بوو. کاتێك ئوردووگای

سوسیالیستی هەرەسی هێنا هەندێك لەو کەسانەی کە تا ئـەو کـات لایـەنگری بـێ ئەملا و ئەولای یەکیەتیی سۆڤیەتی و وڵاتـانی دیکـەی سوسیالیسـتی بـوون وەهـا تووشی سەر لێشێواوی و ناهۆمێدی بوون کە تەنانەت بە لای راستدا وەرسووران. بەڵام لە راستیدا ئەوە شکەستی نـەوعێك لـە سوسـیالیزم بـوو و بێجگـە لـەوەش شکست لە رێگەی ئامـانجێکی گـەورە، قـەت بـە مانـای چـوونە ژێـر پرسـیاری ئـەو ئامانجە نیە. کاك سەعید پیێ وابوو دەبێ لایەنگرانی سوسیالیزمی مەوجوود بـە هۆیـەکانی ئـەو شکسـتەدا بچـنەوە و لـەو ئەزموونـە گەورەیـە دەرس وەربگـرن و لەگەڵ رابردوو سنوورێك دابنێن. کاك سەعید ئەو رووداوە گەورەیەی بـە نوقتـە گۆڕانێك دادەنا بۆ ئەوەی رەوتێکی چـەپی سـەربەخۆ ، داهێنـەر و نوێخـواز پێـك بـێ و بـە پێچـەوانەی چـەپی پێشـوو ( سـتالینی ) کـە لـە "حافظـە"ی مێـژوویی خەڵکی ئێراندا بیرەوەرییەکی تـاڵ و مـەنفیی بـە جـێ هێشـتوە بتـوانێ متمانـەی خەڵك وەدەست بێنێ و شوێنی شیاوی خۆی پەیدا بکا.

هەر بۆیە کاك سەعید لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا سەبارەت بەو ئالوگۆرانەی کە دوای هەرەس هێنانی سوسیالیزمی مەوجوود بە سـەر چـەپدا هـاتوە و داهـاتووی ئەو رەوتە، دەڵێ:" ئەو ئاڵوگۆر و باسانەی کە لە جووڵانـەوەی چـەپی ئـەمڕۆ بـە تایبەت لە نێو رێکخراوەکانی ئێراندا لە ئـارا دایـە بێشـك جێگـای سـەرنجی وردی حیزبی دێموکراتن، بۆیە بە دیقەت و تێبینیەوە وەدوایـان دەکـەوێ و هـەوڵ دەدا کە تێیاندا بەشدار بێ. ئەو روانگە تازەیەی چەپ لە گەڵ ئەو رێبازە کە لە سـاڵی ١٣٦٢ لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا بە رەسمی پەسەند کـرا یـەك دەگرێتـەوە کـە هەمان سوسیالیزمی دێموکراتیکە. ئاشکرایە حیزب لایەنگری ئەو شـتەیە کـە بـە نێوی رەوتی نوێخوازی لە نێو چەپی ئێراندا ناوی دەرکردوە. ئێمـە سـەبارەت بـە داهاتووی ئەو چەپە گەش بینین و وەك شتێکی موسبەتی دەبینین. چەپی ئێران بە رای ئێمە کە تا ئێستا جێگای ناهومێدی بووە ، وادیارە دەتوانی ببێتـە جێگـای هومێد".

شەرەفکەندی سیمای



# پەیامی دوکتور شەرەفکەندی
# بۆ خەڵکی کوردستان
# دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو

**هاونیشتمانانی بە شەڕەف !**

**خەڵکی دڵسۆز و ئەمەگناسی کوردستان !**

**بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن بەرێوبەرایەتی و ئەنداامان و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبەوە سوپاسی گەرمی ئەو هاودەردی و هاو دڵیەتیان بکەم کە بەبۆنەی شەهید بوونی رێبەری خۆشەویستی حیزبەکەمان دوکتور قاسملووی نەمر خوێ نواندو،بەشێوەیەکی بەربڵاو و بێ وێنە هەروا خۆی دەنوێنێ.**

**ئاشکرایەکە ئەو هاودەردیە بێ خەوشە، ئەو هەستە پاکە نیشانەی ئەمەگناسی یەکە کە لە بیروباوەڕوە سەرچاوە دەگرێ .بیرو باوەر بە رێبازێکە بە رێبازی خەباتگێرانەو لە عەینی کاتدا ئووسولی و سەربەخۆی حیزب و، بیرو باوەر بەو ئامانجانە کە رێبەری هەڵکەوتوومان لە پێناوی وەدی هاتنان دا سەری داناو گیانی بەخت کرد .ئەم هاودەردی یە نیشاندەری ئەوەیە کە ئێوە خەڵکی تینووی ئازادی و دێموکراسی داخوازیەکانی حیزبی دێموکرات بە داخوازی خۆتان دەزانن و ، خەباتگێرانی حیزبی دێموکرات وەك رۆڵەی بە حەق و خۆشەویستی خۆتان چاو لێدەکەن .**

**ئەمە،دیارە هەر لەو کاتەدا کە بۆ ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی ،جێگای فەخرو شانازی یەکی گەورەیە و ئەرکێکێکی زۆر قورسیش دەخاتەسەرشانمان :ئەرکی درێژەدانی سادقانەو لێبراوانەی رێگای شەهیدان و ،ئەرکی هەوڵدانێکی بێ وچان بۆ ئەوەی هەر وا جێگەی بیرو بڕواو خۆشەویستی بمێنینەوە .**

**هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم لەم هەلومەرجە ناسك ومێژوویی یەدا جارێکی دیکە ئێوە خەڵکی بە شەڕف و ئازادیخوازی سەرانسەری ئێران بەگشتی و، کوردستان بە تایبەتی،دڵنیا بکەم کە ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، حیزبی شەهیدان، ئەم ئەرکە گرانە کە کەوتووتە سەر شانمان زۆر باش هەست**

پێ دەکەین، زۆر بە ئاگاهی‌یەوە بڕیاری یەکجاری مان داوە کە هەموو هێز و توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، یانی ڕێگای خەباتی کۆڵنەدەرانە لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی و مافەکانی ئینسانی دا بکەین؛ تا لەم ڕێگایەدا ــ کە ڕێگای سووری شەهیدانە ــ یان سەر کەوین، یان بە شانازی‌یەوە وەك شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دابنێین.

هاونیشتمانانی ئازیزی ئێرانی!

ڕێژیمی خوێن ڕێژ و خوێن خۆری ئاخووندی بە شەهید کردنی دوکتور قاسملوو دەری خست کە نایهەوێ لە نێوەرۆکی ڕەش و، لە ڕەفتارو کردەوەی دژی گەلی و دژی ئێرانی خوێ دا ئاڵوگەڕێك پێك بێنێ. چونکە مەگە دوکتور قاسملوو لە چ ڕێگایەك و بە دوای کام ئامانج دا لە داوی ئەو ڕێژیمە جەللادە کەوت و تێرور کرا؟

دوکتور قاسملوو دەیهەویست خەڵکی کوردستان بو وەرگرتنی خودموختاری لە پێش هەموو شتێك دا هەست بە شەخسیەتی ئینسانی خۆیان بکەن. گەلی کورد لە کوردستانێکی خودموختار دایە کە بە راستی و بە کردەوە دەتوانێ هەست بە برایەتی و بە یەکسانی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بکا. ئینجا بە دڵێکی گەرمەوە ئەرکی نیشتمانیی خۆی بەو جۆرەی‌کە لە سەر شانی نیشتمان پەروەرانی راستەقینە بە ئەنجام بگەیەنێ، لە ئاوادان کردنەوەی وڵاتی خۆشەویستی خۆی، ئێرانی وێران و پەرێشانی ئەمرودا نەقشێکی کاریگەر بگێڕێ.

دوکتور قاسملو ئاواتی ئەوە بوو کە چ زانایی و ئەزمون و لێوەشاوەیی خۆی وەك رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ئەم ئاو و خاکە و، چ خەباتگێریی و ماندوویی نەناسیی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە لە هەڵکەوتووترین و دڵسۆزترین رۆڵەکانی کوردستانی ئێرانن و، بە دوای ئەوان دا هەمووی هێز و توانای گەلی کورد لە ئێران لە خزمەت سەربەخۆیی سیاسی و، بەرەو پێش بردنی ئێران لە

باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و عیلمی و سەنعەتی و بوارەکانی دیکە دا بنێ.

بەڵام پەروەردەکراوانی خۆین و خەیانەت بەم جینایەتە گەورەیە نیشانیان دا کە نە لە فکری ئێران دان نە گەلی کورد لە ئێران بە ئێرانی دەزانن. ئەوان جارێکی دیکە بە روونی رایانگەیاند کە هیچ بایەخێك بە ئوسولی ئەخلاقی و ئینسانی نادەن و، چووکترین نرخ بۆ رێ و شوێنی نێونەتەوەیی و پێوەندییەکانی نێوان گەلان و دەوڵەتانی جیهان دا نانێن.

ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەرای ئەوەکە بە کردەوە چالاکترین هێزی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لە میدانی خەباتی چەکدارانە لە نێو خۆی ئێران دا بووین و هەین، ئاشتیخوازین و، ئەگەر دەستمان بۆ چەك بردووە بۆ دیفاع لە خۆمانە؛ چونکە شەڕیان بەسەردا سەپاندوین. ئێمە لە شەڕ و خۆین رێژی بێزارین، چونکە مەنای شەڕ باش دەزانین و هەر بۆیە هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە بووین کە مەسەلەی کوردستان هەتا بگوونجێ لە رێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکەین. بەڵام کۆنەپەرەستانی دوور لە ئینسانییەت و عەقڵی سەلیم، بەم کارە دڕندانەیە سەلماندیان کە بۆ چارەسەر کردنی گیر و گرفتەکانی ئەمرۆی ئێران هیچ رێگایەك بە ناوی رێگای و ئاشتیخوازانە ناناسن و لە نێوان خۆیان و خەڵکی ئێران دا تەنیا زۆر و خشونەت بە حاکم دەزانن و بەس.

بەڵێ ! رێژیمی ئاخوندی گەلانی ئێران بە ئاشکرا بۆ مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانێ لەگەڵ خۆی بانگ دەکا و، ئێستا ماوەتەوە سەر ئێمە کە گەنگێ و چۆن لە شکان نەهاتوویی هێزی یەکگرتووی خۆمانی پێ نیشان بدەین و، تامی تاڵی شکست و تێك رووخانی پێ بچێژین.

رۆڵەکانی گەلی بەوەفا و خەباتگێڕی کورد !

ئێوە هەستی نیشتمانپەروەری و ئەمەگناسی خۆتان سەبارەت بە رێبوارانی رێگای ئازادی و رزگاری زۆر باش سەلماندوە. بەڵام هەست هەرچەند زۆر گرینگە بەڵام بە تەنیا بەس نیە. هەست دەبێ شکلێکی مادی و دەستگر بە خۆیەوە بگرێ کە بتوانێ لە مەیدانی کردەوە دا بە شێوەیەکی کاریگەر خۆی بنوێنێ.

ئێمە کە لە سەرەتاوە پێمان لە رێگەی دژوارو پڕ هەوراز و نشێوێ خەبات ناوە، بڕیارمان داوە کە تا ئاخر نەفەس و ئاخر دڵۆپی خوێن درێژەدەری ئەو رێگایە بین. ئەم بڕیارەشمان دیارە بە پشتیوانی ئێوە داوە. ئێستاش بە هەموو هەست و وجودمانەوە ئەم بڕیارەتان لەگەڵ نوێی دەکەینەوە و، دڵنیان کە بە پشتیوانی ئێوە سەرەنجام سەردەکەوین. چونکە دەزانین کە هێزی یەکپارچەی گەل لە بڕان نەهاتوویە و قەت نابەزێ.

ئێمە گەلێکی مەزلۆمین و زۆرمان زوڵم لێ دەکرێ. زۆرداران بە کوشتنی دوکتور قاسملوو دەیانهەوێ بە ئێمە بڵێن کە تەنیا کاتێك مافی نەفەس کێشانمان هەیە کە ژێر دەست و ژێر چەپۆکەیان بین بەڵام لە مێژە کوتوویانە کە قبوڵی زوڵم لە خودی زوڵم خراپترە. ئەگەر بمانهەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمەر لە یەك دەرس دا کورت بکەینەوە ئەم دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ هێزی خۆمان راکێشا و، تێیگەیاندین کە ئەگەر دڵنیایی مان بە خۆمان بێ و، پشتی یەکتر بگرین خاوەنی چ توانایەکی گەورەین کە پەیکەری زۆرداران وە لەرزە دەخا و تووشی پەلە قاژەی مەرگیان دەکا.

دەبا ئەم دەرسە بە نرخانەمان لە بەر چاو بێ !

با دایکانی کوردستان رۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستی خۆیان دا بە هەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و، چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی دیکەی رێگای رزگارییان بە گوێدا بخوێنن.

با باوکانی کوردستان دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی فێری منداڵەکانیان بکەن و، تێیان بگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای هیوا و هومیدی کۆمەڵەکەیان و گەلەکەیان بن.

با لاوانی کورد ـ کوڕ و کچ ـ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێر دەستی دا و، بە سەر شۆڕی و شەرمەزاریەوە چەندە بێ قەدر و قیمەتە و، لە بەرامبەر دا هەڵمژینی هەوای پاك و بێ گەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵرفێن.

دەبا رۆڵە نەبەزەکانی کوردستان ریزەکانی حیزبی دێموکرات بە هاتنی خۆیان جوانتر لە پێشوو برازێننەوە و، بە هەڵگرتنی چەکی شەرف و سەربەرزیی، هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئێستا بە هێزترو لە شکان نەهاتووتر بکەن.

ئاشکرایە کە گەلی کورد وەجاخ کوێر نییە و خاوەنی دەیان و سەدان قاسملوو و بووە و هەیە. تایبەتمەندی قاسملوو ئەوە بوو کە لێوەشاوەیی و زانایی خۆی لە خزمەت رزگاری و ئازادی گەلەکەی دانا بوو. بۆیە ئێستا، لەم کاتەدا کە بێگومان کاتێکی زۆر گرینگ لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دایە بە هەموو هەستمەوە داوا لە لاوانی خوێن گەرم و رووناکبیری کوردستان دەکەم کە بێنە مەیدانی خەبات و جێگای بەتاڵی دوکتور قاسملوو پڕ بکەنەوە. ئەگەر دوژمنانی ئازادی ئاوا لە قاسملوویەك دەترسن دەبێ لە بەرامبەر دە قاسملوودا وەزعیان چۆن بێ؟!

ئێمە هەموومان باش دەزانین کە لەو فەزا پڕ لە زەبر و زەنگ و سەرەڕۆیی و رەشەکوژییەی ئەمڕۆی ئێران دا هیچ داهاتویەکی رون بۆ هیچ کەس بەدی ناکرێ و، هەتا سایەی ئەو دیکتاتورییە کۆنەپەرستانەیە بمێنێ ژیانێکی ئاسایی بێ دەنگ و بێ دەردەسەر بۆ کەس مومکین نییە. ئەگەریش بە رواڵەت مومکین بێ، لە سەر هەر ئینسانێکی واقیعی پێویستە ئەو ژیانە ـ هەر چەندەش درێژ ـ بە سەرەنجامەکەیەوە، لەگەڵ ژیانی کورت بەڵام پڕ لە شانازی و لە مێژوو تۆمارکراوی تێکوشەرانی مەیدانی خەبات و شەهیدانی رێگای ئازادی گەل، وەك

**دوکتور قاسملوو و عەبدوڵا قادری هەڵسەنگێنێ و بڕیاری خۆی لە بارەی رێگەی ژیانی دا بدا.**

**هاونیشتمانانی ئەویندارى ئازادی !**

**دوکتور قاسملوو لە سەرانسەری ژیانی دا، وەك مەلێکی لە هێلانە دەرکراو دڵی بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەی و تێ یدا حەسانەوە لێی دەدا. بەڵام بە داخ و کەسەرەوە ئەو نیشتمانە خۆشەویستمان لە وەزعێکی وا دا نەدیت کە پەیکەری پاکی شەهیدانی ئازیزمانی بە دڵنیای یەوە پێ بسپێرین. هەر بویە جارێ بە ئەمانەت لە جێگایەکی دوور لە کوردستان دامان ناون هەتا ئەو رۆژە دێ کە لە سایەی خەبات و تێکوشانی ئێمە دا خاکی پاکی نیشتمانە جوانەکەمان دا نەك هەر باوەشی بۆ فیداکار و بە ئەمەگەکانی خۆی، بەڵکو بۆ هەموو ئینسانێکی خەباتگێڕی شیدای ئازادی ئاوەڵە بکاتەوە.**

***بە هیوای ئەو رۆژە پیرۆزە !***

شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی

# ژیاننامەی کاک سەعید
# لە چەند دێڕێک دا

١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی دادگای بێرلین لە حوکمێکی گرینگی مێژوویی دا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە پێوەندی لەگەڵ پیلانی جێ بەجێ کراوی کوشتنی ڕێبەرانی کورد لە ئاڵمان مەحکووم کرد و تەواوەتی ڕێبەرایەتیی ئەو ڕێژیمەی وەك بەڕێوەبەرانی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ڕەدەکانی هەرە سەرەوەی دەسەڵاتدا بە تاوانبار زانی ، پێش ئەوەش هەر لە لایەن دادگای "میکونووس"ەوە حوکمی گیرانی "عەلی فەلاحیان" وەزیری دەستگای جاسووسی ڕێژیم لە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٧٤دا دەرچوبوو. وێرای ئەوەش دادگا لە دوایین بڕیاری خۆی دا ٤کەس لە تاوانبارە گیراوەکانی کە بریتی بوون لە :

کازم دارابی بە زیندانی ئەبەد، عەبباس راحل بە زیندانی ئەبەد، یوسف ئەمین بە ١١ساڵ زیندان، محەممەد عتریس بە ٥ ساڵ و سێ مانگ زیندان، مەحکووم کرد .

هەر لەو پێوەندییەدا دەوڵەتی ئاڵمان سەفیری خۆی لە ئێران بانگ کردەوە و کۆمەڵێك لە دیپلۆماتە ئێرانی یەکانی دەرکرد. دەوڵەتانی ئوستڕالیا ، کانادا و سوئێد و وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپاش ئەو قەرارەی دەوڵەتی ئاڵمانیان ڕەچاو کرد و ڕایەنگەیاند کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەو بایخ پێدانە بەدوورە کە شیاوی پێوەندی دیپلۆماتیك و دۆستایەتی یە نێودەوڵەتیەکان بێ. ئەوانە سزای تاوانێك بوون کە دەرهەق بە نەتەوەیەکی بن دەست و ڕێبەرە سیاسی یەکانیان لە حالێکدا کە وڵاتێکی ئورووپایی دێموکرات و هەر لە هەمانکاتیش دا میوانی کۆنگرەی ١٧ی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست بوون ، ئەنجام درابوون.

★★★

تێکۆشەری مەزن هاوڕێ دکتور "سادق شەرەفکەندی" سکرتێری کشتیی حیزبە دێموکراتی کوردستان و خەباتگێڕی بەناوبانگی نەتەوەی کود ، ڕۆژی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١١ی ژانوییەی ١٩٣٨ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر دا لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایك بوو. لە تەمەنی منداڵی دا

باوکی لە دەست دا و سەرپەرەستی یەکەی کەوتە سەرشانی براگەورەکەی ، شاعیر و نیشتمانپەروەری گەورەی کوردستان، خوالێخۆشبوو مامۆستا"هەژا"ی نەمر. سەردەمی منالّی نەمر "محەممەد سادق شەرەفکەندی "هاوکات بوو لەگەلّ پەرە ئەستاندنی خەباتی رزگاری خوازانەی خەلّکی رۆژهەلّاتی کوردستان و دامەزرانی کۆماری کوردستان . رێنوێنی و ئامۆژگاریەکانی برا زانا و خەباتگێرەکەی و زۆر دیمەن لە خەباتی مێژوویی ئەو کات لە بیر و زەینی دا نەخشی بەست.

پۆلی یەك و دووی سەرەتایی لە شاری بۆکان و پاشان کە بنەمالّەکەی لە مەهاباد گیرساوە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە و سالّی ئاخری دەبیرستانی لە تەورێز تەواو کرد . شایانی باسە کە لە هەموو پلەکانی خوێندن دا قوتابی و خوێندکارێکی زیرەك و وریا بوو، یا خاوەنی پلەی یەکەم و یا یەکێك لە باشترین قوتابیان و خوێندکاران بوو.

سالّی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٩٥ی زایینی) لە "دانشسرای عالی"ی تاران لیسانسی شیمی وەرگرت. هەر لەو سالّەدا ببوو بە مامۆستای دەرسی شیمی و هەتا سالّی ١٣٤٤ی هەتاوی(١٩٦٥ی زایینی) لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتی یەوە خەریك بووە. لەو ماوەیەدا وەك مامۆستایەکی شارەزا ناوی دەرکرد و بۆ پێگەیاندنی قوتابیانی کوردستان زەحمەتێکی زۆر و بەرچاوی کێشا بە جۆرێك کە ئەو قوتابیانەی کە ئەو دەرسی پێ دەگوتن و لە زانستگاکان قبوولّ دەبوون ، سالّ بە سالّ زیاتر دەبوون. سەرەنجام "ساواك" (دەزگای جاسووسی حەمە رەزا شا) ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ رەوا نەدی و لەگەلّ ژمارەیەك مامۆستای دیکە ی هابیر و هاوکاری بۆ شارەکانی "ئەراك" و "کەرەج" و چەند شاری دیکەی دوور خستنەوە. هاورێی تێکۆشەر "محەممەد سادق شەرەفکەندی"سالّی ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بۆ زانستگای "تربیت معلم" نەقلّ کرا و وەك ئاسیستانی بەشی شیمی کاری پێ ئەسپێردرا. پاش نیشان دانی لێوەشاوەیەکی تەواو لەو ئەرکەدا، سالّی ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧ی زایینی) بە کەلّك

وەرگرتن لە بوورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەڕانسە و پاش چوار ساڵ مانەوە لەو وڵاتە توانی دکتورای شیمیی ئانالتیك (شیمی تەجزیە) لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس وەرگرێ.

دکتور"سادق شەرەفکەندی" ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی (١٩٧٦ی زایینی) گەڕایەوە تاران و وەك"ئوستادیار"ی شیمی لە زانستگای"تەربییەت مۆعەلیم"درێژەی بە کاری مامۆستایەتیی دا کە لە بەجێ هێنانی ئەو ئەرکەشدا بە تەواوی سەرکەوتوو بوو. هەر بۆیە بوو بە خۆشەویستی مامۆستایان و خوێندکارانی ئەو زانستگایە و وەك مامۆستایەکی دڵسۆز و لە هەمانکاتیش دا خەباتگێر ناوی دەرکرد.

تێکۆشەر "محەممەد سادق شەرەفکەندی" ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی ( ١٩٧٣ی زایینی) کاتێك لە پاریس دەورەی دکتورای دەدیت ، لە رێگای مامۆستای مەزن دکتور"عبدالرحمن قاسملوو"ی رێبەرمانەوە لەگەڵ بەرنامە و پێرەوی نێو خۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بوو و داوای ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بوو بە رابیتی نێوان دوکتور قاسملوو و ئەندامانی کۆنی رێبەرایەتیی حیزب و لەو پێوەندیەدا زەحمەتێکی زۆری کێشا و زۆر جاریش گیانی خۆی خستە مەترسی یەوە. دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی و دەست پێ کردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) بوو بە موشاویری کۆمیتەی ناوەندی و رەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (فیورییەی ١٩٨٠ی زایینی) لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێردرا کە ئەو بەرپرسایەتیەشی بە لێوەشاوەیی و کارزانیەوە بە ئەنجام گەیاند.

سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی) لە لایەن رێبەرایەتیی حیزبەوە بۆ کاری تەواو وەخت بانگ کرایەوە کوردستان و هەموو وەخت و

توانای خۆی لە خزمەت حیزب نا. لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە هاوینی ساڵی ۱۳۵۹ی هەتاوی (۱۹۸۰ی زایینی) دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەی پێنجەم ، شەشەم ، حەوتەم، هەشتەم و نۆهەمی حیزبدا هەموو جارێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆمیتەی ناوەندییش دا هەموو جارێ بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە.

دکتور "سادق شەرەفکەندی" لە ماوەی بوونی لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا زۆرتر بەرپرسایەتیی بەشی تەبلیغات (رادیۆ و ئینتشارات)ی لە سەر شان بوو و لە ساڵی ۱۳٦٥ی هەتاوی هەتا کاتی شەهید بوونی مامۆستای گەورەمان دکتور "قاسملوو"ی نەمر ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو.

هاوڕێی خۆشەویست دکتور "سادق شەرەفکەندی" لە یەکەم پلینۆمی دوای شەهید بوونی دکتور قاسملوو دا بە تێکرای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە هەتا کاتی شەهید بوونی (٢٦ی خەرمانانی ۱۳۷۱ی هەتاوی ڕێکەوت لەگەڵ ۱۷ی سێپتامبری ۱۹۹۲ی زایینی) ئەرك و بەرپرسایەتیی فورسی "سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان"ی بەڕێوە برد.

دکتور"سادق" هەر لەو کاتەوە کە هاتە ریزی ڕێبەرایەتیی حیزب یەکێك لە دارێژەرانی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو ، لە سەر پاراستنی ئوسوول و پرینسیپەکانی حیزب شێلگیر و پێ داگر بوو . ئەو کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی خۆشدەویستن، بەڵام ئەو خۆشەویستی یە هەرگیز شوێنی لە سەر هەڵسەنگاندنی واقیع بینانەی کادر و پێشمەرگەکان و کاروباری ئەوان دانەدەنا. دڵپاکی و بێ غەرەزی کاك دکتور سەعید بۆ هەموو هاوڕێیانی حیزب بە تەواوی دەرکەوتبوو هەربۆیەش ئامۆژگاریەکانی بەدڵ و بە گیانەوە وەردەگیران.

نەخشی گرینگی تەشکیلاتی لە حیزب و بزووتنەوەدا زۆر بە باشی هەست پێ کردبوو ، بەلاّم هەرگیز تەشکیلاتی لە جێی خەڵك دانەدەنا و لە دەمارگرژی و سکتاریستی بەدوور بوو ، چونکە ئەو تەشکیلاتی حیزب و خودی حیزبیشی بۆ رێبەرایەتیی کردنی خەباتی نەتەوایەتیی دەویست.

تێکۆشەر دکتور"سادق"، ئینسانێکی شوجاع، بەورە، بەئەخلاق ، راستگۆ و درووست کار و بەراستی"سادق" بوو. لە حەق و عەداڵەت پشتیوانی دەکرد و لە هەموو ئەو تایبەتمەندی یانە لە سیاسەت و کردەوەدا کەڵکی وەردەگرت. ئینسانێکی پڕ کار بوو، ماندوویی نەدەناسی ، هەموو کات و وەختی خۆی بۆ جێ بە جێ کردنی ئەرکە حیزبیەکان تەرخان کردبوو. شۆڕشگێرێکی بە تەواو مانا و دێموکراتێکی واقیعی بوو کە لە هەر کار و کردەوە و هەڵوێستێکی دا ئەو تایبەتمەندی یانە خۆیان دەنواند. بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی و مافی نەتەوەکانی ئێران هەبوو، هەربۆیە لە روانگەی ئەوەوە پێوانەی هەر حەرەکەتێکی خەباتگێرا نە لە ئێران و کوردستان دا بریتیی بوو لە تێکۆشان بۆ سەقامگیر کردنی ئازادی و دێموکراسی و مافە رەواکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ئێران. سیاسەت و تاکتیك بۆ دکتور "سادق" زاراوە و دەستەواژەی خەیاڵی و زەینی نەبوون. لە روانگەی ئەوەوە سیاسەت کردەوەی خەباتگێرانە بوو ، هەر بۆیەش بە حەق و بە کردەوە ببوو بە ئاوێنەی تایبەتمەندیی یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.


رۆڵەی هەڵکەوتوو کاك دکتور "سادق" ئینسانێکی خاکی و خەڵکی و بە "تەوازوع" بوو، بەڵام هەر ئەوەندەی لە گەڵ دۆستان و هاورێیانی دا روو خۆش و بە گوزەشت بوو، لە حاست دوژمنان و نەیارانی حیزب و میللەتدا توند و بێ لێبوردن بوو، قوورس و قایم لە بەرامبەر یاندا رادەوەستا و زەڕڕەیەك "نەرمش" و هەنگاوێك گەڕانەوەی بۆ نەبوو . خەڵکی کوردستانی بە رەگ و پێستەوە خۆش دەویست، هەر بۆیەش گیان و ژیانی بۆ خزمەت بەوان تەرخان کردبوو . ئەو لەو

سیاسەتمەدارانە نەبوو کە خەڵکیان وەك ئامرازی بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆیان دەویٚ. ئەو بۆ خۆی پێشرەوی خەباتی خەڵکی کوردستان بوو و جگە لە قازانج و بەرژەوەندی یەکانی نەتەوەی کورد هیچ قازانج و بەرژەوەندییەکی شەخسی بەلایەوە گرینگ نەبوو.

تێکۆشەر دکتور"سادق" بۆ کادر و پێشمەرگەی حیزب هەر تەنیا سکرتێری گشتیی نەبوو ، ئەو دۆست و هاواڵی هاورێیان بوو و بەرادەیەك لە گەڵیان تێکەڵاو و لیٚ یان نزیك بوو کە هەر هاورێیەك بە راشکاوی دەیتوانی پرێسکەی دڵی خۆی لە لای هەڵرێژیٚ و لە رێنوێنی یە بەکەڵکەکانی کەڵك وەربگریٚ.


دکتور "سادق" بڕوایەکی قووڵی بە هاوکاریی نەتەوەکان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران هەبو، لەو بڕوایەدا بوو کە رووخانی رێژیمی ئاخوندی بە بیٚ نیزیکی و هاوکاری و هاوپێوەندی هێزە نیشتمانپەروەر و خەباتگێرەکانی ئێران، کارێکی مومکین یان لانی کەم ئاسان نیە، هەر بۆیە لە هەر دەرفەتێك بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی وەردەگرت و بە کردەوە هەوڵی بۆ دەدا و سەرەنجام لەو ریٚ یەدا گیانی بەختی ئازادی ئێران و خودموختاری کوردستان کرد.

یاد و ناوی شەرەفکەندی مەزن هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە و خەبات و تێکۆشانی پرشنگداری لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نەتەوەی کورد و خەڵکی ئێران دا و تایبەتمەندییە شۆرشگێڕانەکانی دوای نەمانیشی رێنوێن و ئیلهامدەری تێکۆشەرانی حیزب وشۆرشگێرانی وڵاتەکەمان دەبیٚ.














قاسملوو


پیرۆزبێ کۆنگر